





کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## نامیلکەی( ژن، ژیان، ئازادی)

## بەشی: ١٦

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتووێژو هۆنراوەی نووسەران سەبارەت ڕاپەڕینی(ژن، ژیان، ئازادی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەراسەری ئێران کە پێشتر لە ماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵاتییەکان بڵاو کراونەتەوە.

کۆی نامیلکەکە ١٠٤ لاپەڕووە ٢٤ی بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

---

# پێڕست

١- ١٠٠ ڕۆژی ڕاپەڕین ........................................................... جەزا شابازی ........ ٤
٢- ئەگەر تاران ببێتە کوردستان ............................................. هەندرێن شێخ راغب ..... ٧
٣- شۆڕشی ئێران و وڕێنەکردنی سەرانی کۆماری ئیسلامی ........................................ سایتی پەیام ....... ١٠
٤- شۆڕشی ئینتێرسێکشنالی ژینا بە درووشمی ژن ژیان ئازادی ..................................... شەهلا دەباغی ..... ١٣
٥- ١٠٠ ڕۆژ پاش شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی": شرۆڤە و هەڵسەنگاندن ............................ پەرویز ڕەحیم ..... ١٦
٦- منداڵانی کار و ڕژیمی منداڵکوژی کۆماری ئیسلامی ........................................ سایتی پەیام ...... ٣١



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٧- لە سەد ڕۆژەی شۆڕشی ژینادا: دەرهاویشتە و دەسکەوتەکانی شۆڕشەکە ......................... ئارام ڕەفعەت ..... ٣٣
٨- ئەوەی کە خەڵک نیانە ژیانە .................................................. سایتی پەیام ..... ٣٧
٩- گیانلەدەستدانی ١٢١ هاووڵاتیی کورد لە درێژەی ڕاپەڕینی سەرتاسەریدا ..................... ماڵپەڕی کوردپا ..... ٣٩
١٠- پێشوازیی هەندرێن عەبدوڕەحمان، پێشکەشکاری کوردستان ٢٤ لە ساڵی نوێ زایینی(هۆنراوە) .................... ٤٢
١١- سەرەتایەکی باش بۆ کۆتایکی باشتر! .............................................. بیژەن قارەمانی ..... ٤٣
١٢- لە حاڵی سەرەمەرگ دایە! ........................................................ عەبدوڵڵا عەبدالی .... ٤٧
١٣- خەونەکەی خۆتم پیشاندە ئێران و کێشەی گۆڕانکاری لە خۆرهەڵات ......................... بەختیار عەلی ...... ٥٠
١٤- پێویستە لە نێو ئێرانیەکان دا سەنگی خەباتی خۆمان بپارێزین ......................... مستەفا شڵماشی ..... ٧٦
١٥- مەندیل فڕیدان! (حمامە پرانی) ................................................. هاشم ڕۆستەمی ...... ٧٩
١٦- ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و قۆناخی نوێ ................................................ بێبەش پیرۆتی ..... ٨٢
١٧- پەیامێکی دۆستانە بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات! .............................................. هادی سۆفی زادە ..... ٨٤
١٨- دوا لێدوانی نێد پرایس، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە تێپەڕاندنی سنوورە "قەومییەکان" ..... ٨٦
١٩- سەرکوت و زەلم وزۆری کۆماری ئیسلامیمان بەچاوی خۆ دیوە ................................ گۆران ئەمیری ....... ٨٧
٢٠- جموجۆڵ هەیە "گۆڕانکاری لە نیزام" لە ئێران ڕوو بدات .................................. ماڵپەڕی شارپرێس ...... ٨٩
٢١- دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، گوتاری ناوەندیی ئەم شۆڕشەیە ................................ سۆران شەمسی ....... ٩٣
٢٢- میوە چینەکان و شۆڕشی: ژن،ژیان،ئازادی ................................................ سایتی پەیام ....... ٩٨
٢٣- دایەنە دڵسۆزترەکان لەدایک .................................................... هەردی مەهدی ..... ١٠٠
٢٤- کاتێک شورەیی دەمانووسێتەوە .................................................... جەعفەر عەلی ..... ١٠٢






سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ١٠٠ ڕۆژی ڕاپەڕین




**جەزا شابازی**

١٠٠ ڕۆژی ڕاپەڕین ٢٤٠٠ کاتژمێر گوڵی خوێناوی و دڵی پێکیاوی تییری خوێنڕێژ و خەم و ئازاری کوشتن و مردن، چرکە بە چرکەی ئەم سەد ڕۆژە نەشتەر چەقیوەتە ناو زام و زەخمەکان. چاوەکانی پشتی مێڵەی زیندانەکان لە ڕێ، ئاخ و نالەی بریندار و ئەشکەنجە کراوەکان و ئاخ و نالەی دایک و باوکە جەرگ سووتاوەکان و خۆشک و برای چاو بە فرمێسکی چاو لە ڕێ..

گەردن و جێی بەجێ ماوی تەنافی زاڵم و جێی چۆڵی بە جێ ماوی هاوڕێ ئێعدامیەکان.وەک شەهیدی کورد لە زیندان شەوێ پێش لە سێدارە دانی ئەڵێ:

بڵێی سبەی کێ بێتە جێگەکەم و کێ بەتانی ژووری سارد و تاریکەکەی ئێرەم لە خۆوە بئاڵێنێ!؟

هەرگیز نامرن ئەوانەی کە لە دڵی میللەتا ئەژین.
ئەم ڕاپەڕینە ژیلەمۆیێکە کڵپەی بۆ جاری ئاخر هەڵئەسێ و قیامەت و حەشرە بەرپای ئەکا و درەنگ نیە و ئەیبینین..



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشێک بە دەستی خاڵی خەڵکی بوێر و ئازای ڕۆژهەڵات و دوژمنێکی تا سەر ئێسقان غەددار، خوێنخۆر و موسەللەح. شەڕێکی نابەرانبەر و سەربەرزییەکی مێژوویی بۆ گەلی قارەمان و شکست و سەرشۆڕی بۆ دوژمنی ترسنۆک و بێ ئیرادە و بێ ویژدان.

هەموو کاتەکان تاو و یاوی چی بێ و نەبێ!؟

دێوەزمەی شووم و مەینەتی، لە سەر سینگی ژیان و بەختەوەری خەڵک و کۆمەڵگای بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئازارێکی سایکۆلۆژی و دەروونییە کە بەری بە هەڵمژینی هەوا گرتوە و دەستی خستوەتە بینم و ڕاستیەکەی دڵم بە هیچ خۆش نیە..

بەڵام ئومێدی ڕۆژی ئازادی و ڕۆژی تۆڵە و ڕۆژی سەرکەوتنی گەل و نیشتمانی جوانمان و هیوا و ئومێدی ئەم ڕاپەڕینە بەهێزە، هێز و تین و گوڕ ئەداتەوە بە گیان و دڵ و ڕۆحم و ئەوویە؛ شۆلەی شەمی هیوا داییسێ و لەم شەوەزەنگ و تاریکییە نووتەک و خەست و قورسەدا بییری هەڵهاتنی خۆری ئازادی ڕووناکتر و ڕووناکترم ئەکاتەوە، گەرمتر و گەرمتر ئەبمەوە، دەستم گۆ ئەکات دەست بدەمەوە بە دەستی ژیانەوە و ئاشت ببمەوە لەگەڵ ژیان و داهاتوو.

«کوردستان!»

ئەگەر تۆ نەبی، من چیم؟ و ئەبێ بۆ چی بژیم!؟ گەر تۆ نەبی من کێم؟ و ئەبێ بۆ کێ بژیم!؟

هەزار هێندە ڕۆژ و شەوەکانم خراوتر بمگووشن و دنیا ببێتە قەبرێکی تەنگ و تاریک لە لام! بەڵام هەر کە ناوی وڵات و دایک ئەگەڕێن و پیاسە ئەکەن لە ناو بییرم دا، ئەبمەوە بەو مەلە سووک باڵ و عاسمان گەردەی کە بە دەوری مانگ و خۆر و ئەستێرە دا ئەگەڕێم و خۆم بە قوربانی کوردستان بکەم شانازیە و ژیانە بۆم.

وەک شاعیر ئەڵێ:

من باڵندەی باخی هەستی خۆشەویستیم

من مەی زەدە و خراباتی کۆڕی مەستیم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

من شالوور و چامەی بەیتی خۆشەویستیم
من پەپوولەم ڕێبواری ڕێی گەڕی رووتم
گڕ و گەڕ ئەگرم لە دەورت ئەی «کوردستان»
تا دەسووتم.

کوردستان و ئازارەکانی، ئەشقی وڵات فێریان کردم کە ئەویندرابوون بە واتەی ژیانی جاویدان و هەتاهەتایی و نەمرییە بۆیە هەرگیز شەهید نامرێ و ئەوەی بۆ ئازادی و کوردستان ژیابێ و شەهید کرابێ ئەوینی ناسیوە و ئەویندارانە ژیابێ هەر لە پاش مەرگیش ئەژی و نەمرە و هەمیشە زیندووە.

ئەم ڕاپەڕینە هەموو معادلە و فۆرمەکانی تەنانەت دوژمنانی بەرانبەر بە گەلی کورد گۆڕییوە و دوژمنانی کورد و ئازادی ئێستە خۆیان زۆر باش ئەزانن کە ڕووخان و مەرگیان ئەمر و حوکمێکی حەتمی و بڕیاری زەمەن و مێژووە.

ئەم گۆڕانکاریانە «کورد» ئەکاتە یەک میللەتی یەکگرتوو و تۆکمە و یەک دەست لە ژێر یەک ئاڵا و یەک باوەڕ و یەک وڵات دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندیی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات – ڕێکەوتی: ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەگەر تاران ببێتە کوردستان



**هەندرێن شێخ راغب**

دوو وێنەی کورد لە خۆپیشاندانەکانی ئێران هەیە، وێنەیەکی پیلان داڕێژراوی مەترسی داری رژێم خۆیەتی. کە لەیەکەم ساتەوەختی رووداوەکانی دوای مەرکی ژینا ئەمینی کاری لەسەر دەکات. رژێم بە کردەوەش هەنگاوی زۆری نا. پەلاماری هەرێمی کوردستانی دا بەدرۆنو موشەک، رای گشتی بەم ئاراستەیە دەبرد کە ئەوەی لە ئێران دەگوزەرێ پرۆژەیەکی ناوخۆیی (ئێران)ی نیەو گەلانی ئێران نین کە خۆپیشاندان دەکەن، بەڵکو هێزە کوردییە دژ بەرەکانن لە هەرێمی کوردستان و سەر سنورو ناوچە کوردنشینەکان. لەمەشدا چەند مەبەستێک هەیە وەک: بچوک کردنەوەی نارەزایەتیو خۆپیشاندانەکانی ئێرانە لەیەک شوناس و یەک ناوچەی جوگرافی بچوکی دیاریکراو. هەوڵی کۆکردنەوەو گەمارۆدانی خۆپیشاندانە سەر تاسەریەکانە لەناوچە کوردیەکانو دواتر کۆنترۆڵ کردنی. هەوڵی رژێمە کە ئەمە نارەزایەتی کەمە نەتەوەیەکی ناو ئێرانە لەهەندێک رەفتاری ناو سیستەم، نەک راپەرینو جوڵانەوەیەکی گەلانی ئێران بۆ گۆرینی سیستەم. ئەم بە کوردی کردنە هەوڵێکی دیکەیە بۆ پەرتەوازەکردنی بەرەی نارەزایەتی ناو ئێران بەسەر گروپو نەتەوەو پێکهاتەی جیاواز جیاوازدا، واتە جوڵاندنی هەستی ناسیۆنالیستی فارسی لە تاران دژی کوردو عەرەب دژی کوردو بلوج و ئازەری و بەگژ یەکدا کردنیان و خوڵقاندنی ترس لای ناسیۆنالیستی فارسی کە ئەم نەتەوەو پێکهاتانە خەریکی پارچەپارچەکردنی ئێرانن!. دواتریش جوڵاندنی هەستی کوردیش دژی هەموان..ئەمەش ئامانجی یەکەمی رژێمە بۆ ئەوەی گەلانی ناو ئێران یەکگرتوو نەبن بەرامبەر رووبەڕووبونەوەی سیستەم. تەنانەت ئەم بە کوردی کردنەش کورد دەکات بە دوو بەرە، ئەو کوردانەی ناوخۆی ئێران لەگەڵ سیستەمن و کوڕی باشن، بەڵام کوردەکەی تر هێزو لایەنەکانی دژبەری رژێمن کە لەسەر سنورو هەرێمی



https://serchawe.com

کوردستان بە پیلانی جوو، ئەمریکاو سعودیە دەیانەوێت کوردانی ناوخۆی ئێران لە دژی دەوڵەتەکەیان هانبدەنو ئاژاوەیان پێ دروست بکەن. واتە رژێم دەیەوێت ئەم خۆپیشاندانو نارەزایەتیە بە کوردی بکات و لەناو کوردیش لە کوردی ئێرانی دابېرێتو بە کوردە بێگانەکانی نا ئێرانی بلکێنێت.

کاتێک هەرێمی کوردستان بەفەرمی رایگەیاند: بەهیچ شێوەیەک چەک لەهەرێمی کوردستانەوە نەچۆتە ناو ئێران، کارێکی باشی کرد. هاوکات لەسەر سیاسەتی فەرمیش هێزە چەکداریە کوردیەکان گوتیان ئێمەو هێزە چەکدارەکانمان لە شەقامو کۆڵانو شۆستەکانی ناو ئێران رۆڵمان نیەو ئەوە گەلانی ئێران خۆیانن هاتوونەتە سەر جاددە، ئەمەش سیاسەتێکی دروست بوو. واتە بیانوو نەدراوەتە دەست رژێم کە ئەم سیاسەتەی باش جێبەجێ بکاتو ئامانجەکەی بپێکێت، تا ئێستاش کۆماری ئیسلامی لە دەوری ئەم سیاستە دەخولێتەوەو نائومێد نەبووە. دەیەوێت کۆی ئەم واقیعەی ئێستا لە هەڵگیرساندنی بەیەکدادانێکی سەربازی لەبیر خەڵک بباتەوەو دۆخەکە بە لایەکدا بخات.

وێنەی دووەمیش تەواو وێنەیەکی کوردییە، وێنە راستەقینەکەی دۆخی ئێرانە، ئەم وێنەیە دوای گیان لەدەستدانی ژینا ئەمینی لە زێدی خۆی لە سەقزی کوردستانەوە بریسکەی داو دروست بوو، دواتر سەرناسەری ئێران و دەرەوەی ئێرانی گرتەوەو بوویە رووداوێکی جیهانی، بەتایبەت لەرەهەندە رەگەزیەکەی وەک کێشەی ژن بووە سمبولی خەباتی ژنانی جیهان. ئەم وێنەیە سەد لەسەد کوردیەو ئەوەی لەتەواوی ئێران هەیە بەهەموو نەتەوەو پێکهاتەو لایەنەکانەوە دەرەنجامی خۆپیشاندان و نارەزایەتی کوردە لە شارە کوردیەکان و دروشمی بنەرەتی و مانشێتی سەرەکی خۆپیشاندانەکانی تەواوی ئێران(ژن، ژیان، ئازادی)یە کە سەد لەسەد کوردییەو هەناسەی کوردە بۆ ژیانی داهاتووی ئێرانیەکان بێ جیاوازی. نکۆڵی لەوە ناکرێت کورد بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی سەرمەشقی گۆڕانکارییە لە ئێران.ئێران ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش مەرگی ژینا ئەمینی، دەرکەوت کێشەی کورد نەک خامۆش نەبووە، بەڵکو لەسەر ئاور دەکوڵێ، رژێم بۆ ئەوەی بتوانێت بمێنێتەوە دەبێت بەر لەهەر شت خواستەکانی کورد جێبەجێ بکات، گوێ لە هاوڵاتیەکانی بگرێت، سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی خۆی بگۆڕێت، لەمەترسی ئەوە تێبگات کە سەد دۆلار بۆتە چوار ملیۆن تمەن هێجگار مەترسیدارە بۆ سیستەم ومانەوەی خۆی. لەبری دوژمنایەتی کورد دەبێت دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران هێجگار سوپاسگوزاری کورد بن کە بەهۆی مەرگی ژینا ئەمینیەوە دەرفەتیان بۆ رەخساوە بتوانن گۆڕانکاری گەورە ئەنجام بدەن لەتەواوی سیستەم و دەسەڵاتداریەتی و دەستوور و یاساکانیان. بەهۆی خۆپیشاندان و راپەڕینی کورد و گەلانی ناو ئێران، چەندە هەڕەشە دروست بووە بۆ نەمانی رژێم، هێندەش دەرفەتی گەورەیان بۆ دروست بووە کە گۆڕانکاری بکەن و گوێ لە هاوڵاتیانیان بگرن و خۆیان چاک بکەن. بەتایبەت لە رەهەندی ئابوری و گەمارۆکان و ئازادیەکاندا. مەرگی ژینا ئەمینی و راپەڕینی کورد دەرفەتێکی گەورەیە بۆ ئێرانیەکان باری لاری ئێران راست بکەنەوە، بێنەوە سەر شانۆی نێودەوڵەتی و دەست بۆ گۆڕانکاری ببەن. بەلام ئەم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

عەقڵیەتەی کە دەیەوێت بە لەسێدارەدان وەڵامی ژن، ژیان، ئازادی بداتەوە، عەقڵێکە هەزار ساڵ لەدواوەیە، لە ئەشکەوتە. لەسێدارەدانی گەنجانی کوردو تەقەکردن لە خۆپیشاندان، گەورەترین هەڵەی ستراتیژی رژێمە کە بەڵگەی ئەوەیە هیچ لە دەرفەت و گۆڕانکاری و نارەزایەتیەکان تێ ناگات. بۆیە ئەوەی کێشەیە بۆ داهاتووی ئێران راپەڕین و خۆپیشاندانی کورد نیە، بەڵکو عەقڵیەتی رژێم خۆیەتی.

کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە کورد خاوەنی ئەم دۆخەی ئێرانەو دروشمی ژن ژیان ئازادیش گەواهیدەری ئەم راستیە، بەلام یەکێک لە دیمەنە هەرە جوانەکانی ئەم دۆخە ئەوەبوو کە لە تارانی پایتەخت هاولاتیانی فارس و ناو شاری تاران بۆ پشتیوانی کورد خۆپیشاندانیان کردو دەیانگوت:

ئەگەر تاران ببێتە کوردستان
ئێران دەبێت بە گوڵستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ئێران و وڕێنەکردنی سەرانی کۆماری ئیسلامی




**سایتی پەیام**

**هەرچی خەباتی خەڵک دژبە ڕژیمی ستەمکار و گەندەڵی حاکم بەسەر ئێراندا قوڵتر و بەرینتر دەبێتەوە، وڕێنەکردن و خۆهەڵکێشانی ئەم دەسەڵاتدارانە بەرەو باڵاتر دەچێت. هەڵبەت ئەم تەبلیغاتە سەرتاپێ درۆیە بۆ خەڵک نییە بەڵکو هەڵخڕاندن و بەخەت کردنی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی کردۆتە نیشانە.**

**ئەگەرچی درۆ لە ئیسلام و تەشەیوعدا حەرام نییە، بەڵام ئاستی درۆی حاکمانی ئیسلامی لە عەلی خامنەییەوە تا ئیمام جومعە کۆنەپەرست و خورافیەکان، لە فەرماندە نیزامی و ئینتیزامی و ئەمنیەتیەکانەوە تا بەکرێکیراوانی ڕژیم لە مەجلیس و میدیاکانیان بوونەتە هۆی سەرسوڕمانی بەشێک لە کاربەدەستانی خودی ئەم ڕژیمەش.**

**بۆ نمونە با چاوێک لە وتەکانی چەند کەس لە کەسانی بێ مێشکی حکومەتی بکەین. ڕەنگە زۆرێک لەم وتانە هەروەک حەدادی عادل یەکێک لە کاربەدەستانی خودی ڕژێم وتویەتی، بەهۆی ڕێژە و چەندایەتی بەرزی خەڵوز و مادەی مەسرەفیەوە بێت!**

**کازم سەدیقی، ئیمام جومعەی تاران دەڵێ: ئێرانی ئیسلامی بۆتە هێزی یەکەمی جیهانی! میرباقری ئەندامی مەجلیسی خوبرەگان وتویەتی: ئێمە لە قۆناغی ئامادەکردنی یاسایەکی نوێداین بۆ دنیا!**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وتەبێژی دەوڵەت ئێژێ: ئەوە دوژمن بوو کە نرخی ئەرزی بەرز کردەوە!

وەزیری نێوخۆ دەڵێ: چاکسازی ئابووری بە کەمترین هەزینە و ئاسەواری خراپ بە ئاکام گەیشت!

مێهدی سەفەری جێگەری ئابووری وەزارەتی دەرەوە وتی: زۆرمان نەماوە ببینە زلهێزێکی ناوچەیی و جیهانی!

نەوبەخت سەرۆکی سازمانی بەرنامە و بوجە دەڵێ: ئێران هێزی هەژدەیەمی ئابووری دنیایە!

فەماندەی سپای پاسداران وتویەتی: ئێمە خاوەنی چوارەم چەکوچۆڵی پێشکەوتوی دنیاین!

ئیمام جومعەی مەشهەد فەرمویەتی: ئێمە باشترین دیموکراسی دنیا و مێژومان هەیە!

نمونەی لەم بابەتە ئەوەندە زۆرە کە کات نییە باسیان بکەین!

قسەوباسی لەم جۆرە لەلایەن سەرانی رژیمی ئیسلامی ئێرانەوە چ شتێک بە خوێنەر، بیسەر و بینەری ئاسایی دەگەیەنێ بێجگە لەوەیکە دەریدەخات: کۆمەڵێک شەیاد و نەخۆشی دەرونی جەنایەتکار بەسەر چارەنووسی خەڵکی ئێراندا حاکمن. حاکمانێک کە هیچ هێڵێکی سور و هیچ سنورێک لە درۆ کردن و ئاوەژوو کردنەوەی ڕاستیدا ناناسن.

ئەگەر باسی ئابووری تێکڕماوی ئێران نەکەین، تەنیا لە ٣ مانگ و نیوی ڕابردودا ٥٠٠ کەسیان ئێعدام یان کوشتوە، هەر لەم ماوە کورتەدا زیاتر لە ٣٠ هەزار کەسیان زیندانی و ژمارەیەکی زیاتریشیان بریندار کردوە، تەنیا لەبەر ئەوەی کە بە دەستی بەتاڵ هاواریان کردوە کە ئەم ڕژیمەیان ناوێ، ئەوجار زۆر بە ڕووداریەوە باسی دامەزراندنی باشترین دیموکراسی دەکەن لە دنیادا!

هەر دوێنێ ئاخوندە مشەخۆر و خورافیەکانی مەجلیس بێشەرمانە بەربەریەت و جەنایەتکاری خۆیان بەم شێوەیە دەربڕی:

کۆمەڵگەی مودەڕسینی حەوزەی عیلمیەی قوم لە بەیانیەیەکەدا ئیجرای سزاکانی ئێعدامیان بۆ نارازیانی تاوانبارکراو بە "محاربە" و "فەسادی فیلئەرز" ی لەلایەن قوەی قەزاییەوە "بە ناکافی و بێ خاسیەت" ناوبرد و ڕایگەیاند کە "بڕینی ئەنگوستەکانی دەستێک و لێکردنەوەی پێیەکی تاوانبار" و ئێعدام کردنی ئەوکات دەتوانێ "کاریگەری هەبێت."

خەڵکی ئێران لە کوردستانەوە تا بەلوچستان، لە چوارگۆشەی ئێراندا عەزمی خۆیان جەزم کردوە تا بە توند ردنەوەی خەبات بۆ ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی وڵامی ئەم دایناسۆرانەی بەر لە مێژوو بدەنەوە. ئەم حاکمە جەنایەتکارە ئیسلامیانە پەڵەیەکی ڕەشن بە جەستەی دنیای ئەمرۆوە و بە هەوڵ و هیمەتی جەماوەری خەڵک دەبێ فرێبدرێنە زبڵدانی مێژووەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ئینتێرسێکشنالی ژینا بە دروووشمی ژن ژیان ئازادی



**شەهلا دەباغی**

ئایا ئەمەی ڕوویدا شۆڕش، بزووتنەوە، ڕاپەرینە؟ ماهییەتی بەرخۆدان و ڕووداوەکان چییە؟ سیاسی، فێمینیستی، کۆمەڵایەتی، چینایەتی یا نەتەوەیی؟

بۆ پرسیاری یەکەم ڕوانگەی جۆراوجۆر هەیە. هێندێک ئەوەی لەم سەد ڕۆژەدا ڕووی داوە بە شۆڕش ناوی دێنن و هێندێک پێیانوایە بە تاریفی کلاسیک ناچێتە خانی شۆڕش و تەنیا بزووتنەوەیە.

من خۆم پێموایە دەبێ سنووریکی مانایی سەیر لە نێوان شۆڕش و بزووتنەوە دانەنێین و هەر بە مانای کلاسیک نەڕووانینە ڕووداوەکان .گرینگ ماهییەت و ناوەرۆکە. دەکرێ شۆڕش بەربڵاو بێ و یا بەستراوەی شوێن و کاتێک بێ. دەکرێ سەرکەوێ و دەکرێ شکست بخوا. لە کەیسی ئێراندا بەهۆی بێسنووری و بێ بنیی زەبروزەنگی حکومەت دەکرێ چاوەڕوانی هەزینەی زۆری بەرخۆدان بین، گەرچی تا ئێستاش دیار نییە داهاتوو چی لێدێ و ڕەنگە ئەم شۆڕشە زۆر کات بخایەنێ. شۆڕش نزمی و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نشێوی و سەرکەوتنی هەیە. هەڵبەت دەکرێ هۆیەی سەرەکی بۆ نەهاتنی ناوەند ترس لە لەدەستدانی هێژمۆنی خۆی بێ. بەڵام ئەوەی لە کوردستان هەیە شۆڕشە کە پێی لە ٤٣ ساڵ زۆڵمدایە.

بۆ پرسیاری دووهەم: ئەوەی تا ئەم چرکەیە ڕوویداوە بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازە کە ژنان نەترسانە لەم ساڵانەی دواییدا ڕوون بۆ مافی خۆیان جەنگاون. بەختەوەرانە دوای مەرگی دڵتەزێنی ژینا پیاوان بەتەواوی پشتی داواکانی ژنانیان گرتووە گەرچی ڕەفتار و بیری سێکسیستی لەم ماوەدا کەم نەبوون. هاوکات داوا و مافی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئازادی بۆ هەموو خەڵک گرینگە و ژن و پیاو لێرەدا بەرژەوندیان تێکەڵ بووە.

لە کوردستان جگە لە سێ خاڵی دادی کۆمەڵایەتی، ئازادی مەدەنی و سیاسی و یەکسانی جنسییەتی، پرسی نەتەوەییشمان هەیە کە لەم سەد ڕۆژەدا بەتەواوی لە هەر هەموو خۆپێشاندان و درووشمەکان بە هێمایی کوردستانی، باسی شەهیدان و درووشم بۆ ڕزگاری، خۆی نوواند.

کەوایە تا ئێرە ئێمە "شۆڕشی پاییزی ٢٠٢٢ی کوردستان"مان هەیە کە پەلی هاویشتە زۆر شوێنی دیکە.

ئێستا پێوەندی ئەم شۆڕشە بە ناوی شەهید ژینا چۆن بێ؟ ئایا ئەمە دابەزاندن/ "تقلیل"ی دەدا کە تەنیا بە کەسێکی ببەستینەوە؟ نەخێر. ژینا وەک تاکێکی کۆمەڵگا کە مافی ژیانێکی ئاسایی دەبا هەبا دەبێتە نوێنەری هەموو تاکەکان کە مافەکانی سیاسی و شارووەندییان لێ زەوت دەکرێ و دەسەڵات هەموو ئازادییەکانیان لەژێر پێ دەنێ. ئینجا ژینا کوردە و گەڕانەوەی ناوی ژینا گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە. لە زۆر وڵاتیش شۆڕش بەناوی کەسێک یا مانگێک یا وڵاتەکە کراوە؛ شۆڕشی سپارتاکوس، ژاندارک، شۆڕشی مەزنی فەرانسە، شۆڕشی ئۆکتۆبر، جوڵانەوەی ڕۆزا پارکس، هتد.

"

ژن ژیان ئازادی" درووشم و تایبەتمەندیی شۆڕشەکەیە. ئەم شۆڕشە ویست و داوای ژنانە، ئازادیخوازانە و ژیانخوزانەی هەیە. هەرچۆن شۆڕشی مەزنی فەڕانسە "بەرابەری، برایەتی، ئازادی" دەویست. لێرەدا شۆڕشی ژینا پلەیەک سەرتر دەڕوا و ڕادیکاڵترە و داوای "یەکسانی، ژیان و ئازادی" دەکا. چونکە ئەم شۆڕشە پیاوەمەزنی و دینسالاری دێنێتە ژێر پرسیار (کە تەنانەت شۆڕشی مەزنی فەڕانسە و رووسیە ژنیان فاکتۆر گرتبوو)



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شۆڕشی ژینا بە درووشمی ژن ژیان ئازادی

بەڵام ئایا دەستەبەرکردنی ئازادی و دیمۆکراسی وڵامدەری پرسی نەتەوەییە؟ ئایا درووشمی "ژن ژیان ئازادی" دەتوانی پرسی نەتەوەیی چارەسەر بکا؟ یا ئێمە دەبێ شۆڕشی ژینا پلەیەکی دی ڕادیکاڵ بکەین و باسی جۆرێک لە سەروەریی سیاسیی بۆ کورد بکەین؟

گرینگە شۆڕشی ژینا بە درووشمی ژن ژیان ئازادی نرخی پێ بدرێ نە ئەوە دابەزێندرێ و بگوترێ بزووتنەوەیەکی تەنیا فێمینیستییە. چونکە خودی ئەم ڕوانینە کەم دیتنی توانای و هزری فێمینیزمە. لەکاتێکدا فێمینیزم وڵامێکە بۆ هەر جۆرە هەڵاواردنێکی جنسییەتی، کۆمەڵایەتی، فکری و ڕاسیستی و ڕێگایەکە بۆ کومەڵگایەکی دادپەروەر و یەکسان بە تێڕوانینی تازە بۆ زۆر چەمک لەوان چەمکی ڕێبەری و شۆڕش و ڕزگاری و هتد.

بەڵام پرسی نەتەوەیی لە دوای ڕووخان و لە ئەگەری جۆرێک لە دیمۆکڕاسی لە ئێران دا هەر دەمێنێتەوە. بەهۆی خەتەری قبووڵ نەکردنی مافی کورد لەلایەن ئێلیتی سیاسیی نەتەوەی باڵادەست. کەوایە شۆڕشی کوردستانیی ژینا نابێ لە درووشمەکانی خۆی پاشەکشە بکا. شۆڕشی ژینا دەبێ پێداگری لەسەر جۆرێک مافی سەروەری بۆ کوردستان بکا.

ئەم ڕاپەرینە گوران و "دگردیسی"یەکی بنەڕەتییە لە فۆرم و مانادا. لە نیگا و ئامانجدا. شۆڕشێکە دژی نەزمی ناخۆیی و دەرەکی. شۆڕشی ئەمجار لە کوردستان ڕا دەستی پێکرد و دەبا هەر لێرەوە دەست پێبکا. کوردستان وەک چوارڕێیەکە کە هەموو پرسەکان یەکتر دەبڕن و یەک دەگرنەوە بۆ گۆڕانێکی جیاواز. پرسی نەتەوەیی، دادپەروەری و جێندێری گەورەترین درزەکانی ئێستای کۆمەڵگای ئێران، و هزری دژەکۆلۆنیالیستی ڕەنگە وڵامدەری ئەم دۆخە بێ. ڕێنێسانس لێرەوە دەبا بکرێ چونکە کوردستان هەمیشە کراوەتر و ئاواڵەتر بووە بۆ گوڕانی سیاسی کۆمەڵایەتی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

شۆڕشی ژینا (ڕاپەرینی ژینا) چوارڕێی تێکهەڵکشان، تێکهەڵچوون و بڕینی هەموو فاکتەرەکانە/ ئینتێرسێکشنالیتی کە هاوکات دەتوانێ خاڵی وەرچەرخانی پرسی ڕزگاری بێ. مۆری ژنانە بوون لەسەر شۆڕش نەک نیشانەی کەمیی بەرخۆدان کەبگرە نیشانەی گەشەی کۆمەڵگایە.

سەرچاوە: دیواری فریسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ١٠٠ ڕۆژ پاش شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی": شرۆڤە و هەڵسەنگاندن



پەرویز ڕەحیم

د. پەرویز ڕەحیم قادر، دکتۆرا لە ئاسایشی نەتەوەیی و مامۆستای زانکۆ

بزووتنەوەی نوێی گەلانی ئێران یان جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژینا" لە ئێران(١) لە ڕێکەوتی ٢٤ - ١٢ - ٢٠٢٢دا سەد ڕۆژەی خۆی تێ پەڕاندووە و بە شێوازی جیاواز، بە بەرزی و نزمیی خۆپیشاندان و نارەزایەتی و مانگرتنەکانەوە بەردەوامە. لەم چوارچێوەیەدا لە ئێستادا باشتر دەتوانین شرۆڤە و هەڵسەنگاندنێک سەبارەت بە گۆڕانکاری و دەسکەوت و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بکەین بۆ ئەوەی ئاسۆ و ئەگەر و سیناریۆکانی داهاتووی ڕوونتر ببێتەوە. ڕوانگەی زاڵ لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی ئەوەیە کە، چیتر دۆخی ئێران ناگەڕێتەوە بۆ پێش کوشتنی "ژینا ئەمینی"؛ ئەو کچە کوردەی سەقز کە ١٣ی سێپتەمبەر، لە شەقامێکی تاران لەلایەن پۆلیسی ڕەوشتەوە (گشت ارشاد - پلیس اخلاق) دەستبەسەر دەکرێت، دواتر لەژێر ئەشکەنجەدا لە 16ی مانگ لە نەخۆشخانەیەکی تاران گیان لەدەست دەدات و پاشان لە ١٧ - ٩ - ٢٠٢٢دا لە سەقز لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆدا بەخاک دەسپێردرێت و، هەر لەوێ لەسەر گۆڕەکەی دەنووسرێت "ژینا گیان، تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز" و، دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەوترێتەوە. لەم قۆناغە بەدواوە هەم ناوی ژینا و هەمیش دروشمە مۆدێرن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردانەکەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەبێتە هەوێنی ڕاپەڕین و بزووتنەوە و شۆڕشێکی سەرتاسەریی بێوێنە، کە بەپێی ئامارەکان لانی کەم لە ٣١ پارێزگا و زیاتر لە ١٦٠ شار و ١٤٣ زانکۆی ئێران، چ لە ڕووی فۆرم و بەرفراوانییەوە و چ لە ڕووی داواکاری و ناوەڕۆکی گۆڕانکارییەکان لە هەموو ئێران لە هەردوو بەرەی خەڵک و دەسەڵات بوومەلەرزەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دروست دەکات. لە لایەکی تریشەوە، بەپێی ئامارەکان زیاتر لە ٥٠٠ کەس کوژراو و، لە نێوان ١٨٠٠٠ بۆ ٣٠٠٠٠ هەزار کەس لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدان و، سەدان و هەزاران کەسیش بێسەروشوێنن، بەڵام ڕاپەڕینەکە هەر بەردەوامە.

### دەرفەت و خاڵە بەهێزەکان و لێکەوتەی شۆڕشی ژینا لەم ١٠٠ ڕۆژەدا

لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم شۆڕشەی ئێستا، جگە لە بەرفراوانی لە ڕووی جوگرافی و بەردەوامی لە ڕووی زەمەنی و مەودا و کاتەوە، ئەوە بوو کە ئەم ناڕەزایەتی و بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە نزیکەی هەموو گرووپە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی هاوهەڵوێست کرد بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندەران؛ بۆ نموونە چینی ناوەڕاست شان بە شانی چینی خوارەوە یان سەرەوە لە شارە بچووک و گەورەکان، لە ناوەند و پەراوێزی ئێران، هەروەهای بەشداریی نەتەوەکان، کەمینە ئایینییەکان، ڕەگەزە کەمینەکان، سەندیکاکان، لەوانەیش مامۆستایانی قوتابخانەکان، گرووپە کرێکارییەکان، قوتابی و خوێندکاران، مامۆستایانی زانکۆ، هونەرمەندان، وەرزشوانان لەم چین و توێژانە بوون. لەم ناڕەزایەتییانەدا بازاڕ و شوێنە بازرگانییەکان لە هەندێک شاردا لە ڕێگەی مانگرتنەوە بە شێوەیەکی بێوێنە بە بەراورد بە ڕابردوو، پەیوەست بوون بە ناڕەزایەتییەکانەوە.

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم بزووتنەوە یان ڕاپەڕین و جووڵانەوە ناڕەزایەتی و شۆڕشگێڕانەیە (شۆڕشگێڕانە بەو مانایەی کە داواکاری و دروشمەکانی ناڕازییەکان ڕووخێنەرن و داوای گۆڕینی سیستەمی سیاسی و کەلتووری و دەستوور و...، دەکەن) ئەوە بووە کە ناوچە پەراوێزییەکان، بەتایبەتی کوردستان و بەلوچستان کە لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا شوێن و نیشتمانی نەتەوە جیاوازەکانی جوگرافیای دەوڵەتی ئێرانە، بەپێچەوانەی خۆپیشاندانە سەرتاسەرییەکانی ڕابردوو وەکوو ڕاپەڕینی قوتابیان لە ساڵی ٢٠٠٩ و ڕاپەڕینی ساڵی ٢٠١٧ و ڕاپەڕینی تشرینی دووەمی ٢٠١٩ تاوەکوو ناڕەزایەتییەکانی خۆزستان و ئیسفەهان لە ساڵی ٢٠٢١ و ناڕەزایەتیی زیاتر لە شەش پارێزگا لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٢٢، ئاستی بەشداری و قەبارەی ناڕەزایەتییەکان توندتر و کاردانەوەی دەسەڵاتیش خوێناویترە. سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژاییی ٤٣ ساڵی ڕابردوو بزووتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەریی بەهێز لە ئارادا بووە و بە هۆکاری مافخوازانە و ناسنامەییی جیاواز دژی ناوەند چالاک بووە؛ لە هەمان کاتیشدا پەراوێزخستنی ئەم ناوچانە و کاردانەوەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کورد وای کردووە، هەم دروشمەکان ناوەڕۆکی کوردیی هەبێت و هەمیش داواکارییەکان ڕادیکاڵتر بن. لە ڕاستیدا هیچ کات نەتەوە - ئێتنیکییەکانی ئێران و بەتایبەتی کورد دەسەڵاتدارانی ئەم ڕژێمەی بە نوێنەری خۆی نەزانیوە؛ جگە لە خولێکی زەمەنیی کورت کە گوتاری ڕیفۆرمخوازی و هیوا بە گۆڕانکاری، هەموو ئێرانی گرتەوە و ئەمەیش وای کرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە ڕێژەیەکی بەرزتر لە ڕابردوو بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی سەرۆکایەتیی کۆماردا بکەن.

بۆیە بێجگە لە ریشە کەلتووری و مێژوویی و سیاسییەکەی چۆنێتیی پەیوەندیی کورد و ناوەند لە ئێران، لێکۆڵینەوەیەکی نوێ سەبارەت بە شۆڕشی ژینا یان شۆڕشی نوێی ئێران لەسەر بنەمای ئاماری بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ساڵی ٢٠١٩ و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠٢١، هەروەها ئاستی نارەزایەتییەکان لە ناوچە جیاوازەکان، دەری دەخات نارەزایەتی لەو شارانەدا توندتر بووە کە زۆرترین ڕێژەی دابەزینی دەنگیان هەبووە و بەشداریی سیاسییان لە هەڵبژاردنەکان، بەتایبەتی لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٩وە بۆ نزمترین ئاست دابەزیوە. بە گوێرەی ئەم ڕاپۆرتە شیکارییە-توێژینەوەیە، کە لەلایەن گرووپی شیتەڵکاریی خولەک (گروه دادەکاوی دقیقە) ئەنجام دراوە و بەتایبەتی بۆ ڕۆژنامەی ئیعتماد (اعتماد) نووسراوە، بەشداریی سیاسی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ٢٠١٩دا بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشوو، نزیکەی ١٠,٣ ملیۆن کەس کەمی کردووە و ئەم ڕێژەیە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ٢٠٢١ نزیکەی ١٤,٥ ملیۆن کەس بووە.(٢)

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم شۆڕشە، کاردانەوەی دەرەکی بووە؛ چ پشتیوانی و پاڵپشتی و نارەزایەتییە بەرفراوانەکانی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات و چ لەلایەن ڕای گشتی و هونەرمەند و ئەکتەر و وەرزشوان و کەسایەتیی سیاسی و خودی دەوڵەتانی ئەورووپی و ئەمریکا و کەنەدا و هتد. بۆ نموونە، لە چەند مانگی ڕابردوودا ئێرانییەکان لە زیاتر لە ١٥٠ شاری جیهان نارەزایەتییان دەربڕی. لە تۆرۆنتۆ زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس و لە بەرلینیش زیاتر لە ٨٠ هەزار کەس وەک هاوسۆزی لەگەڵ خۆپیشاندەران لە ناوخۆی وڵات خۆپیشاندانیان کرد. جگە لەمانەیش، گرووپی ناسراو بە "ئەکادیمیستانی ئازادیخوازی ئێران" ڕای گەیاند کە لە ڕێکەوتی ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ لە زیاتر لە ١٥٠ زانکۆی جیهان بۆ پشتیوانی لە نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی ئێران گردبوونەوەیەکیان بەڕێوە بردووە.

لە دوایین ڕووداو گۆڕانکارییشدا، لە کاردانەوە بۆ سەرکوتی توندی نارازییان لە ئێران، حکوومەتی ئاڵمان ڕۆژی هەینی ٢٣ی کانوونی دووەم ڕای گەیاند کە گەرەنتیی دارایی و گەرەنتیی قەرزی هەناردەکردن کە بە مەبەستی بازرگانی و وەبەرهێنان لە ئێران پەسەند کرابوو، ڕادەگرێت. ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز لە زاری وەزارەتی ئابووریی ئەڵمانیاوە ڕای گەیاندووە، بەهۆی "دۆخی زۆر جددی"ی ئەم وڵاتە، چوارچێوە ئابوورییەکانی دیکەی لەگەڵ ئێران، لەوانە دانوستان لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بواری وزەدا، ڕاگرت. ئەم ڕووداوە، گرنگییەکەی لەوەدایە کە جگە لەوەی ئەڵمانیا ئەندامی ترۆئیکای ئەوروپییە لە پاڵ بریتانیا و فەڕەنسا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ ئێران، لە هەمان کاتیشدا بە گوێرەی ڕۆژنامەی "فرانکفۆرتەر ئالگمەین" کە بابەتێکی لەبارەی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئێران و ئەڵمانیا بڵاو کردۆتەوە، باس لەوە دەکات کە ئەڵمانیا گەورەترین و گرنگترین هاوبەشی بازرگانیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لەناو وڵاتانی ئەوروپیدا و، ئێران لە ساڵی ٢٠٢١ لەنێو ٢٣٩ هاوبەشی بازرگانیی ئەڵمانیادا پلەی ٧٣ی بەدەست هێناوە.

ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانی ئێران و ئەڵمانیا لە ساڵی ٢٠٢١دا گەیشتە یەک ملیار و ٧٦٠ ملیۆن دۆلار. ئەم ڕێژەیە لە ٩ مانگی یەکەمی ٢٠٢٢دا گەیشتە یەک ملیار و٠ ٤٩ ملیۆن یۆرۆ.(٣) جگە لە لێکەوتەی سیاسی و ئابووریی ئەم بڕیارە بۆ ئێران، کە پێ دەچێت وڵاتانی دیکەی ئەوروپییش هەنگاو بەرەو ئەو بڕیارانە بنێن لە دژی ئێران، لە ڕاستیدا ئێران لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و کەرەستەی پێشکەوتووی ئەڵمانیا توانیویەتی چ لە کەرتی پیشەسازی و بەرهەمهێنان، چ لە پێشەسازیی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و گاز، جێگۆڕکێ بە کەرەستە کۆن و لەکارکەوتووەکانی بکات کە شادەماری ئابووریی ئێران لە سەردەمی گەمارۆ و ئابڵووقەکانی ئەمریکا، پێک دێنێت.

لە پاڵ ئەمانەیش، بریتانیا، کەنەدا و ئەمریکا و ئوسترالیا و بەتایبەتی یەکێتیی ئەوروپا چەندان سزا و ئابڵووقەی خستۆتە سەر دامەزراوە و کەسایەتییە سیاسی و سەربازییەکانی ئێران و لە دوایین کاردانەوەیشدا، جۆزێپ بۆرێل، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ - ١٢ - ٢٠٢٢ بڵاوی کردەوە، گوتی: یەکێتیی ئەوروپا لەنزیکەوە بەدواداچوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دڕندانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خۆپیشاندەران دەکات؛ ناوبراو، هەروەها گوتیشی: لە دیدارەکەی لەگەڵ حوسێن ئەمیرعەبدوڵلاهیان، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە پەراوێزی کۆبوونەوەی "بەغدا ٢" لە ئوردن، ڕەخنەی لە کردەوەی "قبووڵنەکراو"ی کۆماری ئیسلامی لە مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندەران گرتووە.

هەروەها ئەندام پەرلەمانی دەوڵەتانی ئەوروپی بەکۆمەڵ کەفالەتی سیاسیی بەندکراوانی ئێرانی کە زۆربەیان بە تۆمەتی دژایەتی لەگەڵ خوا بە "موحاریب" ناسراون و بەم پێیەیش تاوانبار کراون و سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە، لە ئەستۆ گرتووە. بۆ نموونە جگە لە ئەندام پەرلەمانەکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و یەکێتیی ئەوروپا و هۆڵەندا و سوید و ئوسترالیا و نیوزلەندا، لە بڕیارێکی مێژوویی‌دا ١٨٣ ئەندام پەرلەمانی نەمسا بەکۆمەڵ کەفالەتی سیاسیی ١٨٣ بەندکراوی ئێرانیان لە ئەستۆ گرتووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ئێستادا، کۆماری ئیسلامی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا زیاتر لە جاران گۆشەگیر بووە. گەمارۆکان زیاتر بوونە و کۆماری ئیسلامی لە ئاژانس و کۆمەڵەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان وەکوو کۆمیسیۆنی پێگەی ژنان دەرکرا. جێگەی ئاماژەیە کە دەنگدان بۆ دەرکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێگەی ژنان (Commission on the Status of Women)، ڕۆژی چوارشەممە، ١٤ی کانوونی دووەم (١٤-١٢-٢٠٢٢) لە ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیکۆسۆک لە نیویۆرک بەڕێوە چوو. لە کۆی ٥٢ ئەندامی ئامادەبوو لەم کۆبوونەوەی کۆمیسیۆن، ٢٩ وڵات دەنگیان بە دەرکردنی ئێران دا و تەنیا ٨ وڵات دەنگی "نەخێر"یان دا. هەروەها ١٦ وڵاتیش بەشدارییان نەکرد.(٤)

لە وەرچەرخانێکی بێوێنەی سیاسیدا، لە ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپی، داواکارییەک بۆ سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر سوپای پاسداران و تەنانەت بەتیرۆریست ناساندنی وروژێنراوە. لێرەدا پێویستە روون بکرێتەوە ئەوەی کە وا دەکات بەپێچەوانەی پێشبینییەکانی سەرەتای ئەورووپییەکان و بەتایبەتی ئەڵمانیا کە زۆر پارێزگارن و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان لەلایان زۆر گرنگە و تەنانەت لە دۆخی پاش هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا پرسی وزە ئەولەوییەتی ئاسایشیی هەیە و پێیان وایە کە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران مەترسییەکانی ئەم وڵاتە کەم دەکاتەوە،

بەڵام لە ئێستادا هەڵوێستی زۆر توندیان لە هەمبەر ئێران بۆ سێ فاکتەری سەرەکی دەگەڕێتەوە:

یەکەم: دوو حزبی دیموکراتی ئازاد (بیژن جیرسرایی) و حزبی سەوزەکان (امید نوری‌پور) لە ئەڵمانیا، سکرتێر و ڕێبەریان ئێرانین کە لە تەمەنی مناڵییەوە لە ئەڵمانیا پەنابەر بوونە. ئەمانە زۆر بەتوندی لە دژی سەرکوتکردنەکانی ڕژێمی ئێران هەڵوێستیان نواندووە و، بوونەتە هۆی ڕاکێشانی هەڵوێستی سیاسەتمەدار و ئەندام پەرلەمان و بەگشتی ڕای گشتیی ئەڵمانییەکان بۆ پاڵپشتی لە شۆڕشی ژینا. جێگەی ئاماژەیە کە حزبی سەوزی ئەڵمانیا ١٤.٨%ی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەدەست هێناوە و یەکێکە لە سێ حزبە گەورەکەی ئەڵمانیا لە حکوومەتی هاوپەیمانیی ئەم وڵاتە. ئانالینا بێربوک و ڕۆبەرت هاوبێک، سەرکردەکانی پێشووی حزبی سەوز، ئێستا وەک وەزیری دەرەوە و ئابووری لە حکوومەتی ئەڵمانیا هەڵبژێردراون. ئەوە جگە لەوەی کە پێشووتریش ڕۆبێرتا مێتسۆلا (Roberta Metsola)، سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا لە ڕێکەوتی ٢١ - ١١ - ٢٠٢٢دا ڕای گەیاند، پەیوەندی و وتووێژی ڕاستەوخۆی نێوان ئەم دامەزراوە ئەورووپییە و کۆماری ئیسلامیی ئێران تا کاتێکی نادیار هەڵدەپەسێردرێت. خاتوو مێتسۆلا هەروەها ئاماژەی بە سەرکوتکردنی توندوتیژانەی خۆپیشاندەران لە ئێران کرد و جەختی لەوە کردەوە کە "ئەورووپا چاوی خۆی بەرامبەر ئەو خۆپیشاندەرانە داناخات کە ئومێدیان بە ئێمە هەیە."



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**دووەم**: بە شێوەیەکی نەریتی، حزبە سەوز و بەشێک لە چەپەکان و دیموکراتەکان لایەنگری مافی مرۆڤ و ژنان بوونە؛ هەر ئەمەیش وای کردووە لەم پرسەدا هەڵوێستی توندیان هەبێت و پشتیوانی لە خۆپیشاندەرانی ئێرانی و ژنان بکەن.

**سێیەم**: هەڵەی ستراتیژیی ئێران سەبارەت بە هەڵپەساردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەمەیش گرنگتر، پێدانی چەک بەتایبەتی درۆن و مووشەک بە ڕووسیا و بەکارهێنانی لەلایەن ڕووسیاوە لە دژی ئۆکراینا کە بۆ ئەوروپییەکان لە لووتکەی پرسە ئاسایشییەکاندایە وای کردووە کە، ئەڵمانیا و وڵاتانی ئەوروپی بە بەراورد بە ڕابردوو ئەم هەڵوێستانەیان هەبێت کە چاوەڕواننەکراو بوو. هەرچەندە بە کۆمەڵێک هۆکاری جیۆئێکۆنۆمی و ناوخۆیی خۆیان و، هەروەها هۆکاری جیۆسیاسی، ئەم کاردانەوە و هەڵوێستانە وەکوو پێویست نییە، بەڵام تا ئەم ئاستەیش لە ئەوروپییەکان، بەتایبەتی ئەڵمانیا چاوەڕوان نەدەکرا.

بۆیە یەکێک لە دەسکەوتەکان یاخود لێکەوتەکانی ئەم شۆڕشە بۆ ئێرانییە ڕاپەڕیوەکان ئەوەیە کە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپییش لەم کاتەدا نایانەوێت لەگەڵ ئێران ڕێککەوتن بکەن و ئابلووقە و سزاکانی سەر لا ببەن و ئێران بتوانێت بە ئازادکردنی سەرچاوە داراییەکانی و لابردنی سزاکانی سەری، دەستی لە سەرکوتکردنی ناڕازییان ئاوەڵاتر بێت و لە ئاستی دەرەکی جارێکی دیکە میلیشیاکانی ببووژێنەوە و لە جەمسەری ڕووسیادا جێگیر بێت و تەنانەت یارمەتیی سەربازیی ڕووسیا بدات. بۆ نموونە ڕۆژنامەی "القدس"ی فەلەستینی لە ڕێکەوتی ١٢-١٢-٢٠٢٢ ئاشکرای کرد کە گرووپە فەلەستینییەکان وەک (گرووپە سەربازییەکانی سەر بە بزووتنەوەی فەتح و گرووپە چالاکەکانی غەززە وەک "جیهادی ئیسلامیی فەلەستین" و "بەرەی جەماوەری بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین") کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە سەرچاوە داراییەکانی کۆماری ئیسلامی دەبەستن، ئێستا بەهۆی وەستانی یارمەتییە داراییەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بوونەتەوە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، ئەم گرووپانە ئێستا کێشەیان هەیە لە پێدانی مووچەی بەرپرسان و ئەندامان و، هەروەها چالاکییە جۆراوجۆرەکانیان.

لە لایەکی تریشەوە، بەردەوامیی سەرکوتکردنی ئینتەرنێت و ئەو سنووردارکردنانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروست کراون لە ئێران، کاریگەرییان لەسەر ئابووریی ئێران هەبووە و بەپێی ڕاپرسییەک ٢٣%ی بەشداربووانی ئەم ڕاپرسییە کارەکانیان لەدەست داوە. ڕۆژنامەی "شەرق" پێشتریش بڵاوی کردەوە، ئەو ئامارانەی لە سیستەمێکی بازرگانیی ئۆنلاین زیرەکەوە بەدەست هاتوون، یەک ملیۆن هەلی کار، ڕاستەوخۆ و بژێوی ٩ ملیۆن کەس کاریگەرییان لەسەرە بەهۆی ئەو بزنسانەی لە ئینستاگرام هەیانە، کە هاوکات لەگەڵ فلتەرکردنی مانگی ئەیلوولدا، ٨٥ بۆ ١٠٠%ی فرۆشی فرۆشگە ئۆنلاینەکان دابەزیوە. زیانەکان فلتەرکردنی ماڵپەر و ئەپەکان لە ئابووریی ئێراندا زۆر فراوانە و، بە گوتەی جێگری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێران، بەهۆی بەشداریکردنی کەرتی ئایتی لە بەرهەمی ناوخۆییدا، هەر کاتژمێرێک لە پچڕانی ئینتەرنێت نزیکەی یەک ملیۆن و نیو دۆلار زیانی ئابووریی بۆ وڵاتەکە هەیە کە لە ٢٤ کاتژمێردا یەکسانە بە ٣٦ ملیۆن دۆلار. هەموو ئەمانەیش بەهۆی ترسی ئێران بووە لە گواستنەوەی زانیارییەکان کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو سەکۆیەک بۆ پەیوەندیی ئاسۆیی و ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکان و گواستنەوەی وێنە و بەڵگەی گرتن و کوشتن و ئەشکەنجە و سەرکوتکردنەکانی هێزە ئەمنییەکانی ئێران کەڵکی لێ وەردەگیرێت. بە واتایەکی تر، گوشارەکان بۆ سەر ڕژێمی ئێران بە شێوەیەک بەرفراوانە کە ئەم سانسۆر و "فیلتەرینگی ئینتەرنێت" لە ئێران وەکوو چەکی دووسەرە وایە، هەمیش بۆ ماوەیەکی کاتی پەیوەندیی جیهانی دەرەوە و ناوخۆی ئێران دەپچڕێنێت و هەمیش دەبێتە هۆکاری قووڵبوونەوەی ناڕەزایەتییەکانی ئابووری بەهۆی لەدەستدانی سەرچاوەی داهاتی چەند ملیۆن کەس کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی ئینستاگرام و تێلێگرام خاوەن پیشەی بچووکن.(٥) بەپێی ئاماری سەنتەری توێژینەوەی بێتا و نوینهاب، یەک ملیۆن و ٧٠٠ هەزار بزنس لەسەر پلاتفۆرمی ئینستاگرام کار دەکەن، کە نزیکەی ١٠ ملیۆن بزنسی بچووک و ماڵەوە لەخۆ دەگرێت.

یەکێک لە لێکەوتەکانی ئەم شۆڕشە بۆ ڕژێمی ئێران، دەرچوونی بڕیاری ژمارە (A/HRC/S-35/L.1) بوو لە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ٢٤-١١-٢٠٢٢ کە تایبەت بوو بە پێکهێنانی لیژنەیەکی "دۆزینەوەی ڕاستییەکان" (Fact-finding Mission) لە پاش کوشتنی ژینا ئەمینی لە ڕێکەوتی ١٦ - ٩ - ٢٠٢٢ بە دواوە، سەبارەت بەو کەیسانەی کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چالاکڤانان خراونەتە ڕوو وەکوو بەشێک لە پێشێلکارییەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر نارازی و خۆپیشاندەرە ئێرانییەکان، بەتایبەتی ئەو پێشێلکارییە گەورەیەی کە ڕژێم بە کوشتنی سەدان کەس بە تەقەی ڕاستەوخۆ لە بەلوچستان و کوردستان و ناوچەکانی دیکە ئەنجامی دا بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران و تەنانەت چەکی قورس و هێزی سەربازیی لە بەرامبەر کەسانی سڤیل بەکار هێناوە. هەروەها بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، کۆماری ئیسلامی، سەدان نارازیی کوشتووە کە بەشێکی زۆریان مناڵ و ئافرەتن و، دەیان هەزار کەسی گرتووە و ئەشکەنجە داوە و بەپێی ڕاپۆرتی (CNN) و سەرچاوەکانی تر، ڕژێمی ئێران دەستدرێژیی سێکسیی کردۆتە سەریان، هەم بۆ شکاندن و ترساندن و هەمیش بۆ وەرگرتنی دانپیانانی زۆرەملێ و، مەترسیی ئەوەیش هەیە بە تۆمەتی "دژایەتی لەگەڵ خوا" و "ڕووخانی سیستەم" سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا بسەپێنێت و لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا، بەتایبەتی لە کوردستان و شارە بچووکەکان، بنەماڵەکانیان لەبەر هۆکاری ئابروو و پاساوی پاراستنی شەرەف بەمیدیاییان نەکردووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## هەڕەشە و خاڵە لاوازەکانی شۆڕشی ١٠٠ ڕۆژەی "ژن، ژیان، آزادی"

ڕاستییەکەی، جگە لە ویست و داواکاریی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، تاوەکوو ئێستا هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ڕوون و ئاشکرا لە ناوخۆ و دەرەوە نەخراوەتە ڕوو کە بتوانێت هەموو چین و توێژەکان بە شێوەیەکی کرداری و ڕۆژانە پەیوەست بکات بە شۆڕشی ژیناوە. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، ئامار و ئاماژە و واقعی نارەزایەتی و شۆڕشەکانی ساڵانی ڕابردووی کۆمەڵگەی ئێران لە پاڵ هەژاری و کێشەی ئابووری، بێکاری و نائومێدیی گەنجان بۆ بنیاتنانی ژیانێکی ئاسایی، کێشەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان، گرانیی خوێندن و نەبوونی قوتابخانە لە ناوچە گوندنشینەکان، مایەپووچبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، شکستی خۆشگوزەرانی، ژینگەی قەیراناوی، نەبوونی ئازادیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و...، ئەمانە بەشێکن لە لیستی درێژی قەیرانی ڕژێمی ئێران؛ بەڵام جیاوازی لە خواستی چین و توێژەکان و پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران بەپێی نەتەوە و ئایین و جوگرافیا بووەتە هۆی ئەوەی کە، هەر کامە لەم پێکهاتانە داواکارییەکیان هەبێت.

ئەمەیش وای کردووە دڕدۆنگی و دوودڵییەک لە پەیوەستبوون بەم شۆڕشە لە لای زۆرینە- کە بە "توێژی خۆڵەمێشی"- دەناسرێت دروست بکات. بۆ نموونە کوردەکان و بەلوچەکان خواستی نەتەوەیی و پاشان مەزهەبییان هەیە و لەوانەیە ئەمە لە لای بەشێکی دیکە زۆر گرنگ نەبێت و بانگەشەی ئێرانێکی دیموکراتی و سیکۆلار بکەن کە چیتر ئەم جیاوازییانە تیایدا بەرجەستە نەبێت. یان بەشێکی تر کە هێشتا پەیوەستن بە توێژی مەزهەبی و باوەڕدار و پارێزگار، ترسیان هەبێت لە ڕووخانی ئەم ڕژێمە بە سیستەمێک کە ڕێز لە بیروبڕوا و بەهاکانیان نەگرێت و تەنانەت بەم هۆیەیشەوە سزا بدرێن یان لانی کەم بخرێنە پەراوێزە و هەڕەشە لە بەهاکان و ناسنامەیان بکات.

هەموو ئەمانەیش وا دەکات کە خاڵێکی دیکەی لاوازی ئەم شۆڕشە بەرجەستە ببێتەوە و، ئەویش ئەوەیە کە تاوەکوو ئێستا هیچ ڕێکخستن و ئەنجومەنێکی ڕێبەری لە ناوخۆ و دەرەوە دروست نەبێت. ڕاستە لە ناوخۆ تاوەکوو ئێستا بەهۆی سەرکوت و گرتن و ڕاوەدوونان، دەرەتان و دەرفەتی پێکهێنانی ئەم ڕێکخستن و ڕێبەرییە نەبووە و زیاتر لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپ و تۆڕی ئاسۆیی و ناڕێکخراوەوە ئەو ١٠٠ ڕۆژە نارەزایەتی بەردەوام بووە و ئەگەری بەردەوامبوونیشی زۆر بەهێزە، بەڵام هەر ئەم هۆکارە ناڕێکخراوەییەیە کە وای کردووە شۆڕشەکە بەردەوام بێت و ڕژێم نەتوانێت سەرکوتیان بکات؛ لە هەمان کاتیشدا بووەتە هۆی ئەوەی کە هیچ ئەڵتەرناتیڤ و ئەنجومەنێک ناوەندی ڕێبەری یاخود لانی کەم ڕێوەبەری دروست نەبێت. جگە لەمانەیش ڕووداو و پێشهاتەکان دەریان خست کە حزب و لایەنەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە جگە لەوەی کە لەگەڵ یەکتری ناتەبا و تەنانەت دژبەرن و سەرەڕای "دوژمنی هاوبەش"، تاوەکوو ئێستا ناتوانن پێکەوە دابنیشن و کار بکەن و ئەڵتەرناتیڤێک بخەنە ڕوو، لە هەمان کاتیشدا ئەم دۆخە وای کردووە کە ئەمریکا و وڵاتانی کاریگەر لەسەر داهاتووی ئێران، دوودڵ و دردۆنگ بن لە ڕووخانی ڕژێم.

تەنانەت هەڵوێستی ئەمریکا ئەوە نیشان دەدات کە ئێرانێکی لاواز کە خاوەن چەکی ئەتۆمی نەبێت یاخود بەرنامە مووشەکییەکی کۆنترۆڵ کرابێت و توانای بەڕێوەبردنی سیاسەتی ڕابردووی لە ئاستی هەرێمایەتی بۆ هاندان و پاڵپشتی لە میلیشیا و گرووپە توندڕەوەکانی لاواز بێت، دەکرێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەوە باشترە کە بەرەو ئاسۆیەکی نادیار و ناڕوون لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشمەکێش و ئالنگاری هەنگاو بنرێت و یارمەتیی ڕووخانی سیستەمێک بدرێت کە جێگرەوەکەی، دیار نییە چی دەبێت و چۆن دەبێت.

ڕاستییەکی دیکەیش ئەوەیە کە جگە لە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خاوەن هێزی سیاسیی ڕیشەدار و ئەزموونی بەرەنگاریی ئەم ڕژێمەیە، لایەنە سیاسییەکانی دیکە لەم ماوەی ١٠٠ ڕۆژەدا نیشانیان دا کە جگە لە ڕاگەیاندنی سەرتاسەری، خاوەن پێگە و نفووزێکی ئەوتۆی سیاسی نین لە ناوخۆی ئێراندا. ئەمەیش بۆ کورد هەم دەرفەتە هەم هەڕەشە؛ دەرفەتە لەو ڕووەوە کە دەتوانێت لە هاوکێشەکانی داهاتوودا پێگە و قورسایی هەبێت و، هەروەها پاڵپشتییەکی بەرفراوانی جەماوەریی هەیە، بەڵام هەڕەشەیە لەم ڕووەوە کە هەم ناتوانێت ئێران ڕزگار بکات و، تێچووی مرۆیی و ماددیی هەر جووڵانەوەیەکی نارەزایەتی لەم ناوچەیە چەندان بەرامبەری ناوچەکانی دیکەیە و، لە لایەکی تریشەوە بۆتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی نەتەوەپەرەستە ناوەندگەراکان و بەتایبەتی لایەنگرانی کوڕی محەممەدرەزا پەهلەوەی، شای پێشووی ئێران کە لە ئێستادا بەراورد بە لایەنەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی ئێران بەهێزترە و، ئەمەیش بەهۆی بوونی توانای ماددی و دیپلۆماسی و میدیایی و سەرمایەی ڕەمزیی ڕابردووی باوک و بنەماڵەکەی.

پێکناکۆکی یان دایلەمای (dilemma) ئەم دۆخە وای کردووە کە لایەنگرانی ڕەزا پەهلەوی، شازادەی جێنیشینی پێشووی ئێران، لە هەستیارترین بارودۆخدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر هەڕەشەی جینۆساید و سەرکوتکردندا بوو، ئەم لایەنە بەناڕاستەوخۆ هاوهەڵوێست بێت لەگەڵ لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی و خۆی بێدەنگ بکات یان ئەوەی کە بەناڕاستەوخۆ بەردەوام ترسی جیابوونەوە و جیاییخوازی بورووژێنێت و ببێتە هۆکاری دردۆنگیی خەڵکی ناوەند کە دەیانتوانی گوشارەکانی سەر کوردستان کەم بکەنەوە، بۆ ئەوەی کە ڕژێم نەتوانێت هێزێکی زۆر بۆ سەرکوتکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆ بکاتەوە؛ بەڵام ئەمە ڕووی نەدا!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆیە بێهەڵوێستیی شارە گەورەکان، بەتایبەتی تاران و تەوریز و ئەسفەهان و مەشهەد، بەشێکی بۆ ئەو ترسە لە کورد و نەتەوەکانی دیکە و داهاتووی یەکپارچەیی ئێران دەگەڕێتەوە. ئەم ڕووداوانە دەری خست کە خودی حزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە ماوەی ئەم ٤٣ ساڵەدا نەیانتوانیوە هیچ پەیوەندییەکی بەهێز و ڕێکخراو لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران پێک بێنن یان لانی کەم ئەم ترسە بە ڕێگەی جۆراوجۆر لە سەردەمی شۆڕشەکانی زانیاری و تەکنەلۆژیا و بەرفراوانبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڕەوێننەوە. هەر ئەمەیش وای کردووە کە بەهێزبوونیان لە دوو لانەی ڕژێم و ئۆپۆزیسیۆن ببێتە خاڵی لاوازیان بۆ سەرکوتکردنی زیاتر و ترساندنی خەڵکی ناوەند بۆ ڕووخانی سیستەمەکە. هەرچەندە ئەم شۆڕشە لەم ١٠٠ ڕۆژەدا وای کرد کە تا ڕادەیەک بەرە بەرە ئەم کەلێن و لێکترازانە لانی کەم لەسەر ئاستی ڕای گشتی پڕ ببێتەوە و پەیوەندی لە نێوان ئەو بەشانە دروست ببێت و ئەو ترسە لە هەڵوەشانەوەی ئێران و جیاییخوازیی کورد کەمتر بکرێتەوە.

ئەم ڕووداو و پێشهاتانەیش نیشانی دا کە کۆماری ئیسلامی لەم ٤٣ ساڵەدا لەوە سەرکەوتوو بووە کە ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر ئەو خاڵە دژی نەتەوەکانی ئێران هاوڕا بکات و ئەو پێکهاتانە بە ئەوی تری ناسنامەی ئەوان پێناسە بکات، نەک تەنیا نەیار و دوژمنی کۆماری ئیسلامی. ئەمەیش هەر ئەو خاڵە بووە کە وای کردووە تەمەنی کۆماری ئیسلامی بگاتە سەروو ٤٠ ساڵ و سەرەڕای نارەزایەتیی قووڵی زۆرینەی هاووڵاتیان لە سیستەمەکە، بەڵام سیستەمەکە هەر بمێنێتەوە. ئەمە جگە لەوەی لە ئاستی ناوخۆییش جگە لە سەرکوتکردن، ڕێگەی بە دروستبوونی هیچ ڕێکخراو و حزبێک نەداوە کە ئێستا ئەرکی ڕێکخستنی لە ئەستۆ بێت و تەنانەت وەکوو هەموو سیستەمە تۆتالیتەرەکان کاری لەسەر ئەتۆمیزەکردنی کۆمەڵگە و تاکەکان کردووە و خەڵکی لە بەرامبەر یەکتری بێمتمانە کردووە و بۆتە هۆکاری ناکۆکیی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی دەرەکییش.

لە لایەکی تریشەوە، بەهۆی سیاسەتی هەڵەی ئابووری و سزا و ئابلۆوقە درێژخایەنە داراییی و ئابوورییەکانی سەر ئێران، دۆخی نالەباری ئابووریی خەڵک وای کردووە کە نەتوانن وەکوو پێویست، پەیوەست بن بە نارەزایەتی و مانگرتنە سەرتاسەرییەکانەوە؛ بە جۆرێک کە زۆرینەی خەڵکی ئێران بە پێی ئامارەکانی خودی کۆماری ئسیلامی، لەژێر هێڵی هەژارییەوەن و تەنانەت ئەگەر پیشەیەکی نزمیشیان هەبێت، نەتوانن پارەی خۆراکی ڕۆژانە و کرێی مانگانەی شوێنی نیشتەجێبوونیان دابین بکەن. ئەوەیش وای کردووە کە کرێکاری ڕۆژانە و بازاڕ و کرێکاری کەرتی پیشەسازیی نەوت و بەرژەمە نەوتییەکان، کە بڕبڕەی پشتی ئابووریی ئێرانن، نەتوانن بە شێوەیەکی درێژماوە بەردەوام بن لە مانگرتن یان نارەزایەتی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرچەندە پێشبینی دەکرێت بەهۆی دۆخی نالەباری ئابووری و لەدەستدانی بەهای تمەن و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان و بێکاری لە ئێران، ئەمانەیش پەیوەست بن بە مانگرتن و شۆڕشەوە. بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢، ڕێژەی هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵ لە مانگی کۆتایی پاییزی ساڵی ١٤٠١ گەیشتووەتە ٥.٤٨%. واتە هەر خێزانێک ٤٨.٥% زیاتری لە کڕینی کاڵا و خزمەتگوزاریدا خەرج کردووە بە بەراورد بە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢١. هەر لە هەمان ڕاپۆرتدا باس لەوە دەکرێت کە ڕێژەی هەڵاوسان بۆ هەر خێزانێکی شارەکان بە زیادبوونی شەش لەسەر دەی لەسەدا گەیشتووەتە ٤٧.٩% و بۆ خێزانە گوندنشینەکان بە دابەزینی ٩ لەسەر دەی لەسەدا گەیشتووەتە ٥١.٤%.

هەروەها پێداچوونەوەیەک بە ئامارەکانی پەیوەست بە دۆخی هێزی کار لەم هاوینەدا و پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا دەری دەخات کە ٩٥٥ هەزار و ٣٩٨ کەس لە دەرچووی وڵات بێکارن؛ ئەمەیش بەو مانایەیە کە ٤٠.٩%ی بێکارانی وڵات دەرچووی زانکۆن. هەروەها ٥١٣ هەزار و ٨٩٥ کەس لەم بێکارانەی دەرچووی زانکۆکان ژنن و ٤٤١ هەزار و ٥٠٣ کەسیش پیاون؛ لە ڕووی ڕێژەیەوە ڕێژەی بێکاریی دەرچووانی پیاو ٩,٧% و دەرچووانی ژن ٢٣,٢%یە. هەرچەندە ئامارە نافەرمییەکان هەم ڕێژەی بێکاری و هەمیش ڕێژەی هەژاری و هەڵاوسان زۆر بەرزتر نیشان دەدەن، چونکە هەم شاردنەوە و ناڕوونی لە ئامارەکانی ئێراندا هەیە و هەمیش پێوەرکانی بێکاری لە ئێراندا بە جیاواز هەژمار دەکرێت و تەنانەت لە ناوچە پەراوێزییەکانیشدا هەموو کەرت و بوارەکانی ئابووری ڕێژەکەی زۆر بەرزترە.

## کۆبەند

یەکێک لە ئاماژەکانی کۆتاییهاتنی ئەم سیستەمە کە لێکەوتەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینایە ئەوەیە کە، ئێران خەریکە چ لەلایەن چین و چ لەلایەن ڕۆژاواوە لە هاوکێشە جیۆسیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخرێتە پەراوێزەوە و، بە جۆرێک جیهان خۆی بۆ نەمانی ئەم ڕژێمە ئامادە دەکات؛ باشترین بەڵگەیش سەردانی سەرۆکی چین و ڕێککەوتنی چین و سعوودیا و وڵاتانی کەنداو و عەرەبی بوو لەم چەند ڕۆژەدا لە ڕیاز و، لە لایەکی تریشەوە لووتکە یاخود کۆنفرانسی بەغدا - ٢ لە ئوردن کە ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەڕەنسا لە چاوپێکەوتنێکدا لە ڕێکەوتی ٢٣ - ١٢ - ٢٠٢٢ لەگەڵ ڕۆژنامەی النهار بەئاشکرا باسی لەوە کرد کە باشترین ڕێگە بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیریی عێراق، دوورخستنەوەی عێراقە لە ئێران و، هەروەها ئەمەی سەبارەت بە لوبنانیش گوت. لەم چاوپێکەوتنەدا ماکرۆن دەڵێت: "من قەناعەتم وایە جگە لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی نفووزی ناوچەیی ئێران نەبێت، ناتوانین چارەسەرێک بۆ کێشەکانی لوبنان و عێراق و سووریا بدۆزینەوە."



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

یەکێک لە گرنگترین خاڵ و فاکتەرەکان لەم ١٠٠ ڕۆژەدا کە بوّتە هۆکاری لاوازیی ئەم ڕاپەڕینە و هەڕەشە لەم شۆڕشە دەکات، یەکگرتوویی سیاسیی دەسەڵاتداران بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خامنەیی و، هەروەها یەکگرتوویی هێزە سەربازی و ئاسایشییەکانە کە وای کردووە هیچ پاشەکشەیەک نەبینرێت و هێزە ئەمنییەکانیش یەکگرتووانە ئیرادەی سەرکوتکردنیان بەردەوام بێت. مردنی خامنەیی لە پاڵ ناکۆکی و دوودڵیی هێزە سەرکوتکەرەکان دەتوانێت ئەم هاوکێشەیە بگۆڕێت، بەڵام بەردەوامی و بەرفراوانبوونی ئەم شۆڕشە لە پاڵ پاڵپشتیی کرداریی دەرەکی (کە تاوەکوو ئێستا نەبینراوە!) دەتوانێت ئەم هاوکێشەیە بگۆڕێت و ئەمەیش پەیوەستە بە دروستبوونی ڕێکخستن و بەڕێوەبەریی شۆڕشەکەوە لە ناوخۆ و دەرەوە و پەیوەستبوونی هەموو چین و توێژەکانەوە بە خستنەڕووی ئەڵتەرناتیڤی ڕوون بۆ ناوخۆ و دەرەوە و ڕەواندنەوەی مەترسی و دڵەڕاوکێکانی پێکهاتەکان و، هەروەها مانگرتنی سەرانسەریی کەرتی گواستنەوە و پیشەسازییەکانی، بەتایبەتی نەوت و گاز و پیترۆکیمیاییەکانی ئێران کە شادەماری ئابووریی ڕژێم پێک دێنن. لە لایەکی دیکەیشەوە، بەرزبوونەوەی ئاستی بەشداریی شارە گەورەکان، بەتایبەتی بە پلەی یەکەم تاران و پاشان تەوریز و مەشهەد و ئەسفەهان، چ لە ڕووی خەڵک و جەماوەرەوە و چ لە ڕووی مانگرتنی بازاڕەوە، ئەو شۆڕشە و ڕووخانی سیستەم خێراتر دەکات؛ بەپێچەوانەوە ئەم دۆخە درێژە دەکێشێت و تێچووی مرۆیی زۆر بەرز دەبێتەوە و دەسەڵات بۆ مانەوەی خۆی پێشێلکردنێکی بێوێنە لە بواری مافی مرۆڤ دەگرێتە بەر.

لە کۆتاییدا، ئەوەی کە ئەم سیستەمە دەڕووخێنێت، لە لایەک دروستکردنی پەرژینێک لە بەها و پیرۆزییەکانی هاوبەش بوو لەگەڵ زۆرینەی خەڵک لە ڕێگەی دامودەزگەیەکی ئاڵۆزی ئایدیۆلۆژی و ڕاگەیاندن و بانگەشەوە کە ئەمە بەهۆی سیاسەتەکانی ڕۆژانە و بێتوانایی لە دابینکردنی پێداویستییەکانی سەرەتاییی خەڵک و، هەروەها ئاشکرابوونی گەندەڵی و ڕەفتار و بەهای پێچەوانەی ئەو دەسەڵاتدارانە وای کرد کە بەهۆی کوشتن و گرتن و سەرکوتکردن چیتر خەڵک ئەم سیستەمە و دەسەڵاتە بە خوایی و پیرۆز نەبینێت و بەتەواوی بێهیوا ببێت لێی. لە لایەکی تریشەوە بێهیواییی تەواوی ئەو خەڵکە لەم ڕژێمە بۆ هەر جۆرە چاکسازییەک، وای کردووە کە جگە لە ڕووخان هیچ جۆرە ڕێگەچارەیەکی دیکەیان نەمێنێت، چونکە ئەم فاکتەرە نهێنیی مانەوەی ئەو سیستەمە بووە. جگە لەمانەیش ئیرادەی ڕووخانی خەڵک لە پاڵ چوونە پاڵ ڕووسیا و تا ڕادەیەک چین، وا دەکات کە لە دەرەوەیش وڵاتان بە لێکدانەوەی سوود و زیان لە قۆناغێکی نزیکدا پەیوەست بن بە ئامانجەکانی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەکەوە و، ئاسانکاریی بۆ بکەن لە ڕێگەی توندترکردنی گوشارەکانیانەوە و لێسەندنەوەی ڕەوایەتیی نێودەوڵەتی لە بەرپرسانی سیستەمەکە.

(١) - ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، ئەم پێشهاتە سیاسییە بەردەوامانە بە "ناڕەزایەتیی تێکدەرانە" و "ئاژاوە" (riot) ناو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەبات بۆ جەختکردنەوە لەسەر نەبوونی ڕێکخستن، نەبوونی سەرکردایەتی، پارچەپارچەبوون لە ئامانج و داواکارییەکان، نەبوونی تاکتیکی ڕوون لە خەباتدا، ئەگەری کەمی بەردەوامی و توانای بەرزی وێرانکاری، بۆ ئەوەی بێبەهاییی نیشان بدات و پاساوی سەرکوتکردنی ناوخۆیی و دەرەکیی هەبێت. تەنانەت هێزە ڕیفۆرمخوازەکان کە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە سیاسەتی هەنووکەییی ئێراندا نییە، ئەم پەرەسەندنە بە "ڕاپەڕین، یاخیبوون" (uprising, rebellion) ناو دەبەن. هەروەها لە ئەدەبیاتی میدیای فارسیزمان لە دەرەوەی ئێران، کە هەوڵ دەدات بێلایەن بێت، ئەم پەرەسەندنە بە: "ڕاپەڕین"، "خۆپیشاندان"، "سەرهەڵدان" یان "خۆپیشاندان" (revolt, protests, outburst) ناو دەبرێت؛ ڕەنگە "خۆپیشاندان" و "ناڕەزایەتی" ناونیشانی گونجاو بن بۆ کۆبوونەوەیەکی دیاریکراو لە ناوچەیەکی دیاریکراودا؛ بەڵام ناوێکی باش نییە بۆ ئەم زنجیرە بزووتنەوەیە؛ چونکە بزووتنەوەکان تەنیا لە خۆپیشاندان یان ناڕەزایەتیی زارەکیدا دەرناکەون و خۆپیشاندانەکان زیاتر نیشاندانی ئەم بزووتنەوەیەن نەک نوێنەرایەتیی سروشتیی ئەو بزووتنەوەیە بکەن. بۆیە **جووڵانەوە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە** (revolutionary movement) دەتوانێت ناونیشانێکی گونجاوتر بێت.

(٢) - ئەم توێژینەوەیە بە شیکردنەوەی ئامارەکان ئەگەری کاریگەریی پەتای کۆرۆنا لەسەر کەمبوونەوەی دەنگی جەماوەری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ساڵی ٢٠١٩یش ڕەت دەکاتەوە. بەپێی ئەم توێژینەوە - شیکارییە، لەو شارانەی کە ناڕەزایەتییان بەرز و بەردەوامە، دەنگدان بۆ کاندیدی براوەی سەرۆکایەتی لە ساڵی ٢٠٢١ بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٦ بەتێکڕا ٢٢,٦% کەمتر بووە لەو شارانەی کە ناڕەزایەتییان کەم بووە یان نەبووە. بە واتایەکی تر ئەو شارانەی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧ بۆ ٢٠٢١ لە ناڕەزایەتییەکاندا چالاکتر بوون، لە ڕووی سیاسییەوە بێزارتر بوون و کەمتر بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا کردووە. بەم پێیەش قەیرانی نوێنەرایەتیی سیاسی، نیشاندەرێکی زۆر ئاشکرایە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ناڕەزایەتییانەی کە لە دوای کوژرانی ژینا ئەمینی لەو وڵاتەدا ڕوویان داوە. یەکەم نیشانە جددییەکانی ئەم قەیرانەیش، لە دەنگەکانی هەڵبژاردنی خولی یازدەیەمی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٩دا دەبینرێت. بۆ نموونە، بەهۆی بەرزبوونەوەی ساڵانەی ٥٦٩ هەزار دەنگدەر، پێشبینی دەکرا ژمارەی دەنگەکانی ساڵی ٢٠١٩ بگاتە ٣٤ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار دەنگ. بەڵام کۆی ئەو دەنگانەی کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ٢٠١٩ لە دەنگدەرانەوە وەرگیراون، نزیکەی ١٠,٤ ملیۆن دەنگ کەمترە لە بڕی چاوەڕوانکراو (٥ هێندەی لادانە ستانداردەکە). کۆی گشتیی دەنگەکانی ئەو هەڵبژاردنە، ٢٤.٥ ملیۆن بوو کە دەکاتە ٣٠% کەمتر لەوەی پێشبینی دەکرا.

هەروەها ئەگەر لەسەر بنەمای گۆڕانکارییەکانی کۆی گشتیی دەنگەکانی بەدەستهاتووی ئێران لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا پێش ساڵی ٢٠٢١، بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دەنگدەرانی خاوەن مافی دەنگدان، پێشبینی دەکرا بەتێکڕا ٧٥٠ هەزار دەنگ بۆ کۆی دەنگەکان زیاد بکرێت لە هەر هەڵبژاردنێکدا و، بەم پێیەش ژمارەی دەنگەکان لە ٢٠٢١ بگاتە ٤٣.٥



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ملیۆن دەنگ؛ بەڵام کۆی گشتیی ئەو دەنگانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ٢٠٢١ لە دەنگدەرانەوە وەرگیراون، نزیکەی ١٤,٥ ملیۆن دەنگ کەمترە لە ڕێژەی چاوەڕوانکراو و، بەم پێیەیش کۆی گشتیی دەنگەکانی ٢٠٢١، نزیکەی ٢٩ ملیۆنە کە دەکاتە ٣٣% کەمتر لەوەی پێشبینی دەکرا (لێرەدا ئەوە جگە لەوەی کە زیاتر لە ٣,٧ ملیۆن دەنگی سپی و پووچەڵ هەبووە وەکوو نارەزایەتییەک، کە دەکاتە١٣% کۆی گشتیی دەنگەکانی ئەو هەڵبژاردنە؛ لە لایەکی تریشەوە بەردەوام ڕژێمی ئێران بە دەستبردن بۆ ئەنجامەکان و دەستکاریکردنی ڕێژەی دەنگدان لە نەبوونی چاودێری سەربەخۆ و دەرەکی تۆمەتبار دەکرێت و هیچ کات ئامارەکانی لە هەڵبژاردنەکاندا جێگەی بڕوا نەبوونە).

(٣) - لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ بۆ ٢٠٢١ بەرزترین ئاستی هەناردەکردنی ئەڵمانیا بۆ ئێران لە ساڵی ٢٠٠٥ بووە کە بەهاکەی ٤ ملیار و ٣٧٠ ملیۆن یۆرۆ بووە. پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان ئێران و ئەڵمانیا کاریگەریی گەمارۆکانی لەسەرە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦، دوا بە دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ساڵی ٢٠١٥ کە بە "JCPOA" ناسراوە، سزاکان کەم کرانەوە. بێ گومان هەناردەکردنی هەندێک کەلوپەل بۆ ئێران هێشتا قەدەغەیە و هەندێکیان پێویستیان بە مۆڵەتی تایبەت هەیە. لەنێو وڵاتانی ئەورووپی، ئەڵمانیا لە ساڵی ٢٠٢١دا گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی ئێران بوو؛ بە جۆرێک نزیکەی یەک لەسەر سێی بازرگانیی نێوان ئێران و یەکێتیی ئەورووپا لەگەڵ ئەم وڵاتە بوو. ئەڵمانیا لە ساڵی ٢٠٢١دا یەک ملیار و ٤٤٩ ملیۆن یۆرۆ کاڵای هەناردەی ئێران کردووە و ٢٧٤ ملیۆن یۆرۆ کاڵای لە ئێرانەوە هاوردە کردووە. کۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ئەم وڵاتە لەگەڵ ئێران، یەک ملیار و ٧٢٣ ملیار یۆرۆ بووە. بەپێی ئامارەکان لە ساڵی ٢٠٢١ هەناردەی ئەڵمانیا بۆ ئێران بریتی بووە لە ماکینە بە بەهای ٢٧٥ ملیۆن یۆرۆ، کەلوپەلی کشتوکاڵی ٢٧٠ ملیۆن یۆرۆ، بەرهەمی کیمیایی ٢٣٠ ملیۆن یۆرۆ، بەرهەمی دەرمانسازی ٢٢٨ ملیۆن یۆرۆ. هەروەها لە ماوەی نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢دا کۆی گشتیی هەناردەی کاڵای ئێران بۆ یەکێتیی ئەورووپا نزیکەی ٢٧٢ ملیۆن تۆن بووە و بەهای نزیکەی ٥٥٤ ملیۆن یۆرۆ بووە و لەم ماوەیەدا نزیکەی ٧٣%ی هەناردەی کاڵای ئێران بۆ یەکێتیی ئەورووپا بۆ ٥ وڵات هەناردە کراوە: ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، ڕۆمانیا و بولگاریا.

(٤) - ئەو بڕیارە کە ئەمریکا پێشنیاری کردبوو، دوای ئەوە هات کە زۆربەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ داواکاریی دەرکردنی کۆماری ئیسلامییان لە کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان ئامادە کرد. بۆ نموونە، لە مانگی تشرینی یەکەمدا، ڕێکخراوی چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕێکخراوێکی ناحکوومییە لە سویسرا و وەک قۆڵێکی ڕاوێژکاریی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکات، ڕەشنووسی بڕیارنامەیەکی ئامادە کرد کە تێیدا داوای لە ئەنجومەنەکە کرد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژنانی ئەم دامەزراوەیە دەربکرێت. هەروەها مانگی ڕابردوو کۆمەڵێک ژنی ناودار لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نامەیەکیان نووسی و داوای دەرکردنی کۆماری ئیسلامیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێرانیان لەم کۆمیسیۆنە کرد. هیلاری کلینتۆن، میشێل ئۆباما، لۆرا بۆش، خانمە یەکەمەکانی پێشووی ئەمریکا، هەروەها میلانیا جۆلی، وەزیری دەرەوەی کەنەدا، شیرین عیبادی، مەلالە یوسفزای و نادیە موراد لەو کەسایەتییە سیاسییانە بوون کە واژۆیان لەسەر ئەم نامەیە کردووە.

(٥) - ئابووری دیجیتاڵی (Digital Economy)، ئابووری ئۆنلاین، ئابووری نوێ، ئابووری وێب و ئابووری ئینتەرنێت تێکەڵ بە ئابووری تەقلیدی بووە؛ ئابوورییەک لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەری دیجیتاڵی وەکو واقعی زیادکراو و واقعی مەجازی، بلۆکچەین و دراوی دیجیتاڵی، مۆدێلکردنی سێرەهەندی، زیرەکیی دەستکرد، مرۆڤی دیجیتاڵی و، هەروەها ئەو IoE کە جیهانی بردووە بۆ سەردەمی نوێی میتاڤێرس لە ڕێگەی بازاڕەکانی بنەمای ئینتەرنێتەوە. لە ئێران لەگەڵ فراوانبوونی ئیکۆسیستەمی ستارتاپ، پشکی ئابووری دیجیتاڵی لە بەرهەمی ناوخۆییدا گەیشتووەتە نزیکەی ٧,٢%. ئەم ڕێژەیە لە هەندێک وڵاتدا ٣٠%ی تێ پەڕاندووە. ئابووری دیجیتاڵی لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا ٢,٥ هێندە خێراتر لە بەرهەمی GDPی وڵاتانی جیهانی گەشەی کردووە. پچڕانی ئینتەرنێت و فلتەرکردنی فەزای مەجازی نەک هەر ژیانێکی سادە و چالاکییەکانی ڕۆژانە و بەتایبەت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پەک خستووە، بەڵکوو زیانێکی زۆری بە ئابووری وڵات و سووری بەرهەمهێنانی وڵات گەیاندووە. ئەمڕۆ ئینتەرنێت بووەتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ بازرگانی، وەک کارەبا و گاز، ئاو، ڕێگاوبان و گواستنەوە و ژێرخانی گەشەپێدانی سەرەتایی تر. لە ئێران کە ٨٥ ملیۆن کەسی تێدایە، ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ٧٢ ملیۆن کەسی تێ پەڕاندووە و زیاتر لە ٥٥ لەسەدیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و نامەبەرەکاندا چالاکن، کە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢١ نزیکەی ١٠ لەسەدە گەشەی کردووە. ئینستاگرام بە ٤٨ ملیۆن بەکارهێنەر و وەتسئەپ بە نزیکەی ٥٢ ملیۆن بەکارهێنەر، بەناوبانگترین تۆڕی کۆمەڵایەتی و نامەناردنن لە ئێران؛ هەروەها تێلێگرام ٥٠ ملیۆن بەکارهێنەری ئێرانیی هەیە. بوونی ئەم ژمارە بەکارهێنەرە لە سۆشیال میدیادا بنەمای زۆرێک لە کارلێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی بازرگانی و بازرگانی لە فەزای مەجازیدا دابین کردووە. بەپێی ئامارەکانی نێتبلۆکس (ڕێکخراوێکی ناحکوومیی چاودێری ئینتەرنێت لە جیهاندا)، ئێستا زیانەکانی پچڕانی ئینتەرنێت لە ئێران بە نزیکەی یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار لە کاتژمێرێکدا (نزیکەی ٣٦ ملیۆن دۆلار لە ڕۆژێکدا) مەزەندە دەکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس – ڕێکەوتی: ٢٨ی دیسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# منداڵانی کار و ڕژیمی منداڵکوژی کۆماری ئیسلامی



**سایتی پەیام**

شۆڕشی ئێران کە بەدروشمی "ژن. ژیان. ئازادی" دەستی پێکرد، لە ماوەی ٣ مانگ و نیوی بەردەوام بوونیدا،" گرنگی ژیان"ی لە بەرانبەر گرنگی" مەرگ"دا کە حکومەتی ئیسلامی پەرپێدەریەتی، بەچەشنێکی ڕوون و بەرچاو نیشاندا. هەر ئەو ژیانەی کە لە زیاتر لە حەفتا لەسەدی خەڵکی ئێران دریغ و زەوت کراوە. منداڵان زیاتر لە هەموشتێک لەگەڵ ڕەنج و ئازاری سەرچاوەگرتوو لە هەژاری، بێکاری، گرانی، بێ مەسکەنی، گیرۆدەبوونی کەسوکاریان بە مادەی هۆشبەر و توندوتیژی لەسەر شەقامدا بەرەوڕوون.

بەپێی ئاماری حکومەتی، زیاتر لە نیوەی جەمعیەتی ئێران لە هەژاری بەتەواوەتیدا دەژین و توانایی دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانی خۆیانیان نییە. کاری کەمەرشکێن، نزم بوونی لە ڕادەبەدەری نرخی دراوی وڵات، نەبوونی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لەوانە بیمەکانی بێکاری و دەرمانی بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە منداڵانێکی زیاتر ناچاربن دەست لە خوێندن هەڵبگرن. ئەم منداڵ و تازەلاوانە کە توانایی درێژەدان بە خوێندنیان نییە، بە ناچاری بۆ دابینکردنی کۆمەک هەزینەی بنەماڵەکانیان دەچنە نێو بازاڕی کارەوە. لە وڵاتێکدا کە گیان و ژیانی ئینسان هیچ بەهایەکی نییە و حکەمەت لە ماوەی ١٠٠ رۆژدا زیاتر لە ٦٠ منداڵ دەکوژێت، گەلێک منداڵی لە ڕیزی مەحکومانی بە ئێعدامدا ڕاگرتوە، منداڵان لەسەر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شەقام بریندار یان لە زینداندا ئەشکەنجە ئەکات، دیارە لەژێر حاکمیەتی وەها ڕژێمێکدا منداڵانی کار خاوەنی هیچ جۆرە مافێکی ئینسانی نابن.

کۆماری ئیسلامی کە بە سەدان هەزار منداڵی ناچار بە کار کردە و قاتڵی گەلێک منداڵیشە، نابێ لە هیچ کۆڕوکۆمەڵێکی جیهانی دیفاع لە مافی منداڵاندا ئامادە بێت.

پێویستە هەر ئەو جۆرەی کە بەخاتر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ حکومەتی ئیسلامی لە کۆموسیۆنی مافەکانی ژنان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەرکرا، لە سەرجەم ناوەند و کۆبوونەوەکانی پەیوەست بە مافەکانی منداڵانیش وەردەر بندرێت.

ڕیفاه و ئەمنیەتی منداڵان پێناسەی سەرەکی هەڵسەنگاندنی هەموو حکومەت و نیزامێکی سیاسیە و حکومەتی ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە تا مرۆڤانەترین سیاسەتەکانی بەرانبەر بە منداڵان گرتۆتەبەر. لە چوارمانگی ڕابردودا منداڵانی کار بەرەوڕووی توندتیژی زیاتر بوونەتەوە و ئەو داهاتە کەمەش کە بوویان تا هاتوە کەموکەمتر بۆتەوە.

ناردنی منداڵان بۆ نێو مەیدانەکانی مین لە شەڕی ئێران و عێراقدا، بەکارهێنانیان وەک سەربازمنداڵ لە شەڕەکاندا، کەڵک وەرگرتن لە منداڵان لە عەزاداریەکاندا و خوێناوی کردنی جەستەیان بە قەمەمە و زنجیر، کەڵک وەرگرتن لە منداڵانی بەسیجی بۆ سەرکوتی خەڵک، بە گشتی لە زومەرەی جەنایەتە لەبیرنەکراوەکانی کۆماری ئیسلامین لەدژی منداڵان، کە بەگشتی چەمک و مەفهومی جەنایەت دژبە مرۆڤایەتی بە خۆیانەوە دەگرن.

جێگای منداڵان لە مەدرەسە و گۆڕەپانەکانی یارییە. روخانی کۆماری ئیسلامی سەرەتایەک دەبێت بۆ دەستەبەربوونی مافەکانی منداڵان، بۆ دابینبوونی ئەمنیەت، ئاموزش و ئارامش بۆ بەملیۆن منداڵ لە چینە کرێکار و زەحمەتکێشەکان. واتە بۆ گەیشتن بە نیزامێک کە تێیدا منداڵانی کار بوونی نەبێت و هەموو منداڵانی ئێران لە ئارامی و ئەمنیەتدا پەرە بە گەشەدان بە تواناییەکانیان بدەن.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە سەد ڕۆژەی شۆڕشی ژینادا: دەرهاویشتە و دەسکەوتەکانی شۆڕشەکە



**ئارام ڕەفعەت**

سەد ڕۆژ بەسەر جوڵانەوەی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵات و گەلانی ئێراندا تێپەڕی. پرسیارە جدییەکە ئەوەیە، ئایا دەرهاویشتە و دەسکەوتەکانی ئەم جوڵانەوە ئازادیخوازییە، کە بە شۆڕشی ژیناش ناسراوە، چین؟ بۆ گەڕان بەدوای وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە پێویستیمان بە پێوەرێکە. پێوەر لێرەدا ئاڵۆز و ناڕۆشنە، بەتایبەت چەمکی دەسکەوت تا ڕادەیەکی زۆر هەم میتافۆریکە و هەم مەجازی. گرفتێک کەبەرەورووی دەبینەوە ئەوەیە ئایا چی بکرێتە پێوانەی دەسکەوتی شۆڕش، گۆڕینی ڕژێم یان دیموکراسی؟ یان هەردووکییان بەیەکەوە؟

ئەگەر گۆڕینی ڕژێم بکرێتە تەنیا پێوەری دەسکەوت، ئەوا کۆماری ئیسلامی هێشتا هەر لەسەر پێی خۆیەتی و ناکرێت قسەیەک لەسەر سەرکەوتنی ئەو جوڵانەوە ئازادیخوازییە بکەین. خۆ ئەگەر دیموکراتیزەبوونیش بکەینە پێوەر، دیسان پرسیارەکە ئەوەیە کەئایا دەکرێت لەسای ئەم ڕژێمە تۆتالیتار و مەزهەبییە تەمەن ٤٣ ساڵییەدا بیر لە پانتاییەک بۆ دیموکراسی بکەینەوە. گرفتەکە ئاڵۆزتر دەبێت ئەگەر ئەزموونی دەیان شۆڕش و لەوانەش هەمان ئەو شۆڕشەی کە کۆماری ئیسلامی لە ١٩٧٩دا هێنایە سەر کار، بخەینە پێشچاو. شۆڕشی ١٩٧٩ هەم شۆڕشێکی ڕاستەقینە و هەم شۆڕشی گەلانی ئێران و هەم لەپێناو دیموکراسییەت و کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆرییەتی ڕژێمە گەندەڵەکەی شا بوو. بەڵام گۆڕینی ڕژێمی شا،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەک هەر دیموکراسی بۆ گەلانی ئێران نەهێنا، بەڵکو گەلانی ئێران زۆرێک لەمافە دیموکراسی و مەدەنییەکانییان لەدەست چوو، جگە لەوەی جەنگێکی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵەشی بەدوای خۆدا هێنا. جگە لەوە، بۆ زۆرێک لە ئێرانییەکان رژێمی کۆماری ئیسلامی لەهی شا، تۆتالیتارتر و سەرکوتگەرتر و تەنانەت گەندەڵتریشە.

کەوابێت چ بکەینە پێوانە؟ ئێمە پێویستیمان بە کێشانی تابلۆیەکی تازەیە تا لەدەرەوەی ئایدیالیزمی روخانی رژێم و دیموکراسییەتدا، بەدوای ئەو وردە پەزڵانەدا بگەڕێین بۆ کێشانی تابلۆکە بەجۆرێک وێنەیەکی دروستر و راستەقینەتری دەرهاویشتە و دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا بخەینە بەرچاو.

پارچە پەزڵێکی ئەو تابلۆیە، ئەو درزەیە کە لەدیواری ترسدا درووست بووە. شۆڕش یان نارەزایەتییەکانی ژینا، شۆڕش و نارەزایەتی سەراسەری بوون. بە هەزران کەس، هەر لە کوردستان و بەلوجستانەوە تا دەگاتە شارە فارنشین و ئازەرنشینەکانەوە بە شێوە و ئاستی جۆراوجۆر دژی کۆماری ئیسلامی وەستانەوە. تەنانەت تاران و قوم و مەشهەد، ئەو سێ شارەی کە لەرووی مێژووییەوە، بە قەڵای پشتیوانی کۆماری ئیسلامی هەژمار دەکرێن شاهیدی نارەزایەتی فروانی جەماوەری بوون. لەوەش گرنگتر، زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی نارازی، بە ناسنامە و روخساری خۆیانەوە لە مەیداندا بوون. ئازادیخوازانی ئێران بە ئاشکرا و بێ سڵەمینەوە نەک هەر پەلاماری بنکە و بارەگاکانی کۆماری ئیسلامییان داوە، بەڵکو ستاتۆ و سیمبۆلە پیرۆزەکانی ئەو رژێمەیان روخاندووە یان سوتاندووە. جگە لەوە، رەنگە بۆ یەکەم جار بێت لە مێژووی ٤٣ ساڵەی حوکمڕانی کۆماری ئیسلامیدا، کە جەماوەری نارازی پەلاماری هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی بدەن. ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەیدابوونی درزێکی گەورە لە دیواری ترس، درزێک کە زادە و دەسکەوتی شۆڕشی ژینا بوو. درزێک هێندە فراوانە کە سەرەرای بەکارهێنانی زەبر و زەنگ و کوشتنی زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە خەڵکی نارازی رۆژهەڵات و ئێران دیوار و کەلێنی نێوان دەسەڵات و جەماوەری بەرادەیەک فراوان کردووە کە چیتر رژێم ناتوانێت نە وەک جاران پەنا بۆ ئایدیۆلۆژیا بەرێت وە نە وەک جارانیش بەزەبر و زەنگ کۆمەڵگا سەرکوت بکات. ئەمەش لەخۆیدا دەسکەوتێکی بەرچاوی ئەم شۆڕش و نارەزایەتییانەیە.

پەزلێکی تری تابلۆکە ستاتۆی "پۆلیسی رەوشت"ی کۆماری ئیسلامییە. لە سەرەتای ئەم مانگەدا میدیا نێودەوڵەتییەکان بانگەشەیەکی محەمەد جەعفەر مونتەزەری، داواکاری گشتی کۆماری ئیسلامی، راگەیاند کە دەزگای پۆسلیسی رەوشت هەڵوەشێنراوەتەوە. هەرچەندە چاودێران گومانییان لەهەڵوەشاندنەوەی ئەم دەزگایە هەیە، بەڵام ئەگەر خودی بانگەشەکە بۆ ساردکردنەوە و بەلارێدابردنی خەڵکی ئازادی خوازیش بێت، هێشتا وروژاندنی ئەو باسە لەسەر زاری داواکاری گشتی ئێران پاشەکشەیەکی گەورەی ئەو رژێمەیە و هەنگاوێکی جدییە بەئاراستەی بەرتەسک کردنەوەی کۆنترۆڵی رژێم بەسەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جومگەکانی ژیان لە ئێراندا. ئەو دەزگایە، بۆ زۆرێک لە گەلی ڕۆژهەڵات و بۆ ئێرانییەکانیش، دیارترین ڕووخساری سەرکوتکردنی ژنانە. بۆیە هێنانە سەر مێزی ئەو پرسە بەمانای سازشکردنی کۆماری ئیسلامییە و نەک هەر لە سەرسەختترین ئامرازەکانی سەرکوتکردنی ئازادیخوازان و نەک هەر لەسەر یەکێک لە پایەکانی مانەوەی ئەو ڕژێمە، بەڵکوجۆریک لەدەستەبەربوونی غرور و باوەڕبەخۆبوونی پایەدارەکانی کۆماری ئیسلامیشە. ئەم سازش و دەستەبەربوونەی سەرانی کۆماری ئیسلامی، دۆخێکی تازەیە و ئاماژەیەکە بۆ هاوسەنگییەکی تازە لەبەرژەوەندی گەلی ڕۆژهەڵات و ئازادیخوازانی ئێران و سەرەنجام یەکیکیشە لە دەسکەوتەکانی ئەو جوڵانەوە نارەزایەتییە.

پەزلێکی تری ئەم تابلۆیە کە دەتوانین بیکەینە پێوانەی سەرکەوتن و شکستی شۆڕشی ژینا، ستاتۆی گەلی کوردە لە پێش و دوای شۆڕشەکە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ئەوەی ئەم شۆڕشە لەماوەی ١٠٠ ڕۆژی ڕابردوودا بەدەستی هێناوە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد نەیتوانیوە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بەدەستی بێنێت. دەسکەوتی ئەم شۆڕشە بۆ گەلی کورد هەر سوتاندن و لێدانی بارەگا و سەنتەرە سەرکوتکارەکانی دەوڵەتی داگیرکەر نییە لە کوردستان، هەرچەند ئەم دەسکەوتە کەم نییە ویەکەم جارە بەم فراوانییە لە ڕۆژهەڵات دۆخێکی ئاوا بێتە پێشەوە. بەڵکو دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕش و نارەزایەتییانە هەمەرەنگ و فراوانن. یەکێک لە سەرەکیترین دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە یەکێتی نەتەوەیی کوردە. یەکێتییەک کە هیچ کام لە هێز و جوڵانەوەکانی پێشوو نەیانتوانیبوو بەدەستی بێنن. لە ڕۆژهەڵاتدا چوار ناوەند، یان هەرێم، وەک ئەمری واقیع هەن، کە بریتین لەباکوری ڕۆژهەڵات، کە هەرێمێکی کرمانجی ئاخێون، موکریان و ئەردەڵان و کرماشان (باشوری ڕۆژهەڵات). تا ئێستا سەرجەم شۆڕش و جوڵانەوە و حیزبەکان مۆرکێکی موکریانییان هەبووە و لانی کەم دوای جوڵانەوەکەی سمکۆی شکاک، تا ئێستا نە کۆماری مەهاباد توانی کۆماری سێبەشەکەی تر، واتە باکوری ڕۆژهەڵات و ئەردەڵان و باشوری ڕۆژهەڵات بێت، وە نە جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکەی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو. شۆڕشی ژینا ئەم بەربەستە ناوچەگەرێتییە دەسکردەی نێوان چوار هەرێمەکەی تێکشکاند و هەر لەماکۆ و ورمێوە تا سنە و کرماشان و ئیلام، هەر هەموویان لەدەوری ژن یان ئازادیدا کۆبوونەوە و بەکردەوەش هاوپشتی یەکتری بوون. لە سەد ڕۆژی ڕابردوودا دەیان جار بینیومانە، کاتێک فشار لەسەر شارێکی ئەم هەرێمە بوویێت و کۆماری ئیسلامی ویستبێتی دەست بۆ سەرکوت و خوێنڕێژی بکات، شار و شارۆچکەکانی هەرێمەکانی تریش هاتوونە مەیدان بۆ کەمکردنەوەی ئەو فشارە و ڕێگری لە سەرکوتکاری و خوێنڕێژی. ئەم هاوپشتی و هاودەنگییە، ئەگەر ناوێکی لێبنرێت ئەوا یەکێتی نەتەوەییە و ئەمەش بۆ گەلی ڕۆژهەڵات و سەرجەم نەتەوەی کورد یەکێکە لەگەورەترین دەسکەوتەکان.

پەزلێکی تری ئەم جوڵانەوە نارەزایەتییە دەرکەوتنی هێڵێکی جیاوازبوو لە خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات. شۆڕشی ژینا و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شیعاری ژن ژیان ئازادی شۆڕشی فیمینیزمی کوردبوو. فیمینیزمێک جیاواز و ڕەسەنتر و کردەیی تر و بالاٌتر لە فیمینیزمی ئەورووپی. هەروەک ژیژک دەڵێت ئەو فیمینیزمە ئەورووپییەی کە تەنها ژنانی چینی ناوەند و نوخبەی کۆمەڵگا رادەکێشێت و جێگایەکی نە بۆ ژنانی چینە نەخوێندەوار و هەژارەکان وە نە بۆ پیاوانی کۆمەڵگا تێدا نابێتەوە. بەلاٌم، بەگوتەی ئەو، فیمینیزمێک کە شۆڕشی ژینا کردبیە کرۆکی شۆڕشێک فیمینیزمێکی خۆرسک و ڕەسەنە، نەدەستکردە و نە زادەی فەند و پشتگیری ئەم ڕێکخراو یان ئەو ڕێکخراوی جیهانییەیە. بەپێچەوانەوە، ئەم شۆڕشە سروشت فیمینیزمییە، هەر لەسەر زاری ئەو هی ئەقڵ و ڕۆح و مێژووی کوردە. یەکێک لە پێوانەی دەسکەوت یان شکستی هەر شۆڕش و جولاٌنەوەیەک ئەوەیە پێش دەسپێک لەکوێ وەستابووبت و ئێستا لەکوێیت. ئەوەی لەرۆژهەلاٌت ڕوویدا و ئەو جولاٌنەوەیەی کە ڕەنگدانەوەی ژنانی سەلار و سەربەرز و شکۆمەندی کوردستانە خەریکە ببێتە مۆدێک نەک هەر بۆ گەلانی ئێران بەڵکو ژیژک وتەنی، ببێتە وانەیەک و مۆدێلێکی بالاٌ بۆ سەرجەم ژنانی دونیا.

ئەگەر ئەم پەزلاٌنەی سەرەوە کۆبکەینەوە لەشێوەی تابلۆیەکدا بیانخەینە سەریەک ئەوا مرۆڤ بەجورئەتەوە دەتوانێت دەسکەوت و گۆڕانکاری گەورە بۆ شۆڕشی ژینا وێنا بکات. ئەگر شۆڕش بەمانای گۆڕانکاری ریشەیی و دیموکراسیش بەمانای هێنانی دەنگی بەشە مەحروم و بێبەشەکەی کۆمەڵگا بێت ئەوا شۆڕشی ژینا دەسکەوتی گەورەی هەبووە. لەم قۆناغە لە پاشەکشەی مۆدێرنەتە و دیموکراسییەت و لاوازی هەستی نەتەوەیی لەناو کوردا وهەڵکشانی مەددی توندڕەوی دژە ژن لە ناوچەکەدا، ئێمە شاهیدی گۆڕانکارین بە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا. گۆڕانکارییەک ئەگەر ئەنجامەکەی ڕوخانی کۆماری ئیسلامی بێت یان نا، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە سەرەکیترین سەنگەر و کوانوی توندڕەوی و کۆنەپارێزی هێناوەتە لەرزە، ئەمەش بۆ خۆی ڕۆح و جەوهەری هەموو شۆڕشێکی ڕاستەقینەیە و ئەمەش دەسکەوتە مەزنەکەیە. جگە لەوە، شۆڕشی ژینا هاوپشتی و یەکێتییەکی نەتەوەیی کەم وێنەی لە ڕۆژهەلاٌتی کوردستانی لێکەوتۆتەوە و مۆدێلی ژن ژیان ئازادی کوردی نەک هەر بۆتە مۆدێلێک بۆ گەلانی ئێران، بەڵکو بۆ زۆرێک لە ئازادیخوازانی جیهانیش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕێکەوتی: ٣١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەوەی کە خەڵک نیانە ژیانە




**سایتی پەیام**

لێکدانەوەی دروشمی:" ژن. ژیان. ئازادی" کە بە ملیۆن کەس لە خەڵکی وەگیانهاتو لە دەست کۆماری ئیسلامی هاواری دەکەن، نیشانەی نەبوونی ژیانێکە کە کەرامەت و شکۆی ئینسانی تێدا پارێزراو بێت. هەر وەک ئەوەی کە لەم دروشمەدا بوونی وشەی ژن نیشانەی بوون و حوزوری ئاپارتایدێکی جنسیەتی و هەڵاواردنی نیهادینە بووە لەدژی ژنان. هەر ئەو جۆرەی کە دروشمی ئازادی بەڵگەی بوونی خەفەقانێکی مەزهەبییە و ئاماژە بە حاکمیەتی ڕژیمێکە کە دژایەتی زاتیی لەگەڵ هەموو چەشنە ئازادیەکی فەردی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا هەیە.

بەڵام واژەی" ژیان" لەم دروشمەدا، هاواری خەڵکێکە کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا و وێڕای بوونی دنیایەک لە سەرچاوەی سروشتی و هێزی داهێنەری ئینسانی، زۆربەیان تەنانەت خاوەنی نزمترین ئیستانداردەکانی ژیانێکی نۆڕماڵ و ئاسایی نین.

سەرەتایی ترین پێوانەکانی ژیانێکی نۆڕماڵ و ئاسایی هەبوونی مەسکەنی گونجاو، دەست ڕاگەیشتن بە دوکتەر و خزمەتگوزاری دەرمانی، ئاموزشی بەخۆڕایی لە هەموو ئاستەکاندا، هەبوونی حەقدەستی گوناجو بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانێکی ئینسانی لەگەڵ خۆراکی گونجاو، ئاو و هەوای سالم و پاک، بیمەی دەرمانی و بێکاری، هەبوونی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئیمکاناتی تەفریحی و ئاسایش، ئەمنیەت و بەهرەمەند بوون لە مافە سەرەتاییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیەکانە.

بە پشت بەستن بەو ئامارە حکومەتیانەی کە لەگەڵ ڕاستیە کۆماڵایەتیەکان گەلێک جیاوازن، زیاتر لە نیوەی خەڵکی کۆمەڵ لە هەژاری بە تەواوەتیدا دەژین. حەوت دەهەکی خوارەوەی کۆمەڵگە توانایی دابین کردنی لانیکەمی پێداویستیەکانی زەروری ژیانی خۆیانیان نییە. تەرجەمەی ئەم هەژاریە بە تەواوەتیە، بۆ پێناسەی ژیان، واتە خەڵک مەسکەنی گونجاویان نییە، و یان بێ مەسکەن و کارتۆن خەون. سڵامەتیان لە مەترسیدایە، لەبەر ئەوەی بیمەی دەرمانیان نییە و هەزینەی دەرمان، دوکتور و نەخۆشخانە بۆ ئەوان زۆر قورسە و منداڵەکانیان بە ناچار لە نێوەڕێدا دەست لە خوێندن هەڵدەگرن و ڕەوانەی بازاڕی بێ ڕەحمی کار دەبن، واتە پەرەسەندنی خەسارە پڕ ئازارە کۆمەڵایەتیەکان.

خەڵکێک کە خوراکی باشیان نییە، لە خواردنی میوەی تازە، گوشت و ماسی بێبەشن، لە ئاکامدا سیستمی بەرگری جەستەیان لە بەرانبەر نەخۆشیەکاندا لاواز دەبێت. منداڵان و ژنانی دوگیانیش لانیکەمی ویتامینی پێویستیان پێدەگات.

پیسبوونی ئاو و هەوا، ئەو قەیرانە ژینگەییانەی کە بەشێکیان سەرچاوە گرتوو لە سیاسەتە کۆنەپەرستانە و نا زانستیەکانی حاکمانی ئیسلامیەوە سەرچاوەیان گرتوە بوونەتە مەترسی جیدی لەسەر سڵامەتی خەڵک. دامەزراندنی ناوەندەکانی پارازیت بۆ لە کار خستنی ڕاگەیەنەرەکانی دەرەوەی سنور لە گەڕەکەکان، بوونەتە هۆکاری بڵاو بوونەوەی نەخۆشی جۆراو جۆر و لەوانە سەرەتان.

بێکاری و نەبوونی بیمەی بێکاری واتە داسەپاندنی هەژاریەکی بەرین بەسەر خەڵکدا و هەژار کردنی ئاگاهانە تا خەڵک کاتی پێویستی بۆ بیرکردنەوە لە ژیانێکی شیاوی ئینسانی ئەمڕۆ نەبێت.

لەگەڵ گشت ئەمانەدا، سوکایەتی کردنی سیاستماتیک بە خەڵک لە لایەن حاکمانی ئیسلامیەوە، داسەپاندنی یاسای کۆنەپەرستانە و سەدە ناوەڕاستیەکان، گەندەڵی و تاڵانچێتی نجومی ئاخوندەکان و فەرماندە نیزامی و سیاسیەکان، گوشارێکی دەروونی قورسە بۆسەر خەڵک .

بە کورتی وشەی ژیان لە دروشمی جوان و پڕ واتای:" ژن. ژیان. ئازادی"، دا واتە ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی، دابین و زەمانەت کرانی ژیانێکی ئینسانی شیاوی دنیای ئەمڕۆ بۆ خەڵکی ئێران.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٣١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# کوردپا؛ گیانلەدەستدانی ١٢١ هاووڵاتیی کورد لە درێژەی ڕاپەڕینی سەرتاسەریدا



زانیاری و لێکۆڵینەوەکانی کوردپا باس لەوە دەکەن کە لە کاتی دەسپێکردنی ڕاپەڕینی سەرتاسەری دژی کۆماری ئیسلامی دوابەدوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا - مەهسا ئەمینی و لە درێژەی ئەم ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەدا، لە ماوەی ١٠٦ ڕۆژی ڕابردوودا، تەنیا لە کوردستان ١٢١ کەس لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گیانیان لەدەست داوە.

ئەم ئامارە هەتا ڕێکەوتی ١١ی بەفرانبار لەخۆ دەگرێت کە لەلایەن کوردپاوە کۆ کراوەتەوە. هەر لەمبارەوە کۆمەڵێک زانیاری بە کوردپا گەیشتووە کە بەدواداچوونەکان بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستییان لەلایەن کوردپاوە درێژەی هەیە.

بەپێی ئەم ئامارە؛

- ١٢١ کەس لە هاووڵاتییانی کوردستان لە ماوەی ١٠٦ ڕۆژدا گیانیان لەدەست داوە.

- ١٢ کەسیان تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵ بووە.

- ٥ کەس لە گیانلەستداوان ژن بوون.

لەم ئامارەدا؛

١- نەسرین قادری.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢- سارینا ساعدی.

٣- حەمید گوڵی.

٤- ئومید حوسێنی.

٥- سامان ڕەحمانی.

٦- عەلیرەزا کەریمی.

بە هۆی لێدانی باتۆم لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە گیانیان لەدەست داوە.

١- ڕامین فاتحی.

٢- ئیسماعیل دزوار.

٣- ئومید حوسێنی.

٤- هێمن ئامان.

٥- شادمان ئەحمەدی.

٦- محەممەد حاجیڕەسووڵپوور.

شەهریار عادڵی.

دوای دەسبەسەرکران لە شوێنێکی نادیار، بەهۆی ئەشکەنجەوە گیانیان لەدەست داوە؛ شایانی ئاماژەیە کە

١- نەسرین قادری

٢- محەممەد لوتفوڵلاهی لە کاتی دەسبەسەرکراندا کوژراون.

زۆرینەی ئەم هاووڵاتییانە بە فیشەکی جەنگی کوژراون؛ دەرکەوتووە کە؛

١- کۆمار دەرویشی.

٢- مۆئمێن زەندکەریمی.

٣- ڕێباز ساڵحیوەندیش بە فیشەکی ساچمەیی کوژراون.

- ڕۆژی ٣٠ی خەرمانان، بە ١٤ گیانلەدەستداو،

- ڕۆژەکانی ٤ و ٥ی خەزەڵوەر بە ١٢ گیانلەدەستداو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- ٢٤ تا ٣٠ی خەزەڵوەر بە ٤٤ گیانلەدەستداو، لەو ڕۆژانەن کە زیاترین ڕێژەی قەتڵی حکوومەتی تێیاندا ڕووی داوە.

**ئاماری گیانلەدەستداوان بەپێی پارێزگاکان:**

**کوردستان:** ٤٠ (سنە ١٩، دیواندەرە ٥، دێولان ٣، سەقز ٥، کامیاران ٣، مەریوان ٢، بانە ٣)

**ورمێ:** ٤٩ (ورمێ ٤، پیرانشار ٧، شنۆ ٤، بۆکان ١٨، مەهاباد ١٤، سەردەشت ١، تیکاب ١)

**کرماشان:** ٢٩ ( جوانرۆ ٨، کرماشان ٦، قەسری شیرین ٣، شاباد ٣، سەلاسی باوەجانی ١، گیەلان ١، سەرپێڵ ١، کەنگاوەر ٢، سەحنە ١ ؛ ٣ هاووڵاتیی خەڵکی سونقوڕ لە کەرەج و قەرچەک و قەزوین گیانیان لەدەست داوە.

**ئیلام:** ١ کەس

**خوراسانی ڕەزەوی** (قووچان ١)

**هاووڵاتییەکی خەڵکی کوردستانی عێراقیش لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی یەکێک لە گیانلەدەستداوانی بانەدا بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا - ١١ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٤ی جانێوێری ٢٠٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پێشوازیی هەندرێن عەبدوڕەحمان، پێشکەشکاری کوردستان ٢٤ لە ساڵی نوێ زایینی.



لە باشوورەوە...

چاوەڕێی خۆرەکەی ڕۆژهەڵاتم بەڵکو سەرهەڵێنێ

لەم تارماییەدانە گوێچکەم ڕادێرە بۆ ئاوازێکم

نە جەستەی شەکەتم لە شاییدا خۆی دەگرێ!

خۆزگە دەمتوانی

دەسماڵی چۆپیەکانی ئێرەم کۆ کردباوەو برینەکانی ئەوێم پێ ببێچاباوە

خۆزگە دەمتوانی

گۆرانیەکانی ئێرەم خامۆش کردبا تا باشتر گوێم لە

ناڵەو هاواری ئازاری ئازادی ئەوێ بووبا!

خۆزگە تێدەگەیشتم

گەر لایەکی جەستەی کوردستانم شین هەڵگەڕێ، لایەکەی دیکەم چۆن دەحەسێتەوە!

خۆزگە تێدەگەیشتم

خۆر لە خۆرا هەڵنایێ لە ڕۆژهەڵات، خوێنی دەوێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خوێن.

---------

هاوڕێیان کەمێک لەسەرەخۆ ئاهەنگەکانتان

کز کەن، ئەو دراوسێیەمان ماڵی (ڕۆژهەڵات)تازییە بارن.

هەندرێن

سەرچاوە: دیواری فەیسبووک - ڕێکەوتی ١ی جانیۆێری ٢٠٢٢

## سەرەتایەکی باش بۆ کۆتایکی باشتر!



**بیژە قارەمانی**

نووسەری ئەو چەند دێڕانە کوردستانی بیردەکاتەوە لەسەر ئەو قەناعەتەش بووە و هەیە ماف دەستندری نادرێ ئەستانندنیشی لەسەر ورزن و قەوارەی سیاسی خەڵکی خۆتە خەباتی نەتەوایەتی کە کورد ڕووڵ دەوریکی باشی گێڕاوە لە سەد ساڵی ڕابردوو.....

خەڵکی کوردستان خەڵکێکن بەزیادە لە سەدرۆژی یەکەمی شۆرشی ژینا نیشانیان داوە چەند سەر و مل لە سەروی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نەتەوەکانیتری ئێران بەتایبەت خەڵکی پشت پەنجەرەکانی تارانن....

خەڵکێک سیاسی و کۆمەڵایەتیی شارەزا بە مافەکانیانن و خوازیاری دمکراسی ئازادیە حازر نییە وازی لێبێنیت....
دەسەڵات بە سەرکووتکەر و داگیرکەر پێناسەدەکا سەردەمیانە بیردەکاتەوە....

لەوەهادۆخێکدا ٦ کەس کە ئەم ساڵانە بوونیان و ناویان تێکەڵی خەباتی گەلانی ئێران کردووە ئێستا بیر لە رۆخانی رژێم دەکەنەوە بەنیازی گرتنی جەلەوی دەسەڵاتی تارانن لە بانگەشەیکی هاوبش بە بۆنەی سەری ساڵی تازە خوازیاری کاری هاوبش و خەباتی هاوبش « دیارە بە ئەدەبیاتی پاوانخوازانە ناوندگرایی » خۆیان بۆ دەستپێکی ساڵ تازەی میلادی واتە زائینیین دیارە لە قوناغی شۆرشی ژینا دەور و رەنگی زیاتریان هەبووە بە ئاستی سەراسەری تارەگەدا....

من وەک تاکیکی کورد / کوردستانی لە جەغزی جوغرافیایکی هاوبشی ژیانی گەلان و نەتەوەکانی ئێران ئەو هەنگاوە بە ئەرینی دەزانم بە سەرەتایکی باش بۆ کۆتایکی باشتر سەیری دەکەم ئەگەر ئەو کۆتاییە رۆخانی یەکجاری کۆماری ئیسلامی بیت....

ئەم شەشە کەسە دەبی لەوڕاستیە بەگەن ئەو هەویرە ئاو زۆر هەڵدگری ئەو رێگایە هەوراز و لەند و کەندی زۆرە پیوێستی بە هەمووانە هەر پاشەکشە و تاکتیک گۆرینێک ئاسان نییە لەوەها دۆخێکدا....

ئەو شەش کەسە و سەدان بگرە هەزاران مشاور و یاریدەدر ڕاویژکاری پشتی پردەی سیاسەت دروشمی یەک وەڵات و یەک زمان یەک نەتەوەی فارس « لەسەر کاغز » ئەوە بە باشی تێگەیشتوون کە کورد و بلوچ تورک و عەرب .... پێکهاتەی فورمی خەڵک و خاک و جوغرافیای هاوبشن شۆرشی ژینا هەموو ئەو سنوربەندییانەی شکاند کە پیشتر دروستیان کردبوو و سەدییان بۆ هەڵبستبوو........

دەناوەڕاستی وەڵاتێکی فرەنەتەوەدا ناکرێت یەکیان « فارس » میللەت بێ خاوەنی هەموو شت زمان فەرهەنگ کلتۆر و سەروەت و سامان گشتی بیت ئەوانیتریش ئەتنێک « قوم » خردە فەرهەنگ زاراوە ...بن....

ئەگەر لە دەسەڵاتی باوک باپیرە گەورەیی رەزا پالەوی « یەک لەم شەش کەسەدا » ئەم سیاسەتە رەچاو کرا بۆ تووانەوەی گەلانی ئێران ئەگەر لە ٤٣ ساڵە تەمەنی کۆماری ئیسلامی هەمان سیاسەت پیرو کراو ئەمجارەییان جیاوازی دین



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و مەزهەب و فتوای جیهادیشی لێ زیاد بوو ، ئیدولۆژی مەزهەبی شیعەگری و تەک نەتەوە و زمان بە زەبری سەرکووت و پاکتاوی نژادی توانیتان ڕەکیفی دەسەڵات و سەروەتی میللی وەڵات دەرخواردی ناوەند دن نەتەوەکان وەک مرزدار و پارێزری سنور ....سەرگەرم کەن ......داوای هەر مافێک سەرەتایترین ماف بە جیایخواز « تجزیه طلب » نێو بەرن و سەرکووتی کەن ، شۆرشی ژینا هەموو گریمانەکانی گۆری

لە سەد ڕۆژی یەکەمی شۆڕشی ژیــــنای کوردان لە شاری سەقز دەستی پێکرد هەموو کوردستان و ئێرانی گرتەوە و لە خـۆڕاگری خەڵکی بەلووچستان ئەو ڕایەڵە گوریسەی نەتەوەی بە زۆر سەردست و باڵادەست پاش زیاتر لەسەد ساڵ ڕەستبووی بووە خوری..

بۆوتە لە ئێستادا زۆر ئەو هەڵویستە وەک نیگرانی نابینم خوازیارم هەزار شەش کەسی تر بەم جەمعە زیاد بن بە هەموو بیرو هزریکی سیاسی لە پێناوی یەکەم ئامجی سەرەکیکە ڕۆخانی کۆماری ئیسلامی....

هەموو قوناغەکانی پاش نەمانی کۆماری ئیسلامی دەست پێدەکەن....

هەر دەژایەتی هێرشیک بە ڕێگای نووسین و یا لە کور کوبوونەوەکانی دەرەوە لە دژی هەڵویستی ئەم شەش کەسە قازانجەکە لە ئێستادا دەچێتە زیاتر مانەوە کۆماری ئیسلامی...

دیارە ئەوە بەو مانابیە نییە هەنگاوی یەکەم و هاوبەشی ئەو شەش کەسە بێ کەم و کوڕی بیت یا پاوانخوازی نادەنگرای تێدا نەبیت ...ئەوە ئەوانن دەبی دەرگای دیالوگ بەکەنەوە بۆ ئەو ئامانجەی گرتوویانەتە بەر....

......

حەساسیەت و دەژایەتی کوردستانیان بە لێکدانەوە و شرۆڤەی سیاسی / کۆمەڵایەتی جێگای بایەخە بەلام هەر وەک دژایەتییکی ڕووت بێ کردەوە ناتوانیتلێکمان نیزیک کاتەوە....

لەبیرمان بیت ئەوانەی تەواویەتی ئەرزی و ناوندگرای و ئۆپۆزیسیونی سەراسەری « کەم بن یا زۆر » لە کەلکی خۆیان بستووە ئەوان ئیدەعایان هەیە و بس...



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام کورد و هەر کام لە نەتەوەکانی تر خاڵ ویستگەی یەکەمیان وەڵاتی خۆیانە لیرەوە هەنگاو دەنیین....

کورد لە دەستپێکی شۆرشی ژینا نیشانی داوە کە چ دەویت و چ ناویت....

ئەوەش گەورەترین سەرماییەی کوردە وەک مانیفێستی ئەو شۆرشە کە لە زاری بنەماڵەی شەهیدان گووراوە...

باوکی کۆمار / ئەفسانەی دایکی کاروان / باوکی شاروخی حەسەنزادە لە بۆکان / حەماسەی دوێنی خەڵکی جوانرۆ لە چەلەی شەهیدان....

ئێمەی کورد بۆ ئازادی جوانترین و پڕ نیوەروکترین سیاسیترین مانیفێستی ئەو سەردەمەمان هەیە تومارماب کردووە بە کەمی مەزانن....

- هیوادارم ئەو شەش بەرێزە.
١- ڕەزا پالەوی.
٢- عەلی کەریمی.
٣- حامید اسماعیلون.
٤- مسح علینژاد.
٥- نازنین بونیادی.
٦- گوڵ شیفتە فراهانی

بتوانن هەنگاوی گەورەتر و خیراتر لە پێناوی ئازادی ئێران و گەلانی ئێران باویژن....

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە حاڵی سەرەمەرگ دایە!



**عەبدوڵلا عەبدالی**

**لادان یا ڕووخانی دەسەڵاتی حاکم لە ئێران،لە قازانجی کێ و زەرەدی کێیە؟**

**قازانجی زۆری بۆ کەمینەکان و لە سەرووی هەمووشیانەوە هەر چوار بەشی کوردستان ،چون بمان هەوێ و نەمان هەوێ حکومەتی ئیسلامی ئێران،کۆتو زنجیری دەستو پێی ئەحزابی هەر سێ بەشەکەی تری کوردستانیشە و ساحەبی ئەقڵیەتی بڕیاردانی زۆربەیانە.**

**جا کەوابو بەر لە ڕزگاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان،ئەوان ڕزگاریان دەبێ**

**و ،زەرەدی زۆریشی بۆ نەتەوەی باڵادەست،واتە نەتەوەی فارسە.**

**سازکردنی بەستێنی ئاڵوگۆڕ لە ئێران،ڕێک سەناریۆکانی ڕێکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری حکومەتی بەعسی ئێراقمان بیر دەخاتەوە بە کوردیشەوە.**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گەر لەبیرتان بێت!مەیدان و زەوی، شوێنی کرداری چالاکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی،کوردستان و ماڵی کورد بووە و یەکلای کەرەوەی بە دەسەڵات گەیشتن و بەهێز بوونی هەر لایەنێکی ئەحزابی ئێراقی،بە پشتیوانی و لایەنگریی و پارسەنگی ئەحزابە کوردییەکان و بە تایبەتیش پارتی و یەکییەتی بووە!

جا لێرە دەمهەوێ ئەوە وەبیر ئەحزابی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان بێنمەوە کە،هەبوونی دوو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی،وەکو مریەم ڕەجەوی و ڕەزا پەهلەوی کە بۆ داهاتووی ئێران شانسی زۆر بۆ خۆیان دەبینن،هەر کامیان لە حەولی ئەوەدان کە مەیدانی کرداری و خوێندانی کیژو لاوی سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ،لە ڕێی هێندێک ئەحزابی کوردیەوە بە بەرژەوەندی داهاتووی خۆیانەوە مسۆگەر بکەن!.

گەر لە بیرتان بێت! لە ڕوخانی حکومەتی بەعسی ئێراق،چ ئەوەی وەکو خەڵک لە مەیدان بو و،چ ئەوەی وەکو ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێزو ساحەب بەرەییەکی کوردستانی بوو،!کورد بو.

ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ،ئەوەی کرداری تەنگی بە دەسەڵات لە ئێران هەڵچنیوە و بەرەو لێواری هەڵدێرانی بردووە، شەقامی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە هەموو ڕۆژێ بە جێگای باران بە خوێنی کیژو لاوی کورد دەشۆرێ و تەڕ دەبێ!

خاڵێک کە هیچ نەبێ بۆ من زۆر پرسیار دروست دەکات!؟

وشەی تەجزییە تەڵەبی لە دم و زاری کورد لە پەیوەندی لە گەڵ دواڕۆژی ئێران!

تەجزیەو و ئیستقلال دوو وشەی تەواو لێک جیاوازن!

وابزانم هێندێک لە نەزانین و هێندێکیش بە ئەنقەست ئەو دوو وشەیە تێک هەڵکێش دەکەن و کوردی پێ دەخەنە خانەی بەرگری و سوێند خواردن کە نایهەوێ ئێران تەجزییە بێ!تەجزیە واتە دابەش بوون!ئیستقلال واتە سەربەخۆیی!جا کەوابوو ئەوە ئێران نیە کە دابەش(تەجزییە) دەبێ و کورد دابەشی دەکات!بەڵکو ئەوە کوردستانە لە ساڵی ١٩٢٣ یوە دابەش (تەجزییە) کراوە!ئەوە نەتەوەی باڵادەست و حاکمە کە دەبێ بەدوای خاڵ و ڕێگای پێکەوە حاوانەوی گەلانی ئێران و بە تایبەتیش کورد دا بگەڕێ بۆوەی کورد داوای سەربەخۆیی و جیا بوونەوە(ئیستقلال)نەکات و پێشنیاری خودموختاری، فیدراڵی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**و کۆمفدراڵی بدات.!**

**لە کۆتاییدا!**

**کورد بەهێزترین هێز و ئۆپۆزیسیۆنی مەیدانی و حیساب لەسەر کراوی دەرەوە و ناوخۆییە!**

**گەر خۆی هەرزان فرۆش و دابەش بە سەر هیچ دا نەکات.**

**ئێرانی داهاتوو ئاوایە و هەر نەتەوەیەک دەبێ شوێنی دیاریکراو بێت!**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١ی جانێوێری ٢٠٢٣**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خەونەکەی خۆتم پیشاندە ئێران و کێشەی گۆڕانکاری لە خۆرهەڵات



**بەختیار عەلی**

**بەشی یەکەم**

ساڵانێکی زۆرە بەڵگەنەویستێکی سیاسی زۆر ڕوون باڵی بەسەر خۆرهەڵاتدا گرتووە. ئەویش ڕەتکردنەوەی سەرتاسەری بەشی هەرە زۆری خەڵکە بۆ ئەم ڕژێمە سیاسییانەی لە خۆرهەڵاتدا حاکمن، بەجۆرێک ڕۆشن و بێ لێڵی دەبینین هەموو ئەم سیستمانە لەسەر بنکەی جەماوەری گەورە و پتەو ڕانەوەستاون، زادەی هەڵبژاردنی ڕوون و پاک نین، شتێکی ئەوتۆ بە خەڵکەوە گرێیان نادات. نەفرەت لەم ڕژێمانە لە ئێرانەوە تا لوبنان، لە سوریاوە تا دەگاتە حاکمییەتی پارتە کوردییەکان لە کوردستانی باشوور، بۆتە بەشێکی سروشتی و بەڵگەنەویستی ژیانی سیاسی لەم هەرێمەدا.

کێشەکە لە هیچ ڕوویەکەوە کێشەی ئەوە نییە نوخبە و عەقڵە دیارەکانی ئەم وڵاتانە یاخود زۆرینەی جەماوەر لە پشت ئەم سیستمانەوە بێت، بەڵکو کێشەکە نەگۆڕانی ئەم دۆخەیە بۆ زەمینەی سەرهەڵدانی ئەڵتەرناتیڤ لە کایەی سیاسیدا. ڕق و توڕەیی سیاسی توێژاڵکی سەرەوەی ژیانی سیاسی دەهەژێنێت، درز لە سیستمدا دروستدەکات، بەڵام ئەوەی بیەوێت دونیا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بگۆڕێت دەبێت چینێک قووڵتر ڕۆبچێت.

لە ساڵی ١٩٨٤ دا لە تاران سوار تاکسییەک بووم، پیاوێکی ڕیشنی بچکۆلە لێی دەخوڕی، لەگەڵ سواربوونی تاکسییەکەدا دەستیکردە جنێودان بە ڕژێمی نوێ و سوێندی خوارد ئەم خوێنخۆرە تازانە کە جێگای شای گۆڕبەگۆڕیان گرتۆتەوە ناتوانن شەش مانگی تر لەسەر کاربن. ئەمڕۆ زیاد لە سیوهەشت ساڵ بەسەر قسەکانی ئەو شۆفێرە بچوکەدا تێدەپەڕێت و بە درێژایی ئەو کاتە، لەگەڵ هەموو لەرزینێکی پایەکانی ئەو سیستمەدا من بیر لەو قسانەدەکەمەوە، پرسیارێک هەمیشە لە خەیاڵمدا دێت و دەچێت ئەوەیە «بۆ ناڕوخێت؟». ئەم پرسیارە تەنیا بۆ ڕژێمی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران ڕاست نییە، بەڵکو بۆ هەموو دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە ڕاستە. «بۆ عێراقییەکان نەیانتوانی خۆیان سەدام بڕوخێنن؟» «بۆ ئەسەد تا ئێستا لە دیمەشق فەرمانڕەوایە؟».

بە گشتی ئەو پرسیارەی لەو کاتەوە لە خەیاڵمدایە، ئەو پرسیارەیە بۆ خەڵکی ناوچەکە ناتوانن گۆڕانکاری بکەن؟ ئەوە پرسیارێکی سەرەکیشە لە ئێستای خۆرهەڵاتدا، هەر کارێک بکەین و بمانەوێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەم دونیایەی خۆمان بڕوانین ناتوانین خۆمان لەو پرسیارە بدزینەوە «بۆ ناگۆڕێت؟... بۆ ناڕوخێت؟». بۆ ئەوەی شتێک بگۆڕین، سادەترین سەرەتا ئەوەیە تێبگەین بۆ نەمانتوانیوە بیگۆڕین؟، بەڵام بەداخەوە هیچ وەڵامێکی سادە بۆ ئەم پرسیارە لەبەردەستدا نییە، بەجۆرێک دەتوانم بڵێم لە بەشێکی زۆری نوسینی خۆمدا لە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدەم... باوەڕیشم وایە، پشکنینی کۆمەڵگا، پشکنینی سیستمی سیاسی، بە پشکنینی ناوەوەی مرۆڤەکاندا تێدەپەڕێت.

ئەم دەوڵەتانەی لە شێوەی ئێران، عێراق یان سوریا، هەرگیز دەوڵەتی جەماوەری نەبوون. هۆکانی مانەوەیان لەوەدا نییە لای خەڵک خۆشەویستن، بەڵکو لە جێگایەکی دیکەدایە. ڕژێمی ئێرانی لە ساڵانی ڕابوردوودا، وەک دەوڵەتەکانی دیکەی ناوچەکە لە سوریا، عێراق، هەرێمی کوردستان، لوبنان تووشی ڕاتەکاندن و بومەلەرزەی زۆر توند بووە، ملیۆنان مرۆڤ بۆ گۆڕینی ڕژێم هاتوونەتە سەر شەقام، بەڵام پێشبینی شۆفێرە بچکۆلەکەی تاران کە ئێستا ڕەنگە زۆر پیر بێت یاخود لە ژیاندا نەمابێت، هێشتا نەهاتۆتەدی.

حەماسەتی شۆڕشگێڕانە، ساتی ئێجگار قەشەنگ لە مێژوودا دروستدەکات، خەڵکانی دڵگەرم لە ناکاو ساڵانێکی دووردرێژی خەوتن و سڕبوون جێدەهێڵن و وادەردەکەون وەک لە ناکاو بوویێتنە هێزێک هەموو شت لە بن دەهێنێت. ئەم ساتە زۆرانەی حەماسەتی کورت و هەڵچوون لە پازدە ساڵی ڕابوردووی خۆرهەڵاتدا هەندێک جار لێرە و لەوێ دووبارەبوونەتەوە. سەرەتا بەو ڕاپەڕینە گەورەیەی ئێران دەستی پێکرد کە بزاڤی سەوزیان پێدەگوت. بزاڤێک بوو لە مەلاکانەوە بۆ ریفۆرمی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

«سیستمی مەلاکان». بزاڤێک ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەی ئێجگار گەورەی بەرەڵاکرد، بێئەوەی لە ڕاستیدا ڕوون بێت ئەم وزە شۆڕشگێڕە چی دیکە دروستدەکات، چ ئێرانێکی جیاواز دەخولقێنێت. ناڕوونیەک وایکرد دواجار بزاوتەکە لە جێگایەکدا بوەستێت و جازبییەتی نەمێنێت. ئەوانەی شۆڕشگێڕی مەوسمین یان کێشەی زۆر قووڵیان لەگەڵ کۆی بونیادی فیکری و ئەخلاقی سیستمەکەدا نییە، زوو لە جێگایەکدا دەوەستن.

لەو ساتەوە تا ئەندازەیەک ناکۆکییەکی قووڵ لە هەناوی هەموو بزاوتە شۆڕشگێڕییەکانی خۆرهەڵاتدا ئاشکرادەبێت، ناکۆکییەک لە نێوان «دڵێکی شۆڕشگێڕ» ی پڕ و عاشقانە، دڵێکی پڕ لە حەماسی بێسنووری شۆڕش، گەرووییەک دەتوانێت تا قووڵایی ئاسمان نەعرەتە بکات، بەرامبەر بە «عەقڵێکی شۆڕشگێڕ» کە ناتوانێت بیربکاتەوە، ناتوانێت مۆدێلێکی ئەلتەرناتیڤ دروستبکات، نایەوێت لە ئاستێکی تیوریی و عەقڵانیدا کێشەکان بخوێنێتەوە. واتە ناتوانێت لە «دڵێکی شۆڕشگێڕەوە» بەرەو «عەقڵێکی شۆڕشگێڕ» بگوازێتەوە، ناتوانێت لە حەماسەتەوە بەرەو داڕشتنی مۆدێلێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی نوێ هەنگاو بنێت.

بەجۆرێک دەتوانم بڵێم هۆیەکی سەرەکی نەهاتنەدی خەونی شۆفێرە بچوکەکەی تاران لە ناو خودی خەونەکەدایە، لە ناو چەقبەستن و بەرزڕاگرتنی ئومێددایە، بێئەوەی ئەم هەنگاوە بتوانێت لە بەرزڕاگرتنی حەماسەت و دڵگرمییەوە بەرەو شتێکی دی بپەڕێتەوە. هەموو دڵێکی شۆڕشگێڕ تەنیا تا ماوەیەکی دەتوانێت توند و بەرز لێبدات، ئەگەر عەقڵێکی شۆڕشگێڕ، ئەگەر ئەلتەرناتیڤسازێکی ڕادیکال کارەکانی بۆ تەواو نەکات. ئەوەی دەتوانێت شۆڕش دروستبکات عەقڵە نەوەک دڵ، بیرکردنەوەیە نەوەک ئومێدی تاک و تەنیا.

شۆڕش پرۆسەیەکی دوو دیوە، بەدیوێکدا ئەکتی بەرەنگاربوونەوەی دەزگاکانی دەوڵەت و ئایدۆلۆژیا و ستراتیژە سەرکووتکەرەکانێتی، بە دیوێکی دیکەشدا ئەکتی بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤە سادەکانە بۆ بیرکردنەوەکانی خۆیان، سیستم شتێک نییە تەنیا لە دەرەوە هەبێت، تا بتوانین تەنیا لە دەرەوە بیروخێنین، سیستم شتێکە لە ناو خۆشماندا، لە هۆش و بیرکردنەوەماندا. «بەرەنگاری» پرۆسەیەکە نیوەی لە دەرەوەیە، نیوەکەی دیکەی ڕوانینی مرۆڤە لە دۆگماکانی ناو سەری خۆی، پاککردنەوەی دەرونی خۆیەتی لە کینە و ڕاسیزم و سێکسیزم و تەسکبیری نەتەوەیی و دینی. من سیوهەشت ساڵ لە مەوبەر لە تاران لەگەڵ ئەو شۆفێرەدا کەوتمە گفتوگۆ، پیاوەکە زۆر توند و ڕوون دژ بە ئاخوندەکانی ناو دەوڵەت بوو، کێشەی لەگەڵ هەموو سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەدا هەبوو، بەڵام کە لێم پرسی من کوردم و بەلامەوە گرنگە بزانم ئاخۆ لەگەڵ ئەوەدایە کوردەکان مافی زۆرتریان هەبێت؟ کابرا وەخت بوو لە ماشینەکەی بمکاتە دەرەوە. شۆفێرە بچوکەکەی تاران لە دژی هەموو ئاخوندەکان بوو، بەڵام ئاخوندێکی بچوک لە ناخیدا بوو نەیدەتوانی تێیپەڕێنێت. دڵێکی شۆڕشگێڕی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەبوو دەیویست ڕژێمی سیاسی بگۆڕێت، بەڵام عەقڵێکی شۆڕشگێڕی نەبوو بتوانێت دونیا بگۆڕێت. سنووری گۆڕینی دونیا لای ئەو دەبوو لە سنووری خەونی خۆی تێنەپەڕێت. شۆڕش بەسەرێک وەستانە دژ بە ڕژێمی باڵادەستی سیاسی، بەسەرێکی دیش وەستانە دژ بەو بیمارییە ئایدۆلۆژیانەی سالآنی دوورودرێژی شێواندن و سەرکوت، بە ناوی کولتوور و نەریت و نەتەوەپەروەرییەوە لە مرۆڤەکاندا سەوزیانکردووە، شۆڕش تەنیا لەسەر ئەم دوو قاچە دەوەستێت، لادانی هەر یەکێک لەم دوو پایە گەورەیە سیفەتی شۆڕش لە هەموو هەستان و ڕاپەڕینێک دەکاتەوە.

**نمونەی شۆفێرەکەی تاران لە ناو هەموو نەتەوە و تایەفە و گروپە کۆمەڵایەتییەکانی خۆرهەڵاتدا هەیە.**

ئەم کێشەیە تەنیا کێشەی بزاڤە شۆڕشگێڕەکانی ئێران نییە، بەڵکو دۆخێکی سەرتاسەرییە، بە گشتی دۆخێکی جیهانییە. سیستم هەمیشە وێنەکە وا پیشاندەدات وەک ئەوەی ئەگەری سەرهەڵدانی جێگرەوەیەکی ڕاستەقینە بوونی نەبێت، وەک هیچ ئەلتەرناتیڤێک لە ئاسۆکاندا نەبێت، یاخود جۆرە جێگرەوە و ئەلتەرناتیڤێکی درێو دەتاشێت تا شتەکان بەو ئەلتەرناتیڤە درێوە بپێوین ولە گەڕان بۆ ئەگەرێکی دیکە پەشیمان ببینەوە. نەبوونی ئەلتەرناتیڤ کێشەیەکی سەرتاسەرییە، لەوەوە دەست پێدەکات کە کەپیتالیزم خۆی وەک سیستمێکی بێئەلتەرناتیڤ پیشاندەدات، بەڵام ئەم بەشەی کێشەکە بەرەو جێگای دیکەمان دەبات، ئەوەی لێرەدا و لە ئێستادا گرنگە دیوە خۆرهەڵاتییەکەی گرفتەکەیە «چۆن بیسەلمێنین ئەلتەرناتیڤ هەیە و چۆن خۆمان لە جێگرەوە و ئەلتەرناتیڤی وەهمی و درۆزنانە بپارێزین؟». ئەوە پرسیارێکە ئەگەر ئێستا نەیکەین خۆمان بەوە مەحکوم دەکەین، وەک کۆمیدیا مێژووی ڕابوردوو دووبارەبکەینەوە. بەهاری عەرەبی نمونەیەکی زەقی ئەو قەیرانە قووڵە بوو. لە بەهاری عەرەبیدا دۆخێکی شۆڕشگێرانە ئامادەبوو، ملیۆنەها مرۆڤ دژ بە ڕژێمەکانیان ڕاپەڕین، بەڵام ئامادەنەبوونی پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤی ڕاستەقینە وایکرد خەونی شۆڕش لە خۆرهەڵات شکست بهێنێت و بوێریی هەنگاوی نوێی نەبێت.

تەواوی ئەم سیستمەی ئێمە ئێستا لە ناویدا دەژین کار لەسەر ئەو هەستە دەکات گوایە ئەلتەرناتیڤی ڕاستەقینە بوونی نییە. زۆر جار شۆڕشگێڕەکان بە بێ ئاگای خۆیان هەمان ئەو هەستە دروستدەکەنەوە. ڕاپەڕین و حەماسەتەکان لە دەوری کۆمەڵێک کێشە گەمارۆدەدەن، مێژوو بە ئاراستەیەکی ڕادیکاڵ ناگۆڕن یاخود هەر نایگۆڕن. ئەوەی هەیە تەنیا گۆڕانکاری سنووردارن، دروشمی سنووردارن. بۆ نمونە ئێستا هێزە ڕاپەڕیوەکانی ئێران خەریکە دەکەونە ئەو چاڵەوە، وەک کێشەکە تەنیا کێشەی پۆشاک بێت، وەک گرفتەکە لە نێوان «حیجاب» و «بێحیجاب» دا بێت، لە کاتێکدا کێشەکە لە ڕاستیدا کۆتایی هێنانە بە باڵادەستی وێنەیەک بۆ مرۆڤ، بۆ ئەخلاق، بۆ ئازادی و گۆڕینێتی بە ئاڕاستەیەکی جیاواز. ئەوەی ململانێکان بشێوێنرێن و دووبەرەیی وەهمی و ناڕاستەقینەیان لێ دروستبکرێت، ستراتیژێکە تا ئێستا لە هەموو خۆرهەڵاتدا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرکەوتووبووە. شتەکان تا ئێستا وا وێنادەکرێن وەک ململانێ بن لە نێوان دوو هەڵبژاردندا، هەڵبژاردن «لە نێوان حیجاب و بێ حیجابدا» «لە نێوان ڕەئیسی و مۆدێلی سەڵتەنەتیدا» «لە نێوان ئەسەد و تیرۆریستەکانی بەرەی نوسرەدا» «لە نێوان مالیکی و موقتەدا» ... تا دوایی لەم جۆرە شێوازانەی هەڵبژاردن کە لە خۆرهەڵات گیرۆدەی بووین. بە واتایەکی تر ئەو جۆرە گووتار و ململانێیانەی کایەی سیاسی پێشکەشیاندەکات، بوونەتە ئەو بەربەستە گەورانەی ناهێڵن، شتێکی دی لەودیو تەپوتۆزی ئەم جۆرە «بژاردەگەلە»وە دەربکەوێت. لە خۆرهەڵات سیاسەت وادارێژراوە، هەموو ئەگەرەکانی ناو مێژوو بخنکێنێت ... شۆڕشیش بریتییە لە کردنەوەی دەرگا لەسەر ئەو ئیمکانیات و شیمانە و ئەگەرانەی مێژوو دەیخاتە بەر دەستمان. کێشەکە لەوەدا نییە ئەلتەرناتیڤ بوونی نییە، لەوەدایە کایەی سیاسی و میدیا و فۆرمی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان شێوەیەکیان بدرێتی، تەواوی ئەو ئەگەرانە بشارێتەوە، بمانخاتە بەر بژاردەگەلێک دواجار هیچ شتێک لە دیوارەکانی ستەم و زنجیرە گەورەکان نەشکێنێت، شۆڕش لە چەمکێکی ڕادیکاڵ و مۆدێرن و خولقێنەرەوە بگۆڕێت بۆ لێکەوتەیەکی کۆنزەرڤاتیڤ کە تەنیا ئەوە بەرهەم دەهێنێتەوە کە هەیە یان پێشتر هەبووە.

ترسی گەورە لە خۆرهەڵات لە نەبوونی هێزی تورە و هەڵچوودا نییە، بەڵکو لە لادانی شۆڕشەکاندایە بەرەو لای ڕاست، لە نەبوونی ئەو هێزەدایە کە پرۆژەی ئەلتەرناتیڤێکی مێژوویی بۆ ئەم دۆخە دابڕێژێت. خۆرهەڵات لە تورەییدا قوڵپیدەدات، بە هەر لایەکدا بڕوانین، بە هەر شارێک، بە هەر گوندێکیدا بڕۆین تورەیی و داخ لە سیستەمەکان لە لوتکەدایە، لە بەیروتەوە بۆ بەغداد، لە هەولێرەوە بۆ تاران، لە سلێمانییەوە بۆ دیمەشق، خەڵکی لە هەموو شوێنێک لە حوکمڕانەکانی خۆیان پڕ و تورەن، ئامادەگی تەقینەوەیان تێدایە، ئەوەی گرنگە ئەم هێزانە، ئەم تورەییە گەورەیە چی لێ دەخولقێت. هەر کات پرۆژەیەکی شۆڕشگێڕیی گەورە بوونی نەبێت کە تەواوی ئەم پارچەپارچەبوونەی ئەمڕۆ تێبپەڕێنێت و مرۆڤەکان لە دەوری وێنەیەکی تازە بۆ ژیان و ئازادی و کۆمەڵگا کۆبکاتەوە، ئەو هێزە دەڕژێتە کەناڵگەلێکەوە شتێکی کاریگەر لەم دونیا تاریکە ناگۆڕێت.

کاتێک دەرگا لەسەر شۆڕشی ڕاستەقینە دەکەوێتە سەر پشت، دەمێک ئەو خورافەتە کۆتایی بێت کە گوایە ئەلتەرناتیڤی ڕاستەقینە ناگونجێت و لەبارەدا نییە دروست ببێت. بوونی ئەلتەرناتیڤ لە هیچ سیستمێکدا مەحاڵ نییە، بەڵام بەبێ بوونی هوشیارییەک بتوانێت بە گژ ئەو وێنەیەدا بچێتەوە، پیادەکردنی دەبێت کارێکی سەخت. بەبێ بوونی هەست و پێداویستییەکی قووڵ لای تاکەکان بۆ پرۆژەیەکی ڕادیکاڵ، شتێک نابێت ناوی گۆڕانکاری بنچینەیی بێت. ئەلتەرناتیڤی ڕادیکاڵ زادەی بیرکردنەوە و ئازادکردنی سروشتی مرۆڤە لە دەرەوەی چەپاندنە کولتووریی و سیاسییەکان، ئەم ئەلتەرناتیڤە خۆڕسک لەسەر شەقامەکان و لە ناو خەڵکەوە هەڵناقوڵێت، بەڵکو لە پەیوەندی قووڵی فیکر و سیاسەتەوە دروستدەبێت... ئەگەرچی هەموو فیکرێک سیاسەت بە ئاقاری ئازادیدا نابات، بەڵام هەر لە بنەڕەتیشەوە سیاسەتی بێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

فیکر ناتوانێت سیاسەتێکی شۆڕشگێڕانە بێت.

سروشتی هەموو بزاوتێکی سیاسی به سروشتی ئەو گووتارانەوە بەستراوە کە پشتی پێدەبەستێت، ئێمە تەنیا لە ڕێگای سروشتی ئەو گووتارانەوە تێدەگەین ئاخۆ سبەینێ چی دەگوزەرێت، تێدەگەین لە بەردەم شۆڕشێکی کۆنزەرڤاتیڤی بێ خەونداین یاخود لەبەردەم بزاوتێکی ڕادیکالداین کە ئازادی مرۆڤ تێیدا ئامانجی یەکەمە. ئەوەی ئێستا پێویستە پرۆژەی ئەلتەرناتیڤێکی ڕوون و ئاشکرایە، پرۆژەیەک مانا بدات بە حەماسەتی شۆڕشگێڕانە. هەموو شۆڕشێک بەبێ پرۆژەیەکی سیاسی ئەلتەرناتیڤ دەرەنجامی دروستی لێ ناکەوێتەوە. زۆرینەی خەڵکی ئێران دژ بە دەوڵەت و سیستمی فەرمانڕەوایە، بەڵام پرسیاری گەورە ئەوەیە لەم دژایەتییە دەکرێت چی شتێکی نوێ سەوز بێت، چ شتێکی نوێ بێتەدەرێ، شتێک جیاواز بێت لەوەی کە هەیە.

«پرۆژەیەکی سیاسی ئەلتەرناتیڤ»، بتوانێت دۆخێکی مێژوویی نوێ دروستبکات، جێگای ئەم دۆخەی ئێستا بگرێتەوە کارێکی زەبەلاحە، کارێکی فرە دیو و فرە ڕەهەندە. ئەوە پرۆژەیەکی شەخسی نییە، پرۆگرامێکی حیزبی نییە، بەرنامەیەکی نوسراو نییە لە چەند خاڵێکدا، بەڵکو زەمینەسازییە بۆ جۆرە تێگەیشتنێکی دی لە دونیا، زەمینەسازییە بۆ مرۆڤێکی خۆرهەڵاتی نوێ. هەر کەسێک بیەوێت شۆڕش بکات، دەبێت بڵێین «خەونەکەی خۆتم پیشاندە، تا بزانم تۆ کێیت». لێرەدا سەفسەتەی پۆپۆلیستی و تێکەڵ و پێکەڵ کردنی شتەکان بە دەردی هیچ ناخوات، ئەوەی دەبێت ببینرێت، دیدگای ڕوون و تێڕوانینی قووڵە، دیدێک تێمانبگەیێنێت ئەوەی لێرەدا هاوارەکات دەیەوێت چ دونیایەک دروستبکات.

٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## بەشی دووەم

### ئەلتەرناتیڤ لە کێ و لە کوێوە دەست پێدەکات؟

ئەوەی لە ئێران دەگوزەرێت، هەڵگری نیشانەیەکی گرنگە، پێمان دەڵێت ئایدیای شۆڕش تا ئێستا ئایدیایەکی زیندووە. ژیان لە جیهانێکدا ئایدیای شۆڕش تێیدا مردبێت ئێجگار ترسناکە، بەڵام دەبێت بزانین، بە ڕاستی بەرەو جیهانێک هەنگاودەنێین ئایدیای شۆڕش هێدی هێدی تێیدا بەرەو مردن دەڕوات. دەوڵەتی ئێران لە ساڵانی ڕابوردوودا ستەمێکی بێوێنەی نواندوە، دەستی نەوەک لە هاوڵاتیانی سادە نەپاراستووە، سڵی لەوەش نەکردۆتەوە جوانترین قەڵەمەکانی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وڵاتەکە لە نێوبات و گرنگترین هونەرمەندەکانی بخاتە زیندان. بەرامبەر سیستمگەلێکی لەم جۆرە کە لە هەموو کونج و کەلەبەرێکی خۆرهەڵاتدا حوکمدەکەن، زیندوو ڕاگرتنی ئایدیای شۆڕش ئێجگار گرنگە، بەڵام شۆڕش تەنیا لە کاتێکدا وەک هێزێکی خولقێنەر و بەرهەمهێن و گۆڕانکار دەردەکەوێت، دەمێک بتوانێت سوری ڕاستەقینەی خۆی تەواوبکات. واتە لە تەقینەوەی ڕەمزییەوە بەرەو دارشتنی پرۆژەیەکی نوێ بگوازێتەوە. ئەوەی لە ئێران دەگوزەرێت هاوشێوەی ئەوەی لە سوریا، لوبنان، عێراق، هەرێمی کوردستان ڕوویاندا، نیشانەی ئەوەیە ئەم ڕۆحە گەلێک زیندووە، بەڵام ڕۆحێکە لە قەیراندایە. لە ئەزموونی شۆڕشە گەورەکانی پێشترەوە، لە ئەزموونی ڕووبەڕووبوونەوە توندەکانی نێوان خەڵک و ڕژێمەکان لەم ناوچەیەدا، ئەو قەیرانە ڕوون و ئاشکرا دەبینین. دەبینین ڕۆحێکە ناتوانێت ئەوەی دەستی پێدەکات بیگەێنێتە کۆتایی. لە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبییەوە تا ئەمڕۆ ناوچەکە وەک گڕکانێک جارجار دەتەقێت و خامۆش دەبێتەوە، ئەوەی دەیبینین سەرەتایەکی خێرا و ئاسانە، هەڵچوون و حەماسێکی زۆرە لە ناکاو خاو دەبێتەوە و جەستەکە دەچێتەوە جێگای خۆی، وەک کۆی دیمەنەکە گرژبوون و خاوبوونەوەی جەستەی بیمارێک بێت، کە گوژمەکانی ئازار دەیگرن و بەریدەدەن... قەیرانەکە لەوەدا نییە ڕۆحی شۆڕشگێڕانە نائامادەبێت، بەڵکو لەوەدایە ئەم ڕۆحە سەرەتا دەتوانێت ئاگر بە فتیلەکەوە بنێت، بەڵام دواتر نازانێت چی لە ئاگرەکە بکات. ئەگەر ئەم کێشەیە بە قووڵی و بە وردی قسەی لەسەر نەکرێت و چارەسەر نەکرێت، ئەکتی شۆڕش لەم ناوچەیەدا دەبێتە کۆمیدیا، وەک شانۆگەرییەکی لێدێت تەنیا بەشی یەکەمی بچێتە سەر سەحنە، شانۆگەرییەک چەندین جار دیمەنی یەکەمی دەبینین و دیمەنی دووەمی هەرگیز نایەتە سەر شانۆ. لە عێراق، سوریا، لبنان، کوردستان بینیمان ئەکتی شۆڕشگێڕانە، ئەکتێکە ناتوانێت بزانێت بەرەو کوێ دەڕوات. بانگەشەی ئەوە ناکەم بە تەواوی بزانم کێشەکە سەد دەر سەد لە کوێدایە، چونکە گرفتەکە لە یەک جێگادا نییە، بەڵام کۆمەڵێک وەڵامی گەمژانە هەیە، دەبێت هەر سەرەتا بیانخەینە لاوە تا بتوانین بیربکەینەوە، تا تێبگەین گرفتەکە چ چەشنە گرفتێکە.

یەکێک لەو وەڵامانەی دەبێت بیخەینە لاوە ئەو تێزە گەمژانەیە کە دەڵێت دوگمەی هەموو ئەم کێشانە بە دەست زلهێزەکانەوەیە، ئەوان پەنجە بە دوگمەکەدا دەنێن و شۆڕش دەست پێدەکات، پەنجە بە دوگمەکەدا دەنێن و دەکوژێتەوە. کێشەی ئەم وەڵامە هەر ئەوە نییە ڕاست نییە، بەڵکو کۆی ئەو ڕۆحە شۆڕشگێڕ و گۆڕانویستەی خۆرهەڵات، وەک ئاژەڵێکی پەت لە مل وێنادەکات، کەسێک کەی ویستی ئەم ئاژەڵە بەردەدات و کەی ویستی دەیگرێتەوە. تێزەکە بۆچوونێکی ڕاسیستانە، سادەبین، قەدەری و فێزونە کە هیچ شتێک بۆ کەرامەتی مرۆڤی شۆڕشگێڕ ناهێڵێتەوە، بەڵام هەڵە جەوهەرییەکەی ئەم تێزە لەوەدا نییە، بەڵکو لەوەدایە هیچ هێزێک لە مێژوودا نییە و نەبووە و نابێت، بە تەنیا کۆی ڕەوتی مێژوو، سروشتی کۆی ململانێکان، دەرەنجامی کۆتایی هەموو ناکۆکییەکان بگرێتە دەست و دیاریبکات. ئەم هێزە وێنەیەکی خورافییە و زادەی عەقڵێکی ترساوە کە ناتوانێت بیربکاتەوە. وەڵامێکی سادەیە، عەقڵێکی بیرنەکەرەوە دروستیدەکات، کاتێک بوێری ئەوەی نییە قووڵ لە کێشەکانی کۆمەڵگا و مێژووی خۆی بڕوانێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم جۆرە وەڵامانە بۆئەوەیە بڵێن، هیچ شتێک لە توانای ئێمەدا نییە، هەموو شتێک هێزێکی نادیار دەبیات بەڕێوە کە خەڵکی ئەم دەڤەرە هێزیان بە سەریدا ناشکێت.

دوور لەم جۆرە وەڵامە بێسوودانە، پرسیارەکە ئەوەیە: ئاخۆ ئەم بزاڤەی ئێستا هەر دووبارەکردنەوەیەکی دیمەنی یەکەمی شانۆگەرییەکەیە، یاخود گۆڕمێکی دیکەیە بۆ پێشەوە. وەڵامی خودی ئەم پرسیارە لای ئەو هێزە مێژووییانەیە لە مەیداندان، بەڵام تێڕامان لە ڕەهەندەکانی، لەو گرێیانەی ئەم پرۆسەیە دەوەستێنێت، گرفتی دەخاتە بەردەم، ناهێڵێت بچێتە پێشەوە... وەزیفەی فیکرە.

لە بەشی پێشوودا باسم لە کێشەی دارشتنی ئەلتەرناتیڤی مێژوویی کرد. هەموو بزاوتێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، هەموو جوڵەیەکی شۆڕشگێڕ تەنیا کاتێک ماهییەتی دەردەکەوێت کە دیاربێت بەرەو کوێ دەجوڵێتەوە. ئەفسانەی «ئەلتەرناتیڤ بوونی نییە» خورافەتێکی داتاشراوە، درۆیەکە لە درۆکانی سیستەم. ئەلتەرناتیڤ هەمیشە هەیە، بەڵام هەڵبژاردنی و دیاریکردنی و دارشتنی بە ڕوونی بوێرییەکی مێژوویی دەوێت.

کێشەی هەرە گەورەی بیرکردنەوە لە ئەلتەرناتیڤ کاتێک دەست پێدەکات، لە شێوەی ناوەندێکی بیرکردنەوە و سەرکردایەتیدا بیبینین. زاڵبوونی عەقڵییەتی بەلشەفیکییانە لە خۆرهەڵات لە ماوەیەکی دووروودرێژدا، ئەو وێنەیەی بۆ ئەلتەرناتیڤ خولقاندوە، وەک تەنیا پێویستی بە سەرکردایەتییەکی سەنتراڵ و بەهێز بێت، کۆمەڵێک سەرکردەی کاریزمی، ژمارەیەک کەسانی پێشڕەو کە دەکەونە پێش میللەت، لە ژوورێکدا کۆدەبنەوە و بەرنامەی بۆ دادەنێن، نەخشەی پاشەڕۆژی بۆ دەکێشن، سروشتی دەوڵەتی داهاتووی بۆ دیاریدەکەن، ئەم جۆرە لە ئەلتەرناتیڤ تا ئێستا سێبەری بەسەر عەقڵییەتی مرۆڤی خۆرهەڵاتییەوەیە. لەووە پێش زۆر قسەم لە ڕیشە لینینییەکانی ئەم مۆدێلە کردوە کە هەتا پارت و گرووپە دینییەکانیش پەیڕەویدەکەن. مۆدێلی «ڕابەر» «پێشڕەو» «باوکی گەورە».

لە خۆرهەڵات بە هەر لایەکدا بڕوانین تارمایی ئەم شێوازە لە تێڕوانین و بیرکردنەوە دەبینین. خەڵک دەجوڵێن، دەڕژێنە سەر شەقام، بەڵام هێندەی لە فیکری ئەوەدان زوو ڕزگارکەرێک دەربکەوێت لە بیری ئەوەدا نین خۆیان چارەنوسی خۆیان بگرنە دەست. ئەم شێوازە لە ئەلتەرناتیڤ لە سەدەی بیست و بیست و یەکدا چەند جارێک تاقیکراوەتەوە. دەوڵەتی ئێستای ئێران خۆی بەرهەمی ئەو شێوازەیە لە تێڕوانین، بەرهەمی پاشکۆیەتی مرۆڤەکانە بۆ سەرکردەیەکی کاریزمی کە مانای دین و مانای دونیایان بۆ دیاریدەکات، پێیاندەڵێت ئازادی چییە و فێریشیان دەکات بە چی بڵێن ئەخلاق. خواستی مرۆڤەکان بۆ ئەم جۆرە لە ئەلتەرناتیڤ، گرێدراوی ئەو دۆخەیە کە نیتشە بە «گەڕانەوەی ئەبەدی» ناوی دەنێت. وەک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هێزێکی تاریک مرۆڤەکان بەرەو ئەوە ڕابکێشێت بە هەمان ڕێگادا بڕۆنەوە کە پیاڕۆیشتوون، وەک یادەوەرییان نەبێت، وەک هیچ لە مێژوو فێرنەبووبن.

ئەم مۆدێلی ئەلتەرناتیڤە ئەگەر هەندێ جار لە مێژوودا سەرکەوتبێت، تەنیا لە بەر ئەوە سەرکەوتووە هیچ گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینەی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە، یاخود شێوە حوکمێکی هێناوە ترسناکتر و خوێناویتر لەوی پێش خۆی، وەک لە حاڵەتی شۆڕشی ڕوسی، چینی، کۆری، ئێرانی ... هتد بینیمان.

دەرگای ئەم مۆدێلە، قاپییەکی داخراوە، ئەو گروپ و هێزە کۆمەڵایەتییانە لێیدەدەن خواست یان بوێریی گۆڕانکاریی ڕاستەقینەیان نییە، خۆیان ناوێرن بیربکەنەوە و ناهێڵن کەسیش گوێی لە دەنگی بیرکردنەوە بێت، شۆڕش بە هێڵکارییەکی پێشوەخت کێشراو دەزانن نەخشەکەی بە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەوە لە گیرفانیاندا بێت.

بۆ دەرچوون لەم جۆرە بیرکردنەوەیە، دەبێت شێوازی تێڕوانین و بیرکردنەوەمان دەربارەی سیستەم بگۆڕین.

سیستەم کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک نییە، بەڵکو هێزێک و ئۆرگانێکی پەلکێشە بە ناو هەموو ژیان و کۆمەڵگادا، لایەنی کەم لە چوار زۆن و ڕووبەری گەورەدا ئیشدەکات.

**یەکەم**: کایەی دەوڵەت و دەزگا قانونییەکانی.

**دووەم**: کایەی ئابووری بە هەموو ئۆرگان و بازاڕ و کۆمپانیا و ئەنستیوتە سەربەخۆکانییەوە.

**سێهەم**: هەموو ئەو سەرخانە کولتوورییەی، ئایدۆلۆژیای باڵادەستی ناو کۆمەڵگا دیاریدەکات، وەک دین، داب و نەریت، ئەخلاق، پەروەردەی ناو خێزان، ترێندە هونەرییەکان، وەرزش، هێزگەلە کاریگەرەکانی وەک میدیا و سوشیال میدیا و ئینتەرنێت.

**چوارەم**: ناوەوەی مرۆڤەکان و ژیانیان، هەڵبژاردن و ئارەزووەکانیان، ئەو ڕێساگەلانەی بۆ دیسپلین و ئاڕاستەکردنیان دەگیرێتەبەر، ئیدی لە دیسپلینکردنی زمانەوە تا دەگاتە سەر دیسپلینکردنی جەستە...هتد.

لە خۆرهەڵاتدا کۆی ئەم زۆنانە کە زۆنە سروشتییەکانی بوون و جوڵە و ژیانی کۆمەڵگان، لە ژێر فشاری ناسروشتی و بە جۆرێکی قاندراو بە ئایدۆلۆژیای تاکرەهەند و یەک ئاڕاستە و سەرکوتکەرانە دەبرێنبەڕێوە. لە دادگاکانەوە بۆ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

قوتابخانەکان، لە مزگەوتەکانەوە بۆ ناو پەرلەمانەکان، لە ژووری خەوتنی خێزانەوە بۆ ژوورەکانی خوێندن لە زانکۆکاندا، تەوژمێکی سەرکوتکەر دەیانبات بەڕێوە کە دەرگای گفتوگۆ، دەرگای سەرهەڵدانی دیدی تر، ڕێگای بیرکردنەوەی لە مۆراڵی دیکە داخستووە.

هاواری ئەوەی «هیچ ئەلتەرناتیڤێک بوونی نییە»، لە هەموو ئەو دەمار و ئۆرگانە گرنگانەی کۆمەڵگاوە هەڵدەستێت. هەوڵبدە یاساکان بگۆڕیت، دادوەرەکان، پارێزەرەکان هاواردەکەن «هیچ جێگرەوەیەکی دی بوونی نییە، دادگا دەڕوخێت، شیرازە دەپچڕێت». هەوڵبدە زانکۆکان بگۆڕیت، لە ناو خودی ئەو زانکۆیانەوە هێزگەلی کۆنزەرڤاتیڤ ڕادەپەڕن و زانکۆ دەخەنەوە سەر ئەو دۆخەی ئێستای، هەوڵبدە توندوتیژی لە خێزاندا کەم بکەرەوە، هاواری ڕوخانی کۆمەڵگا و هەرەسی خێزان لە هەموو سوچێکەوە بەرزدەبێتەوە.

ئەم ئایدۆلۆژیا فاشیستییە باڵادەستە کە بە تەواوی دەمار و ڕەگوڕیشەی کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکاندا چۆتە خوارەوە، هەویرێکی پێکەوە شێلراوە لە ڕێنمایی دینی، ناسیونالیستی، جەندەری، لەسەر دژایەتی هەمەڕەنگیی و بە نیازی سەپاندنی تاکوێنەیەک بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا ئیشدەکات. تا قووڵتر و وردتر لە سەرەوە بەرەو خوار بکشێین، تا زیاتر بە میکانیزمی ئیشکردنی دەزگاکاندا بچینە خوارەوە، تا قووڵتر عەقڵییەتی بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردن لە ئۆرگانە گەورەکاندا شیبکەینەوە، تا بیروبۆچوون و نیگای ڕۆژانەی مرۆڤە سادەکان زیاتر بخەینە بەر خوێندنەوە و ڕاڤەکارییەوە، پتر و پتر بەر ئەو دیوارە دەکەوین کە ناهێڵێت گۆڕانکاریی قووڵ بێتە ئاراوە. سیستەمەکان سەنگەری خۆیان تەنیا لە بەردەم وەزارەتەکان و زیندانەکان و دەزگا دەوڵەتییە گرنگەکاندا لێ نەداوە، سەنگەرە قایمەکەیان لە هەموو ئەو جێگایانەدایە کە بە چاوی ئاسایی نابینرێن، لە کایەی ئابووریدایە، لە ئەخلاقدایە، لە ناو نەریتەکاندایە، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بچوکەکاندایە، لە پەیوەندیی مرۆڤ و خودادایە، لە پەیوەندیی ژن و پیاودایە، لە فۆرمی خوێندندایە، لە بەشی تاریکی دەرونی مرۆڤەکاندایە.

بە کورتی هەموو ئەم جێگایانەی لە کۆمەڵگاکانی تردا بەردەوام دەستکاری دەکرێن، ڕیفۆرم دەکرێن، میتۆدەکانی ئیشکردن لە نێویاندا دەگۆڕێت، فیکر و زانست دەخرێنە کار لە بەرەو پێش بردنیاندا، لە خۆرهەڵات لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرنەوە بۆ ئەمڕۆ، گۆڕانکاری لەم بوارانەدا ملکەچی هیچ دیالۆگێکی عەقڵی و ئەخلاقی نییە و نەبووە، بەڵکو ملکەچی پێداویستییە کورت و کاتییەکانی ئەو هێزانە بووە کە لەو بوارانەدا باڵادەستن. سیستەم لە کۆمەڵگای خۆرهەڵاتیدا سەنگەری خۆی لەو جێگایانەدا لێداوە، دەرگا ئاسنینەکانی خۆی لەو کایانەدا کلۆمکردوە، کۆمەڵگای داخراو لەو خانە و لەو ژوورە تاریکانەدا گەورە بووە کە ناهێڵێت دەستکاری بکرێن و گۆڕانکاری و ڕیفۆرم بیانگاتێ. پاسدار، ئاسایش، شەبیحە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گورگە بۆرەکان، حەشد... هتد، زادەی ئەو هەموو کونجە تاریک و داخراوەن کە وەک بەشێکی سروشتی کۆمەڵگا و کایەی سیاسی وەرگیراون. لە ناو ئەم خانە تاریکانەدا مرۆڤگەلێک دروستدەبن ناتوانن خاوەنی هەستی هاودەردی بن لەگەڵ مرۆڤدا. کۆمەڵگای داخراو مرۆڤێک دروستدەکات هەستی هاوئازاری تەنیا بۆ جنسی خۆی، بۆ نزیکانی خۆی هەیە، ئەخلاقی تەنیا بەشی ئەوە دەکات بەزەیی بە نزیکەکانی خۆیدا بێتەوە. لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا نەتەوە ڕقی لە نەتەوە، بیروڕا ڕقی لە بیروڕا، پیشەدار ڕقی لە هاوپیشە، ژن ڕقی لە پیاو، پیاو ڕقی لە ژن، شار ڕقی لە شارە... واتە کۆی سیستەم لەسەر «یەکتری لە یادکردن» و کوشتنی هەستی «هاودەردی» بۆ یەک دروستدەبێت، ئەوەی لەم کۆمەڵگایانەدا قسەدەکات تەنیا ئەو دیوار و بەربەستانەیە مرۆڤەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە، ئەو ڕقە دینی و ناسیونالیستی و جەندەرییەیە لە هەموو شوێنێکەوە هەڵدەقوڵێت.

لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا کاتێک هەستی هاودەردیش دەردەبڕدرێت، کاتێک باس لە پشتگیریی دەکرێت بە جۆرێکی وا گشتی، وا بێ ناونیشان، وا بێ ئەدرێس دادەڕێژرێت، ئەستەمە بە ڕوونی بزانیت کێ پشتگیریی چی دەکات... لە سیستمی وادا پەیامی مرۆڤدۆستی ئاڕاستەی مرۆڤێک دەکرێت ڕوخساری نییە، گشتییە، شوناسی نییە. پشتگیری لەم سیستمەدا چەشنێکە فارسێک ناوێرێت بڵێت من پشتگیریی کورد دەکەم، کورد وەک نەتەوە، وەک زمان، وەک مەخلوقێک کە دەموچاوێکی هەیە جیاواز لە من و خۆی مافی خۆیەتی سەربەخۆ خۆی پێناسەبکات. پیاو ناوێرێت بڵێت من پشتگیری لە ژن دەکەم، ژن وەک مەخلوقێکی ئازاد و سەربەخۆ و جیا لە من، مەخلوقێک خۆی پێناسەی خۆی دەکات، نەوەک من پێناسەی بکەم. مەهسا ئەمینی لە بەر ئەوە نەمرد دوو تاڵ لە قژی بەدەرەوە بوو، پێش ئەوە مێژوویەکی درێژ هەیە ئەو مەخلوقەی دروستکردووە کە مەهسا دەکوژێت، ئەو کۆمەڵگایانەی دروستکردووە شتگەلێک بەناوی «گەشتی ئیرشادو پۆلیسی ئاداب» قەبووڵ دەکەن. پێش ئەوە سیستمێک هەیە دەڵێت نابێت مەهسا خۆی پێناسەی خۆی بکات، نابێت ژن خۆی پێناسەی خۆی بکات، نابێت پیاو خۆی پێناسەی خۆی بکات، نابێت کەمەنەتەوایەتییەکان خۆیان پێناسەی خۆیان بکەن، نابێت کورد خۆی پێناسەی خۆی بکات، نابێت کەمایەتییە دینییەکان خۆیان پێناسەی خۆیان بکەن. ئەڵتەرناتیڤ لەوەوە دەست پێدەکات ئەو بنەمایە بچەسپێت مرۆڤەکان بتوانن شوناسی خۆیان دیاریبکەن، بێئەوەی مافەکانی خۆیان و هاودەردی و هاوسۆزی ئێمە بدۆڕێنن. ئەڵتەرناتیڤ تەنیا لە ناو خانە داخراوەکاندا لە دایکدەبێت، لەو شوێنانەوە دروستدەبێت ئایدۆلۆژیای فاشیستی مرۆڤی دوژمن بەوانی تر دروستدەکات. ئەم سیستمە یەک یاسای گەورە دەیبات بەڕێوە «دروستکردنی بەردەوامی قوربانی» «دروستکردنی پەراوێز» «جیاکردنەوەی موقەدەس لە نەفرەتلێکراو» «کردنەوەی دەرەوەی بەردەوامی هەندێک شوناسگەل»، ئەڵتەرناتیڤ بە دروستکردنی تەماهی «چونیەککردنی چۆنایەتی» لەگەڵ پەراوێزدا، لەگەڵ لێدراودا، لەگەڵ قوربانیدا دروستدەبێت، واتە بە گەڕانەوە بۆ هێزی پێناسەکردنی مرۆڤ بۆ خۆی، دژ بە هێزی پێناسەکردنی سیستەم بۆ ئێمە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە کورتی ئەلتەرناتیڤ هوشیارییە بە کۆی وێنەکە، بە بینینی بەشەکان، بە تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی کارکردنیان، بە مامەڵەکردنی سیستم وەک یەکەیەک کە لە خوارەوە بەرەو سەرەوە دەکشێت، بە تێگەیشتن لەوەی خەبات دژ بە سەرەوە جیانابێتەوە لە خەبات دژ بە خوارەوە، خەبات دژ بە سەرەوە کاتێک سەرناگرێت لەوەوە دێت میکانیزمێک نییە گرێی بدات بە خەبات دژ بە ڕێگرەکانی خوارەوە.

٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## بەشی سێهەم

## هەڵوێست بە تامی فیدیۆکلیپ

ئەگەر سەرنج بدەین، دەوڵەتی ئێران لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە هەوڵدەدات کێشەکان وەک کێشەی نەتەوەیی ڕووت، وەک گرفت لەگەڵ حیزبە کوردییەکاندا وێنابکات، یان وەک گرفت لە نێوان خەڵکانی حیجابدار و بێ حیجابدا... قەتیسمانی وێنەی بزاڤەکە لە هەندێک کردەی دیاریکراودا، هەوڵە بۆ پەرتکردن و لە بیربردنەوەی ئەو ڕاستییەی قەیرانی ئەم سیستمانە سەرتاسەرییە، ستەم بە هەموو ڕیشە و دەمارێکی ئەم ڕژێمانەدا چۆتە خوار. خودی پەرتکردنی وێنەکە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، ئەوە دەسەلەمێنێت کە کورتکردنەوەی وێنەی کۆی سیستم بۆ یەک وێنە یاخود یەک ململانێ یاخود بۆ یەک مەیدانی بەرەنگاری، ستراتیژی خودی سیستەمە و ستراتیژی سەرەکیشیەتی. لێرەوە ئەوانەی پرۆسەی گەڕان بۆ ئەلتەرناتیڤ بچوکدەکەنەوە، لە بنەڕەتدا تەنیا هەنگاوێکی زۆر کورت لە خودی سیستمەکەوە دوورن.

ڕژێمی ئێران نمونەیەکی زەقی ئیشکردنی کۆی سیستمی ستەمی خۆرهەڵاتی مۆدێرنە. بونیادێکە لەسەر ستەمی چینایەتی، نەتەوەیی، دینی، جنسی بونیادنراوە. هەموو فۆرمەکانی چەوسانەوە، لە چەوسانەوەی چینایەتی و ئابوورییەوە تا چەوسانەوەی نەتەوایەتی، لە چەوساندنەوەی ژنەوە بۆ چەوساندنەوەی کەمایەتییە دینییەکان، لە سانسۆرکردنی ئەدەب و هونەر و جوانییەوە تا سانسۆرکردنی ئینتەرنێت و بەستنی فەزای مەجازی، زنجیرەگەلێکن یەک تەواو دەکەن، هیچ یەک لە ئەڵقەکانی ئەو زنجیرە بە تەنیا ناپچڕێت، لە بەرئەوەی نوێنەران و تیوریزەکەران و جێبەجێکەرانی ئەم جۆرە ستەمە جیاوازانە، لە بنی کۆمەڵگاوە بۆ سەرەوە دەستەیەکی یەکانگیر و یەکگرتوون، بەرەیەکی پانوپۆڕن لە هێزی کۆمەڵایەتی و سوننەتیی کە وەک مەکینەیەکی گەورە لە چەندەها کەناڵی وەک «خێزان، مەکتەب، مزگەوت، میدیا» وە جیهانبینی خۆیان دەسەپێنن، لە هەر جێگایەکی ئەو زنجیرەشدا کێشە هەبێت پینەی دەکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پرسیارێک لێرەدا گرنگ بێت ئەوەیە، بۆ هەموو ئەم فۆرمانەی چەوساندنەوە، یەک یەکەی یەکگرتوو دروستدەکەن، بۆ ئیشکردن لە دژ هەموو ئەم فۆرمانە لە خانە وردەکاندا، وەک ئیشکردنی ڕاستەوخۆ دژی دەسەڵاتی ناوەند گرنگە؟ بۆ چاو غافڵکردن لە هەر پایەیەک لە پایەکانی ئەم ڕژێمە «سیاسی ـ کۆمەڵایەتی»یە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆیدا زیندووبوونەوەی کۆی فۆرمەکانی تری چەوساندنەوە زامندەکات؟ یان ئەگەر پرسیارەکە باشتر دابڕێژین، بۆ ناکرێت شێوەکانی چەوساندنەوە بەش بەش لە مێژووی خۆرهەڵات بسڕینەوە؟ واتە ئەستەمە بەبێ ئەوەی نەتەوەکان ئازادبن ژن ئازاد بێت، ئەستەمە بەبێ ئەوەی دادگاکان سەربەخۆ بن نەتەوەکان مافیان زامن بێت، ئەستەمە چەوساندنەوەی چینایەتی نەمێنێت لەکاتێکدا چەوساندنەوەی جەندەری لە ترۆپکدایە، ئەستەمە حیزب نا دیموکرات بێت حکومەت دیموکرات بێت، ئەستەمە تۆ ناسیونالیست بیت و بتەوێت بەرامبەرەکەت ناسیونالیست نەبێت، ئەستەمە تۆ مەزهەبی توندڕەو بیت و بتەوێت بەرامبەرەکەت توندڕەو نەبێت. بە کورتی بازنەیەکی سەرتاسەری، بونیادێکی یەکگرتوو، سیستمێکی هۆمۆجین هەیە ئەمانە پێکەوە گرێدەدات. ئەگەر ڕوونتریش قسەبکەم: ئەستەمە لە کۆمەڵگایەکدا خەڵکانێک تێیدا لەسەر ئەوە شەڕدەکەن زەوی خڕە یان خڕ نییە، بپرسیت بۆ نەتەوەکەم ئازاد نییە، چونکە ئەو هێزەی ئەو ئازادییەی زەوتکردوە بەو جەهلە ڕاگیراوە کە ئەو پرسیارەی دروستکردوە .ئەم شێوەیە لە ستەم بە ئیمتیاز سیستمێکی خۆرهەڵاتییە، هەوڵی ناکامیش بۆ کورتکردنەوەی ستەم لە فۆرمێکیدا و فەرامۆشکردنی شێوەکانی تر، تا ئەمڕۆ جەوهەری سیاسەتە لە خۆرهەڵات.

**بەڵام ئەم ناوکە ڕەق و یەکگرتووییەی، فۆرمە جیاوازەکانی ستەم لە کوێوە دێت؟**

ئەم ڕژێمە سیاسیانەی لە خۆرهەڵات حاکمن، بە پێچەوانەی سیستمەکانی خۆرئاواوە، کە پەیوەندی دەسەڵات و مەعریفەت تێیدا قووڵە، سیستمگەلێکن لەسەر زەمینەیەکی زۆر لاوازی فەرهەنگی و مەعریفی ڕاوەستاون. سیستمگەلێک نین، وێنەیان بۆ دونیا و مرۆڤ و کۆمەڵگا زادەی پەرەسەندن و ئیشی پێکەوەیی دەیان کایەی جیاوازی زانستی بێت «بەو شێوەیەی فۆکۆ لە مێژووی خۆرئاوادا دیاریدەکات»، لێرەوە ترسی نەبوونی مەعریفە ترسێکی جەوهەری ناو سیستمە. ئەم تێزەیە ستایشی خۆرئاوا نییە «وەک نەخوێندەوارێکی عیملاقی کورد لە چەند ڕۆژی ڕابوردوودا نوسیبووی» ئەمە فاکتێکی ڕۆشنی مێژووییە کە هەر منداڵێکی سەرەتایی دەتوانێت بیبینێت. ئەم ترسە وەک لە کتێبی ئایدۆلۆژیستدا باسمکرد، بونیادنەری خۆرهەڵاتی نوێیە. ئەو هەقیقەتەی خۆرهەڵات دەچێتە قۆناغێکی نوێوە و دەڕوانێت لە هەموو لکەکانی زانست و مەعریفەدا لە دوای دونیاوەیە، جۆرە دەسەڵاتێک دروستدەکات ترسی لە نەبوونی مەعریفە، ترسی لە جەهلی خۆی لە نەست و لە نائاگاییدا گەلێک بەهێزە. نەزانین هەمیشە بە ترسی لەدەستدانی کۆنترۆڵەوە بەندە، ئەوەی کۆنترۆڵ بۆ دەسەڵات زامندەکات و هەستی دڵنیایی دەداتێ، زانستە. دەسەڵاتگەلێک کە ئەو زێر خانە مەعریفییەیان نییە، وەک دەسەڵاتەکانی خۆرهەڵات، بۆ ئەوەی بەسەر ئەو ترسەدا زاڵبن دەبێت هەستی کۆنترۆڵ و دڵنیایی لە جێگایەکی دیکەوە بهێنن. جێگرتنەوەی زانستیش بە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دۆگما تاکە شتێکە ئەو ترسە ناوەکییە ئارام دەکاتەوە، دۆگماش هیچ نییە جگە لە بەخشینی شێوەیەکی نەگۆڕ بە شتێک کە هەمیشە لە گۆڕاندایە.

فۆبیای "لە دەستدانی کۆنترۆڵ" بۆئەوەی بەسەر خۆیدا زاڵ بێت، پێویستی بە وێنەیەکی ڕۆشن هەیە، هەموو چەشنە لێڵبوونێک لە وێنەکاندا هاوشانی ترسی ناحاڵی بوون و تێنەگەیشتن و لەدەستدانی کۆنترۆڵە. زۆربەی پەرچەکرداره فاشیستییەکان لە خۆرهەڵات هەوڵن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو وێنەیەی فاشیستێک پێویستی پێیەتی. ئەو دۆخەی پێیدەگووترێت «توندڕەوی» دۆخێکە لە خواستی ڕوونبینییەوە هاتووە، فاشیستەکان هەوڵدەدەن هەمیشە پێناسەیەکی ڕوونیان بۆ نیشتیمانپەروەر و خائین هەبێت، بۆ چاکە و خراپە، کافر و ئیماندار، حەرام و حەڵاڵ، دۆست و دوژمن... هتد. کاتێک خۆکوژێک لە ناو کۆمەڵێک خەڵکدا خۆی دەتەقێنێتەوە لەسەر ڕۆشنایی ئەو وێنە ڕوونەی جیاکردنەوەی دۆست لە دوژمن یان ئیماندار لە کافر ئەو کارە دەکات، ئەو بە بڕوای خۆی جیهان تەواو بە ڕوونی لە پێش دیدەیدا دەبینێت. بەبێ بەرچاو ڕوونییەکی تەواو، بەبێ یەقین ئەستەمە دەسەڵات لە خۆرهەڵاتدا بەردەوام بێت. مەیلی دەسەڵاتدارانیش بەلای ئاینەکاندا بە هۆی ئەو سیفەتی یەقین و ڕوونی و دۆگماتیزمەیە کە لە مەزهەبەکاندا هەیە .

خولیای کۆنترۆڵ و پێناسە لەویدا نامێنێتەوە، سیستمێک لەسەر دۆگما و وێنە پێشوەختەکان و حوکمە پێشوەختەکان دروستبووبێت، دەبێت خاوەنی کۆمەڵێک پێناسەی نەگۆڕ بێت، پێویستی بە پێناسەیەکی دیاریکراو هەیە بۆ ژن، بۆ جەستە، بۆ پیاوەتی، بۆ زمان، بۆ یاسا، بۆ پەروەردە، بۆ ئەخلاق... هتد، پێناسەگەلێک لەگەڵ کەرەستە مەعریفییە زۆر سادە و سەرەتاییەکانی عەقڵی خۆیدا بگونجێت. ئەم پێناسانە زەمینە بە دەسەڵاتداران دەبەخشێت، یاسای مامەڵەکردن و ڕەفتار لە هەموو کایەکاندا وەک یەک دابڕێژن، وێنەیەکیان پێدەبەخشێت بتوانن ئەخلاقیاتی دەسەڵات لە هەموو خانەکاندا یەکبخەن و هۆمۆجینییەتێک دروستبکەن. ئەم خولیایە دەکشێت بەرەو داڕشتنی وێنەی نەگۆڕ و ڕاسیستی بۆ نەتەوە و مەزهەبەکانیش، بۆ نمونە تێڕوانینی ڕاسیستی لە «کورد، سوننە، جولەکە، خۆرئاوا» بەشێکی دانەبڕاوی ئایدۆلۆژیای دینی دەوڵەتی ئێرانییە، کورد لای ئایدۆلۆژیستەکانی کۆماری ئیسلامی هەڕەشەیەکی جیۆپۆلۆتیکییە نەوەک نەتەوەیەکی جیا بە شوناسێکی جیاوە، زمانی کوردی هەڕەشەیەکی تری لێڵکردنی تێگەیشتن و وێناکردنە کە جیاوازە لە زمانی دەوڵەت، هەر زمانێک دەوڵەتدارەکان بە ڕوونی تێینەگەن، پەڵەیەکی ڕەش دەخاتە ئەو وێنەیەوە کە داگیرکەر دەیەوێت داگیریبکات، لێرەشدا زمان وەک زۆنێکی مەحاڵی لێدێت، زمانی کوردی ئەو هێزەیە کە ناهێڵێت هەستی کۆنترۆڵکردنی تەواو لای داگیرکەر دروست ببێت. بەوەدا داگیرکەر ناتوانێت زمانی کوردی فێرببێت و تێبگات، پێناسەکردنی بۆ کورد هەمیشە شەبەقێکی گەورەی تێدایە، واتە کۆنترۆڵکردنی بۆ کورد هەمیشە بەر بەربەستێکی تاریک دەکەوێت. لە هەر جێگایەکدا پێناسەکردن مەحاڵ بێت، ترسی فاشیستیانە لە ترۆپکدا دەبێت. فاشیست تەنیا کاتێک ئاسوودە دەبێت کە بزانێت چی دەبینێت و دەبێت چی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بکات، واتە پێناسەی نەگۆڕی هەبێت و لەسەر بنەمای ئەو پێناسەیە یاسا سیاسییەکانی خۆی دابڕێژێت. حاڵی ژن لەم سیستمەدا هەمان شتە، چۆن کورد پەڵەیەکی ڕەشی پێناسەنەکراوە، ژنیش لەم سیستمەدا مرۆڤ نییە، تەنیا هەڕەشەیەکی ئەخلاقی و ئیمانییە، تا داپۆشراوبێت مەترسی کەمترە، تا ڕووت بێت پتر وەک زۆنێکی تاریک و پڕ هەڕەشە دەردەکەوێت. بە کورتی: ئەو وێنانەی جیهانبینی فاشیستی لە خۆرهەڵات دایڕشتووە، هیچ یەکێکیان بە تەنیا و جیاواز لەوانی تر دروست نابن، بۆیە پرۆسەی بە گژداچوونەوە و ئەلتەرناتیڤسازیش، ئەکتێکی یەک ڕەهەند و تاک ئاراستە نییە.

ئەم وێناکردنەی سەرەوە بۆ گەڕان بە شوێن ئەلتەرناتیڤدا، زۆر کەس دەترسێنێت. بەو حیسابەی ئەو کەسەی دەچێتە سەر شەقام دەبێت لیستێکی لە گیرفاندا بێت، یەک یەک خانەکانی سیستمی تیا نوسیبێت، تا دوایی بزانێت چەندی ڕوخاندووە و چەندی ماوە. ئەم جۆرە لە وێناکردن و بیرکردنەوە پیشانی دەدات حاڵی هەندێک لەوانەی لەم ڕۆشنبیرییەی ئێمەدا قسەدەکەن لە چ ئاستێکی نزم و لە چ دۆخێکی مەعریفی ئیفلیجدایە. ئەم جۆرە لە نوخبەی بە حیساب ڕۆشنبیر پێیان ئاساییە سەدان ساڵی تر هەمان عەقڵی ناسیونالیستی، مەزهەبی، ئەپارتایدیست بێهیچ گورزێک بێتەوە سەر شانۆ، دیکتاتۆرێک بخەنە جێگای دیکتاتۆرێک، ستەمکار بە ستەمکار بگۆڕنەوە، ئەمانەیان بەلاوە کێشە نییە کە هەزاران قوربانی لەم پرۆسانە دەکەوێتەوە، بەڵام بەلایەوە سەختە داوابکەیت مرۆڤەکان فێربن ماف ببەخشن، ئازادی ببەخشن، لێگەڕێن ئەوانی تر خۆیان خۆیان پێناسەبکەن. پێیان ئاسانە مرۆڤ تا قیامەت ناسیونالیستێک بێت کە ڕقی لە نەتەوەکانی ترە، بەڵام پێیان سەختە مرۆڤ جارێک خۆی لەو کینانە پاکبکاتەوە و مرۆڤەکان تەنیا وەک مرۆڤ و دوور لە حوکمی پێشوەخت ببینێت، پێیان ئاسانە تا قیامەت مەزهەبییەکی عەقڵ تەسک و دۆگمائی بن، بەڵام پێیان سەختە جارێک کەسانێک کە هەڵگری بیروڕای دیکەن وەک مرۆڤی سروشتی و مافدار ببینن. پێیان ئاسانە تا مردن پیاوانێکی مرومۆچ بن کە بۆ دەوروبەرەکەیانی دیاریدەکەن چی بن و چۆن بن و چی بکەن، بەڵام پێیان سەختە جارێک ماف بە نزیکترین و خۆشەویسترین کەسانی خۆیان بدەن ئازادیی خۆیان پراکتیزەبکەن، خۆیان بۆ خۆیانی دیاریبکەن وشەی ئازادی مانای چی. کێشە گەورەکە و گاڵتەجارییە بێسنوورەکەش لەوەدایە، ئەم فۆبیایە کە سیستم لە ناویاندا چاندویتی، ناوەدنێن غەمخۆریی بۆ شۆڕش.

لە لۆژیکی ئەم جۆرە شۆڕشگێڕانەدا، مرۆڤ تەنیا کاتێک دەتوانێت شۆڕشگێڕ بێت کە باس لە قووڵایی ئەرکی شۆڕش نەکات. دروشمی ڕاستەقینەی ئەمانە ئەوەیە: شۆڕشگێڕبە بە بێدەنگ، تابلۆی پشتگیری خۆت بەرزبکەوە، کلیپی خۆت تۆماربکە و بێدەنگ بە... هەر وەختێک بچیتە بواری بیرکردنەوەوە ئەوا کارەکە سەختدەکەیت. هەمووان بە کوێری شۆڕشگێڕبن باشترە لەوەی هوشیارانە تێبگەین شۆڕش جیهانبینییەکی نوێیە، دابڕانی سەردەمێکە لە سەردەمێک، پێکوڵکارییە بۆ مرۆڤێکی نوێ، بۆ خۆرهەڵاتێک چیتر هێزی فاشیستی بەرهەم نەهێنێت. ئەم پرۆسانە کە دەبێت سەرەتا و کۆتایی هەموو لۆژیکێکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشگێڕ بێت، وەک مەحاڵ و نەکردە و کە مکردنەوە لە شانوشکۆی خۆرهەڵات سەیریدەکەن. کێشە گەورەکە لەوەدایە ئەم تێزەیە کە ڕێک و ڕاست وەک گوللەیەک وایە بینێیت بەسەری شۆڕشەوە، بە شۆڕش تێبگەیت. زمانحاڵی ئەم دەستە و تاقمە دەڵێت « تۆ دەتوانیت شۆڕشگێڕ بیت، بێئەوەی هیچ بگۆڕیت» «شۆڕش بکە بێئەوەی بیر لەم شتانە بکەیتەوە کە ڕێگاکەت لێ ئاڵۆزدەکەن و سەرت لێ تێکدەدەن». ئەم دەستە و تاقمە کێشەکە وا وێنادەکەن، وەک ئەگەر وێنەی ڕاستەقینەی شۆڕشمان کێشا، ئەگەر بە ڕوونی مانای ئاڵوگۆڕ و گۆڕان و ئەلتەرناتیڤمان دیاریکرد، بەوە خەڵک لە شۆڕش سارددەبنەوە. کێشەکە وادەبینن هەر وەخت شۆڕشگێڕ زانی شۆڕش چییە، پەشیماندەبێتەوە، چونکە قووڵ بەر لە هەندێ دۆگما و قەناعەتی چەقیوی خۆی دەکەوێت. بە لۆژیکی ئەمانە خەڵک تا ئەو کاتە گەرمن کە شتێکی زۆر کەم لەو کردارە بزانن کە پێیهەڵدەستن. کاتی خۆیشی هەندێک لەوانەی بزووتنەوەی گۆڕانیان مراند هەمان بیروبۆچوونیان هەبوو، ئەوەی کتێبی «ئۆپۆزسیۆن و پۆرترێتەکانی» بخوێنێتەوە کە وتارگەلێکن لەسەر مانای ڕاستەقینەی گۆڕان و ئۆپۆزسیۆن بوون، دەزانێت لەوێدا هەوڵێک هەیە پێچەوانەی سادەبین و سادەخوێنەکان بەجۆرێکی تر تەماشای مانای وشەی گۆڕان و ئۆپۆزسیۆن بوون بکەین. ئەوان ڕایان وابوو گۆڕان ئەوەیە بچیت بۆ هەڵبژاردن و دەنگ بە لیستێک بدەیت و بە ویژدانی ئاسوودەوە بگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە و دڵت پڕ بێت لەو هەست و دڵنیاییەی شتێکی گرنگت ئەنجامداوە، هەر کەسێکیش بیگووتبایە کورتکردنەوەی گۆڕان لە جۆرە وێنەیەکی وادا کارەساتی بە دوادا دێت، قسەی باشی نەدەبیست. ئەمڕۆ هەمان مێژوو خۆی دووبارەدەکاتەوە، ئەم شۆڕشگێڕانەی ئەمڕۆش وەک گۆڕانخوازە توندڕەوەکانی ئەو زەمان پێیان وایە، شۆڕش تەنیا کاتێک مومکینە کە شۆڕشگێڕ نەزانێت شۆڕش چییە، نەزانێت ئەلتەرناتیڤ چییە. با جۆش و خرۆش و تووڕەیی خەڵک بهێنێتە سەر شەقام، بەڵام گرنگ نییە بزانن چۆن درێژە بەم کارە بدەن و بیگەیێننە جێگایەک ژیانێکی ئینسانی دروستبکات. دەڵێت هاواربکە مەهسا، مەهسا، بەڵام گرنگ نییە تێبگەن بکوژانی مەهسا چۆن دروستدەبن و چۆن نامێنن، گرنگ نییە تێبگەن ئەو سیستمەی مەهسا دەکوژێت زیاد لە چل ساڵە «لە ڕاستیدا سەد ساڵە» بە چ هێزێک ڕاگیراوە، چۆن ئیشدەکات، چۆن خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە؟ گرنگ نییە بپرسن، بۆ ملیۆنەها خەڵکی چەوساوە و بەدبەخت هێشتا لە پاڵ ڕژێمدان، ناپرسێت بۆ ئەوانەی لە هەندێک شاری ئێران دێنە سەر شەقامەکان، چەند هەزار کەسێکن و ئەوانەی لە چلەی ئیمام حوسەیندا دەچنە نەجەف، ئەم ساڵ لە سەروو بیست و یەک ملیۆن مرۆڤەوە بوو؟.

بە بڕوای من، هەر کەسێک باس لە گۆڕانکاری بکات و ئەم پرسیارانە فەرامۆشبکات، لەگەڵ کێشەکەی خۆیدا ڕاستگۆ نییە. لایەنیکەم وەزیفەی سەرەتایی ڕۆشنبیر ئەوەیە ئەم پرسیارانە بوروژێنێت، بە بیریان بهێنێتەوە، بۆ وەڵامیان بگەڕێت. وەزیفەی ڕۆشنبیر نوقمبوون نییە لە چرکە و ساتەوەختە کورتەکاندا، بەڵکو بینینی مێژووە لە بەستێن و ناوکۆییە گەورەکەیدا، لە جوڵە گەورەکەیدا بۆ پێشەوە، لە تێڕامان لەو ڕێگرانەی ئەو جوڵەیە پەکدەخەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەندێک دەڵێن ببینن گەر مرۆڤی خۆرهەڵاتی هوشیار نییە، گەر شۆڕشگێڕان هوشیار نین ئەوە چۆنە ڕاپەڕیون، ئەوە نییە لەچکەکانیان دەسووتێنن، ئەوە نییە پەیکەرەکان گڕدەدەن، بەوپەڕی جورئەتەوە بەرەنگاریی مەکینەیەکی ترسناکی سەرکوت دەبنەوە؟. وەڵامی ئەم پرسیارە بەشێکی بە بەڵێیە و بەشێکی بە نەخێر. هەڵبەت کە من و نوسەرانێکی دی لەسەر ئەمە دەنوسین، دەزانین ئەگەرێکی مێژوویی کراوەتەوە، بەڵام لە بیریشمانە لە شۆڕشی ساڵی ٧٩ی ئێراندا ملیۆنان مرۆڤ لەسەر جادەبوون، وێنەکانی شایان دەسووتاند، بەڵام هەر ئەو ملیۆنە ئازادیخوازە ئیمامیان کردە ڕابەر و کڕنووشیان بۆ برد. لە میسر هەمان جۆر بوو بە ملیۆنان موبارەکیان لە تەخت فڕێدایە خوارێ، بەڵام مرسی و دواتر سیسیان هێنا. لە سوریا خەڵک دژ بە جانەوەرێکی وەک بەشار ئەسەد ڕاپەڕی، بەڵام هێزەکەیان بەسەر چەندین جانەوەری بچوکتردا دابەشبوو... هەر کەسێک قووڵ بڕوانێت، دەزانێت لێرەدا قەیرانێک هەیە، کێشەیەک هەیە دەبێت قسەی لەسەر بکرێت، بۆئەوەی شۆڕش نەبێت بە سوڕانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا. نامۆبوونێکی قووڵ لە نێوان ڕۆحی شۆڕشگێڕ و عەقڵی شۆڕشگێڕدا هەیە، نامۆبوونێکی مێژوویی، درزێکی قووڵ و پڕنەکراوە کە دۆخێکی تراژیدی دروستکردوە، دۆخێک کە حەماسی بێ بیرکردنەوە و بیرکردنەوەی بێ حەماسەتی دروستکردوە، لە کاتێکدا حەماس و بیرکردنەوە دەبێت یەکبگرنەوە. ئەگەر ئەم نامۆبوونە لە ئێراندا نەشکێت، ئەگەر ئەم نامۆبوونە لە ئێراندا تێنەپەڕێت، ئەگەر لێرەدا و لەم بزاڤەدا ڕۆحی شۆڕشگێڕ و عەقڵی شۆڕشگێڕ یەک نەگرنەوە، ئەوە تەنیا شکستێکی سادە نابێت، بەڵکو دەرگا لەسەر سەدەیەکی نوێی قەیرانی مێژوویی گەورە دەکاتەوە.

هەڵوێست ئەوەیە شۆڕش لەم قەیرانە دەربهێنرێت، نەهێڵرێت جارێکی تر بەو ڕێگایەدا بڕوات. ئەمەش ئەرکی ئەو کایەیە کە بە درێژایی مێژووی ئەم سەد ساڵەی خۆرهەڵات خۆی بە سەرچاوەی هەموو چارەسەرەکان زانیوە و هوشیاریی مرۆڤەکان ئاڕاستەدەکات «کایەی سیاسی». لە سەد ساڵی ڕابوردوودا کایەی سیاسی خۆرهەڵاتی گەیاندوە بە بنبەستێکی شارستانی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقیی قووڵ، ئێستا ساتێتی ئەم کایەیە خەلاقییەتی خۆی پیشانبدات و بیسەلمێنێت زەوییەک نییە، هیچی تێدا سەوز نابێت جگە لە قەیران و دیکتاتۆرییەت و مۆراڵی کۆیلە، جگە لە حیزبی مشەخۆر و پیر کە بە خوێنی خەڵک خۆیان نوێدەکەنەوە. ئەرکی هەموو ئەوانەیە کە وەک شۆڕشگێڕ دەیانەوێت بێنە سەر سەحنەی مێژوو، خەونێکی نوێ، جیهانبینییەکی ڕوونی دیکەمان پیشانبدەن تا دوای خەون و دونیابینییەکەیان بکەوین. ئەوانەی لە ژێر حەماسی ساتەوەختێکدا کە تەنیا چەند هەفتەیەک بەردەوام دەبێت، نایانەوێت پرسیار لە چییەتی خەونەکە بکەن، تەنیا ئەو کەسانەن لە وە دەترسن شۆڕش خەونێکی هەبێت زیاتر بێت و گەورەتر بێت لە لابردنی حیجاب، یان لابردنی مەلایەک و دانانی یەکێکی دیکە... لە سەرەتاوە دەبێت خەونەکە زۆر گەورە بێت، بۆئەوەی دەمێک دەگەینە کۆتایی شتێکی کەمی لێ مابێتەوە، بەبێ تێگەیشتن لە خەونەکە شۆڕش تەنیا هێزێکی کوێرە کە خۆی بەدەرگاکانی مێژوویەکی تاریکدا دەدات. بەشێکی ئەوانەی دێنە سەر شەقام، خەونێکی مێژوویيان هەیە، واتە فۆرم و شێوەی دونیایەکی تر لە خەیاڵیاندایە، ئەگەر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تـۆ ناتوانیت ببیـت بە زمانحـاڵی ئەو خەونە، خـودی خەونەکە مەگـۆڕە بـۆ خـورافەت و گرێکـوێرە و بەربەست. مێـژووی خۆرهەڵاتی ناوەند پڕە لە نمایشی درۆزنانە، پڕە لە شۆڕش و کۆدێتـا و حیزبگەلێک کە تەنیـا نمایشی گۆڕانکاری دەکەن، غەمخۆریی بـۆ پاشەڕۆژ ئەوەیە لەو وەهـم و درۆیـانە ڕزگارمـان بێت، نەوەک وەک هەنـدێک بکەوینـە مەکیـاژی ئەو مێژووە ناشیرینە. ئەمـڕۆ ئەوانەی هەڵوێسـتیان لە خوێنـدنەوەی فیکـری و شیکردنەوەی دونیـا و کـاری داهێـنەرانە دابڕانـدوە و هێناویانەتە سەر تۆمارکردنی کلیپ، کردویانە بە "چالاکییەکی ناچالاک"، بە جوڵەیەک کە شتێک ناخاتە سەر وێنەی ئێمە بۆ دونیا. بەم کارە هەڵوێستیان خستۆتە سەر فۆرمێکی دینی ڕووت، پڕۆسەی ئاسوودەکردنی ویژدان بەبێ ئەوەی بە ئـازار و قەلەق و دوودڵی بیرکردنەوەدا تێبپەڕێت. ئەم جۆرە ڕۆشنبیرانە ئەوانەن پێیان سەختە چ خۆیان و چ مێژوو لە ڕوانگەیەکی نوێوە ببینن، حەزیان بە شۆڕشە، دەیانەوێت شۆڕشگێڕبن بە مەرجێک عەقڵیـان ئەزێتی پـێ نەگـات، دروشمەکەیان ئەوەیە «ویژدانی خۆت ئاسوودەبکە، بێئەوەی عەقڵت ئەزێت بدەیت».

بەڵام ئاخۆ دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەم سیستمە هێندە مەحاڵە؟ ئایا بە ڕاستی ئەو پەڕی گۆڕانکاری بکرێت تەنیـا هەر لابردنی بەشی سەرەوەی حوکمدارانە و لەوە زیاتر کارێکی ڕادیکالتر و قووڵتر ناکرێت؟

شـەڕکردن لەگەڵ سیسـتم لەم ڕژێـمە سیاسیانەی خۆرهەڵاتـدا، تـا ئەنـدازەیەک لە شـەڕکردن لەگەڵ سیسـتمێکی ئـاڵۆز و پەرەسەندوو و هەمەگیری وەک کەپیتالیزمی خۆرئـاوایی ئاسانترە. ئەم سیستمـانەی لە خـۆرهەڵات حـاکمن هێشتا شێوازێکی سەرەتایی و پریمیتیڤی دەسەڵات پراکتیک دەکەن. دڕندەیی لەم سیستمانەدا هەست پێکراو، بینراو، بەرجەستەیە. واتە ئەم سیستمانە کە بە ڕوونـی لەسـەر دەسـەڵاتی کەمینە، گەنـدەڵی ئـابووری، سـەرکوتی ڕاسـتەوخۆ، بێـدەنگکردن، ئەشکەنجە و لێدان دروسـتبوون دەکرێت گەلێک ئاسانتر ئەلتەرناتیڤیـان هەبێت. سیستم لەم وڵاتـانەدا لەسەر تێکشکاندنی پەیوەنـدی مرۆڤ بە مرۆڤەوە ئیشدەکات. بۆئەوەی پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە تێکبشکێت، ئینسانەکان دەبێت بکرێن بە ناسیونالیست، بە مرۆڤی تایەفەگەرا، بە کەسانێک پردیان لەگەڵ یەکدا نییە. ئەوەی پێیـدەگووترێت ئەلتەرنـاتیڤ لە ئـاوەژووکردنەوەی ئەو پرۆسێسـەدایە، واتە بینـاکردنەوەی پەیوەنـدی مـرۆڤ بە مرۆڤەوە، بێئەوەی بە کەنـاڵە ترسناکەکانی جیـاکردنەوەی دوژمنکـارانەدا بگوزەرێت. لە بەشـی پێشـوودا بە ڕوونیـی لەسـەر هـاودەردی و تێگەیشـتن لە ئـازاری ئەویـدی وەک مەرجی سەرەکی هەمـوو ئەلتەرناتیڤێک بـۆ فاشیزمی خـۆرهەڵاتی قسەمکرد. واتە لەدایکبـوونی مرۆڤێـک شـۆڕش بە ئایدیا دینـی و ناسیونالیسـتی و ئەخلاقییـە تونـدڕەوەکانەوە گـرێ نەدات، شـۆڕش وەک پێچەوانەکـردنەوەی ئەو پرۆسێسـە، وەک ئەکتـی بیناکردنەوەی مرۆڤ بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا تەماشابکات. ئەکتی دارشتنەوەی پەیوەندی پیاو بە ژنەوە، دارشتنەوەی پەیوەندی نەتەوە سەر دەستەکان لەگەڵ نەتەوە ژێر دەستەکان، دارشتنەوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا، دارشتنەوەی پەیوەندی قانون و کۆمەڵگا... هتد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## بەشی چوارەم

## شۆڕش و کینە

## «نیگایەکی کورت لە سایکۆلۆژیای شۆڕش و سایکۆلۆژیای دەسەڵات»

بەشی زۆری شۆڕشەکانی خۆرهەڵات بزاڤی کۆمەڵایەتی گەورەن دژ بە دەسەڵاتی ناوەند، دژ بە دەوڵەت و حیزبگەلێک کە بەڕێوەبردنی کایەی ئابووری و قانوونی و ئەمنیان تەواو کۆنترۆڵکردوە، بوونی بێدادی لە بواری ئابووری و قانوونیدا، نەبوونی هێزگەلی ئەمنی بێلایەن کە داردەستی کەسانێکی دیاریکراو نەبن، مایەی توڕەیی خەڵکن.

هەبوونی برسێتی زۆر، زاڵبوونی جەشنە کەپیتالیزمێکی دڕندە کە مرۆڤ وەک گیانەوەرێکی بێنرخ تەماشادەکات، باڵادەستیی ترس و تۆقاندن، ناکامبوونی پەیتاپەیتا و یەک لە دوای یەکی خەونی گۆڕانکاری، بێزاربوون لە دەموچاوە سیاسییە ناشیرینەکان، هەبوونی دادگاگەلێک کە ستەم و بێدادی دەپارێزن، تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و نەمانی هیچ شتێک کۆمەڵگا لەسەری تەبا بێت... ئەمانە و زۆری تر مایەی نیگەرانی خەڵکی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتن.

گومان لەوەدا نییە پەیوەندی مرۆڤ و دەسەڵات، خەڵکان و دەوڵەت، ناسیاسییەکان و سیاسییەکان لەم کۆمەڵگایانەدا بە قەیرانێکی کوشندەدا دەڕوات. هیچ هێزێکی سیاسی باڵادەست نییە پلەی قەبووڵکردن و خۆشەویستی لە ئاستێکی بەرزدا بێت. ئەوەی هاوڵاتی بە دەوڵەتەوە دەبەستێتەوە کینەیە، هەستی مرۆڤە بێلایەنەکان بەرانبەر بە هێزە سیاسییەکان کینەیە. دەوڵەتی ئێران تەنیا نموونەیەکە لە نموونەی دەوڵەتە بێزراو و قێزەونەکانی خۆرهەڵات، مێژووی ئەم چەند دەیەی دوایی لە خۆرهەڵات هێزێکی دروست نەکردوە، بکرێت تەبایی و کۆدەنگی«اجماعی» کۆمەڵایەتی لەسەر بێت. هەر خودی ئەوەش نیشانەیە کە سیاسەت وەک کایە، وەک ئەو شوێنەی بە جێگای گۆڕانکاری دەزانرێت، نوشوستییەکی مێژوویی گەورەی هێناوە.

کاتێک قسە لە تەبایی و کۆدەنگی دەکەم، مەبەستم لە هێزگەلێکە بتوانن هەتا کۆدەنگی گرووپێک یان چینێک یان نەتەوە و تایەفەیەک مسۆگەر بکەن، واتە تەنیا قسەم لە کۆدەنگی و کۆکردنەوەی شوناسە جیاوازەکان نییە، بەڵکو قسەم لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆدەنگیی ناو یەک شوناسیشە. کێشەی ڕق، هەر تەنیا کێشەیەکی ناوبەینی نییە لە نێوان نەتەوە و نەتەوە، دین و دیندا، بەڵکو کێشەی ڕقێکی ناوخۆیییشە کە هەموو شوناسەکانی لە ناوەوە گۆڕیوە بۆ شوناسی لەق و لەرزۆک و زۆربەی شوناسەکانی لە بناغەوە هەڵوەشاندۆتەوە. فاشیزمی خۆرهەڵاتی بە پێچەوانەی فاشیزمی خۆرئاواییەوە، لەشکری مێگەلئاسای گەورەی بۆ دروست ناکرێت، بەڵکو لەسەر پارچەپارچەبوون و لێکترازان و بچوککردنەوەی شوناس و لەتکردنی بەردەوامی دەژی، لە بری جەنگی زۆر گەورە، بەمیتۆدی جەنگی سنووردار و دووبارە و بەردەوام کاردەکات.

ئەم سیفەتە سەرەکییە «لەتکردن و جەنگی بەردەوامی شوناسەکان و مرۆڤەکان» لە ساتی شۆڕشدا ناخەوێت و وننابێت و دەخزێتە ناو شکاندنی کۆدەنگیی شۆڕشگێڕانەشەوە. ئەوەی کۆدەنگیی شۆڕشگێڕانە دەشکێنێت و ناهێڵێت هیچ پڕۆژەیەکی شۆڕشگێڕ، وەک پرۆسەیەکی دروستکردنی ئیجماعی سیاسی لەسەر هەندێک بنەما دابمەزرێت، هەمان ترسی شوناسەکانە لە ئەوانیدی.

ئەکتی شۆڕشگێڕ تا ئەو شوێنەی ئەکتێکە دژ بە دەسەڵات و تورەیییەکی خۆڕسک و سروشتییە، دەتوانێت کۆدەنگی و یەکێتی و هەتا کەمەکێک بەردەوامیش زامنبکات، بەڵام هەر کات ئەکتی شۆڕشگێڕانە گواستییەوە بۆ ناو کایەی سیاسی، کۆدەنگی شۆڕشگێڕانە هەڵاهەڵادەبێت و دابەشبوونەکانی ناو کایەی سیاسی دەردەکەونەوە و کینەی نێوان شوناسەکان سەرهەڵدەداتەوە. قۆناغی یەکەمی شۆڕش کە هەمیشە قۆناغێکی یونیفێرسال، مرۆڤدۆست، ژیانخواز، یەکسانی ویستە، لە قۆناغی دووەمدا بەر بەربەستەکانی دابەشبوونی سیاسی دەکەوێت و دەچێتەوە یەک و هەندێ جار قاوغەی داخراو و ئاسنین بۆ شوناسەکان دروستدەبێت و هەر شۆڕشگێڕە و دەگەڕێتەوە سەنگەری ماڵی خۆی.

وەرگەڕانی پرۆسەی شۆڕشگێڕی لە پرۆسەیەکی دەستەجەمعی خەڵکانی سەر شەقام و کوچەکانەوە بۆ پرۆسەیەکی سیاسی، واتە دەرکەوتنەوەی دابەشبوونە سیاسییەکان لە هوشیاریی شۆڕشگێڕدا، هەندێ جار لەگەڵ خۆیدا تێکشکاندنی شۆڕشی هەڵگرتووە. بەڵام ئەم گواستنەوەیە حەتمییە، واتە شۆڕش شتێک نییە تا ئەبەد لەسەر شەقام بمێنێتەوە، بەڵکو لە قۆناغێکی گەشەکردنیدا دەگوازرێتەوە بۆ ناو کایەی سیاسی، واتە شۆڕشگێڕەکان بیریاندەکەوێتەوە کە ئەوان هەر شۆڕشگێڕی ڕووت نین، بەڵکو خەڵکێکن شوناسی تریشیان هەیە، فورسن، تورکن، عەرەبن، کوردن، شیعەن، ناسیونالیستن، فیمینستن، چەپن، ڕاستن... هتد .زۆربەی شۆڕشەکان کاتێک بەر دیواری ئەم ساتە دەکەون تێکدەشکێن.

بە وێناکردنێکی دی :کاتێک شۆڕشگێڕ لە کۆدەنگیی شەقامەوە دەگوازرێتەوە بۆ داواکارییە تایبەتییەکانی خۆی، بۆ پێداگری لە مافەکانی شوناسی سیاسی خۆی، ئەوا بێ هیچ دوودڵییەک بەر هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانی دوێنێی دەکەوێت. مانەوە یان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مردنی شۆڕش لەو ساتی بەرخوردەدایە. لەم ساتەدا ڕەهەندی سەمبولی شۆڕش ئیتر ڕۆڵێک نابینێت و دەگەڕێینەوە سەر زەمینی ڕەقی مێژوو، هەر کات یەکێک لە شۆڕشگێڕەکان مافەکانی ئەوانیدی وەک مەترسی بۆ خۆی تەماشاکرد، لەم ساتەدا ڕۆحی مرۆڤدۆستانەی شۆڕش بەر ترسی سایکۆلۆژی چێنراوی ناو مرۆڤەکان دەکەوێت و ڕووە سەمبولییە جوانەکەی تێکدەشکێت.

ئەم گواستنەوەیە حەتمییە، واتە شۆڕش لە ساتێکدا لە شەقامەوە دەگوازێتەوە بۆ ناو کایەی سیاسی و ئەرکی دەبێتەوە بە ڕێکخستنی کۆمەڵگا، ئەوەی حەتمی نییە و دەبێت کاری لەسەر بکرێت، ئەو ترسەیە کە دەشێت شۆڕشگێڕان لە پەیامە مرۆڤانە و یونیڤێرساڵ و ژیاندۆستەکەیان دووربکەونەوە. واتە دەشێت شۆڕش کایەیەکی نوێی سیاسی سازبکات، شوناسەکان لە ترسی یەک نەبن بە هێزی شەڕانگێز و توندوتیژ و شۆڤێنی و ڕاسیست، بەڵام ئەم کارە، بەر لە هەر شت هوشیارییەکی دەوێت بزانێت کێشەکە لە کوێدایە. ئەم گواستنەوەیە لە بەهاری عەرەبی و ئەزموونە شۆڕشگێڕەکانی تردا بە جۆرێکی تراژیدیی نوشوستی هێنا، هیچ یەک لەم شۆڕشانە نەیانتوانی لە ئەکتی شۆڕشگێڕەوە بگوازنەوە بۆ ئەکتی سیاسی بێئەوەی ڕۆحە شۆڕشگێڕ و مرۆڤدۆست و ئازادیدۆستەکەیان لە دەست نەدەن. ئەو ڕقە شۆڕشگێڕییەی کە دەبوو ببێت بە هێزێکی خولقێنەر، کە دەبوو ببێت بە سەرچاوەی جۆرە سیاسەت و دەوڵەتدارییەکی نوێ هیچی لێ دروست نەکرا، بە باڵادەستیی هێزگەلی فاشیستی کۆتایی هات کە کینە و ڕقیان بەرامبەر ئەوانیدی گەیاندە دوا ترۆپکی ناعەقڵانیی خۆیان.

سەدەیەکە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکان ڕق لە ناخی خۆیاندا بەرامبەر دەسەڵات کۆدەکەنەوە، ڕقێک لەبەرئەوەی دروست ئاڕاستە ناکرێت، بەردەوام بە کەناڵی ترسناکی تردا دەبرێت. ئەو چەوت ڕێڕۆیشتنە کارێکی کردوە ڕقی ژێردەستەکان لە سەردەستەکان، ڕقی کۆیلەکان لە ئاغاکان بووە بە ڕقی کۆیلەکان و ژێردەستەکان لە یەکدی و لە خۆیان. ئێستا ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەم پرۆسەیە لە ئێراندا بە هەمان ڕیزبەندیی کلاسیکی خۆی دووبارەنەبێتەوە، واتە هوشیارانە ئەوەی لە شوێنەکانی تردا هاتەپێش بەری پێبگیرێت. لێرەدا وا پێویستە ئەکتی شۆڕشگێڕانە بە جۆرێک دابڕێژرێت، بوار بۆ گەڕانەوەی کینە نەهێڵێتەوە و ڕیزبەندی و هێرارشییەتی پێشووی نێوان نەتەوەکان و مەزهەبەکان و ئایدیاکان هەڵبوەشێنێتەوە.

کینە لە ساتەوەختی شۆڕشدا وەزیفەیەکی پۆزەتیڤی هەیە و ڕوو دەکاتە نادادپەروەری، بەڵام تێکشکاندنی کینە خۆی سەرەکیترین و گرنگترین ئامانجی شۆڕشە، بەڵام ئەگەر ورد لە ڕیشە قووڵەکانی کینە بڕوانین، تێدەگەین بۆ جگە لە کولتوورێکی مرۆڤدۆست و ژیاندۆست بەولاوە، چارەیەکی گرنگی دی بوونی نییە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەگەر فەلسەفەی فرۆید لە بنەڕەتدا، بەشێکی زۆری قسەکردن بێت لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی وزەی خۆشەویستی «لیبیدیۆ» بەسەریدا دێت، ئەوا هەر لە ناو خودی ئەو تیۆرییەدا قسەکردن لەسەر وزەی وێرانکردن و کینە بەشێکی دیکەی گرنگ و سەرەکی فیکری فرۆیدییە. لە خۆرهەڵات کینە کاتێک ناتوانێت خۆی لەسەر دەسەڵات تاقیبکاتەوە، دەبێتە وزەیەکی شەڕانگێزانە کە لە کەناڵی سیاسی و دینی و ئەخلاقی تردا بەتاڵدەبێتەوە. هێزی گەورەی مەرگدۆستی لەم کولتوورەدا سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، مرۆڤەکان ناتوانن ئاڕاستەی تووڕەییە وێرانکارەکانی خۆیان بکەن و ئەم وزەیە دواجار لە خود وێرانکردندا دوایی دێت. مەرگدۆستی ئەو فۆرمە تێکشکێنەی غەریزەی مەرگە «تاناتۆس» کە لە کایەی سیاسیدا دەبێتە مۆراڵێکی کوێر و داخراو و وەک چەکێکی فاشیستی دژ بە ژیان بەکاردەهێنرێت. ئەو، واتە غەریزەی مەرگ، چنگ بەسەر لیبیدۆدا دەگرێت و ئاڕاستەی دەکات. ترس لە ئیرۆس، ترسە لە ژیان لە مانا گەورەکەیدا، ترسە لە ئەوانیدی، ترسە لە یەکسانبوون. دەوڵەتی ئێرانی لەسەر ئەو ترسە دروستبووە، فەرزکردنی حیجاب تەنیا سەمبولێکە لە سەمبولەکانی کۆنترۆڵکردنی تاناتۆس بۆ ئیرۆس. ترس لە ژن، بەرجەستەکەری ئەو ترسە قووڵەیە لە هەر ئاماژەیەک قیامەت «واتە مردنمان» بیرbباتەوە، بەرجەستەکەری ئەو ترسەیە کە مەرگدۆستی پێویستی پێیەتی تا فەزای گشتی بە سەمبولەکانی خۆی بتەنێ. فەزای گشتی دەوڵەتی ئێرانی، فەزای ستایشکردنی مردنە، فەزای بەرزنرخاندنی شەهادەتە، شوێنی ستایشکردنی بەردەوامی ئەو دیوەی دینە کە ئیمان بە مردووپەرستییەوە گرێدەدات. لە فەزایەکی وادا وشەی ژن کوشندەیە، چونکە لە زیهنی ئەو جۆرە ڕوانینەدا، ژن کورتدەبێتەوە بۆ دەلالەتێکی ئیرۆسی ڕووت. بەڵام کێشەکە تەنیا ترس نییە لە ژن، بەڵکو ترسێکی قووڵە لە هەموو سەمبولەکانی ژیان، ترسە لە مۆسیقا، لە هونەر، لە کۆبوونەوەی خەڵک بۆ شادییکردن... هتد، واتە ترسە لە هەر چالاکییەک کە زیندوێتی و بەردەوامیی ژیان مسۆگەربکات. کێشەکە تەنیا بەوە چارەنابێت، ژن لە دەلالەتە جنسی و ئیرۆتیکییەکان ڕزگاربکرێت، بەڵکو بەوە دەگاتە کۆتایی گەر مرۆڤ و سایکۆلۆژییەت و بیرکردنەوەی لە مەرگدۆستی پاکبکرێتەوە، واتە لە خواستی تێکشکاندنی ئەویدی، لە ترسە قووڵ و دەرونی و ناعەقڵانییەکانی لە ئەوانیدی. دۆخی فاشیستی دۆخێکە تێیدا غەریزەی مەرگ و خواستی تێکشکاندن بەهێزترە لە خواستی ئیرۆس و ژیاندۆستی.

ئەگەر سایکۆلۆژییەتی تەواوی دەسەڵاتدارە خۆرهەڵاتییەکان لەسەر ستایشی مەرگ دروستبووبێت بە هەموو سەمبولە جیاوازییەکانییەوە «ستایشی چەک، ستایشی سوپا، ستایشی شەهادەت، ستایشی هێز، نمایشی کفن، ڕق لە جوانی، کینە بەرامبەر هونەر، کینە بەرامبەر شیعر و ئەدەبیات، ترس لە جەستە، ترس لە سێکس، ترس لە فەردانییەت، مێگەلپەرستی ... هتد». ئەوا سایکۆلۆژیای شۆڕش هیچ نییە جگە لە پێچەوانەکردنەوەی ئەو هاوکێشەیە بەودیودا «ستایشی پەراوێزنشینان، ژیاندۆستی، دیالۆگ، بەرزڕاگرتنی ئەدەب و هونەر وەک دوو هێزی سەرەکی خولقێن بۆ هوشیارییەکی جوانناس، بەرزڕاگرتنی خواستەکانی جەستە وەک خواستەکانی ڕۆح، ڕاستکردنەوەی نیگای مرۆڤەکان بۆ جنس، بەرزڕاگرتنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مافی تاکەکان بەرامبەر هێزی زۆرینە، شکاندنی پرۆسە ترسناکەکانی مێگەلسازی... هتد». واتە کێشانی بەردەوام و بێوچانی هێڵی دژە ئاڕاستە لە ناو جەستەی دەسەڵاتدا.

مەرگدۆستی دەتوانێت فۆرمی زۆر جیاواز لە خۆبگرێت. ئایدۆلۆژیای مەزهەبی تەنیا فۆرمێکە لە فۆرمەکانی مەرگدۆستی. تێکشکاندنی بەردەوامی شۆڕشەکان لە خۆرهەڵاتدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەرگدۆستییە قووڵەی لە ناو کاراکتەری مرۆڤی شۆڕشگێڕیشدا خۆی مەڵاسداوە. دەرهێنانی لیبیدۆ لە چنگی مەرگ، لە جیهانێکدا کە لەسەر ململانێ و پێکدادان و کینە دروستبووە، پرۆسەیەکی لابەلابوونەوەی کولتووری و سایکۆلۆژی قووڵی دەوێت. غەریزەی مەرگ هێزێکی تێکشکێنە، مرۆڤ و گروپەکان لە ترسی ئەوەی ئەم هێزە نەگەڕێتەوە و لە ناوەوە خودی خۆیان تێک نەشکێنێت، ئاڕاستەی دەرەوەی دەکەن. بەڵام مەرگدۆستی تەنیا کاتێک دەتوانێت بەهێزبێت کە ژیاندۆستی لە دۆخێکی لاوازدابێت. باڵادەستی مەرگدۆستی لەوەوە دێت، بەشێکی گرنگی کولتووری دینی و سیاسی و ڕۆشنبیریی تێکڕا لەسەر لێدان لە ژیاندۆستی پایەگیربوون. ترسی هەمیشەیی لە ئەوانیدی ترسێکی ناوەکی و سایکۆلۆژییە، نەوەک واقعێکی سیاسی ئەبەدی بێت. باڵادەستی ئەم سیستمانە کە لەسەر مەرگدۆستی بونیادنراون تەنیا بە ئامادەگییەکی بەردەوامی خواستی ژیان لاواز دەکرێت، واتە بە باڵادەستییەکی هەمیشەیی جۆرە کولتوورێکی سیاسی مرۆڤەکان دابەش نەکاتە سەر دۆست و دوژمن، بەرز و نزم، بەهەشتی و جەهەننەمی، سەردەست و ژێردەست... و تا دواتر.

بە کورتی سیاسەت لە سەدەی بیستدا نەیتوانی ئەو تووڕەییەی مرۆڤەکان لە بێدادیی هەیانە بخاتە سەر فۆرمێکی عەقڵانی، واتە وەزیفە بنەڕەتییەکەی خۆی جێبەجێ نەکرد کە بە عەقڵانیکردنی تووڕەیی و ئاڕاستەکردنێتی، بەڵکو بوو بە مەڵبەندی هەمیشەیی ئەو ڕقە .کینە لە دژی دەسەڵات لە بری ئەوەی کۆبکرێتەوە و بکرێت بە گژ ئەو فۆرمە جیاوازانەی ستەمدا کە دەسەڵات لە هەناوی کۆمەڵگادا چاندونی، پێچەوانە بۆتەوە و بۆتە کینەی پیاوان لە ژنان، کینەی ژنان لە پیاوان، کینەی دیندار لە بێئیمان، کینەی بێئیمان لە دیندار، کینەی شیعە لە سوننە و کینەی سوننە لە شیعە ... تا دوایی لەم زنجیرە بێکۆتاییە. بە کورتی دەبێتە کینەیەک لە هیچ کەناڵێکەوە ئاڕاستەی جەوهەری دەسەڵات ناکرێت، ئەگەر ئاڕاستەش بکرێت، خێرا تارمایی کینەکانی تر دەگەڕێتەوە و تێکەڵ بەو کینە ئاڕاستەکراوە دەکرێت تا لە جەنگی ناوخۆ و شەڕی لابەلاییدا بەتاڵ ببێتەوە .سیستەم لەم ڕژێمانەدا کێشەی گەورەی ئەوە نییە ڕقت لێی بێت، بەڵام بۆی گرنگە هەرگیز ئەوانیدیکەت خۆش نەوێت. ئەوەی مانا دەداتە شۆڕش بە ئینسانیکردنی پەیوەندییەکانە، ئەم پرۆسەیەش تەنیا کاتێک ڕووە ڕاستەقینەکەی دەردەکەوێت، دەمێک بەشدارانی شۆڕش لە کۆدەنگیی شۆڕشگێڕانەوە جارێکی تر بەسەر کایەی سیاسی و بەرە جیاوازەکانی سیاسەتدا دابەشدەبنەوە، لەو ساتەدا ئیدی ڕوون دەبێتەوە ئاخۆ هێزی ژیاندۆستی شۆڕش هێزێکی ڕاستەقینەبووە یان نا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەسەڵات و سیستەم لەم وڵاتانەدا، جگە لەو نوخبە مشەخۆرە میلیتارییە کەپیتالیستەی لە هەناوی دەوڵەت و دەسەڵاتدا گەورە بووە، نوێنەری ڕاستەقینەی هیچ گرووپێکی کۆمەڵایەتی نین. چەندە حیزبە کوردییەکان نوێنەری کوردن، هەر ئەوەندەش حیزبە عەرەبییەکان نوێنەری عەرەبن و هەر ئەوەندەش حیزبە شیعەکان نوێنەری خەڵکی هەژاری شیعەن، بەڵام لە ساتەکانی قەیراندا، کاتێک دەزانن دەسەڵات لە مەترسیدایە، خۆیان لە گرووپێکی نەتەوەیی، دینی، ئایدۆلۆژیدا دەتوێننەوە تا جەنگ لە جەنگی خەڵک و دەسەڵاتەوە ببەنەوە ناو کۆمەڵگا، ببێت بە جەنگی دیندارەکان دژی بێدینان، جەنگی فورس دژی کورد، جەنگی شیعە دژ بە سوننە... هتد. هەر کاتێک قەیران قووڵ بوو، ڤیرووهوری ناسیونالیستی و دینی دەگاتە ترۆپکی خۆی. لەسەروەختی پەلاماری خەڵکدا بۆ سەر ڕژێمی ترسناکی سوریا، ئەسەد خۆی وەک قەڵغانی عروبە پیشاندەدا، کاتێک پارتی و یەکێتی دەستیان خستبووە بینی خەڵک و قەیرانی دارایی لە ترۆپکدا بوو، دەنگی ڕیفراندۆمیان بەرزکردەوە. ئەم جۆرە گەمانەی دەسەڵاتداران هەمیشە ئاسان تێدەپەڕێت، گەمەی سادەن، دەسەڵات کە تەنیا نوێنەری نوخبە دەسەڵاتدارەکەی خۆیەتی، لە ناکاو لە ڕێگای کۆمەڵێک دروشم و نمایشی پێشوەخت ئامادەکراووە خۆی لە ناو خەڵکدا دەتوێنێتەوە و دەبێتەوە بە بەشێک لە شوناسێکی دینی یان نەتەوەیی تا لەو ڕێگایەوە کینە لە خۆی دووربخاتەوە و بیباتەوە ناو جەرگەی کۆمەڵگا. هۆکاری تێپەڕینی ئەم جۆرە گەمانە بەم شێوە سادە و بێگرییە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خواستی تێکشکاندنی ئەویدی، مەرگدۆستی، پەرستنی سەمبولەکان، خواستی خۆ بە بەهێز بینین لە هەموو بەها ئینسانییەکان بەهێزترن، لەم سیستمانەدا بەها ئینسانییەکان، هێزی ژیاندۆست، وەک بۆچوونی یۆتۆپی، ڕۆمانسی، شاعیریی، نائومێدکەر سەیردەکرێن. لە هەر کولتوورێکدا ڕۆشنبیرانێک هەبوون، بەها ژیاندۆست و مرۆڤدۆستەکان بە بەهای شاعیرانە و ڕۆمانسییانەی بێسوود بزانن، ئەو کولتوورە لە ناوەوە مەرگدۆستی خواردویەتی. بە کورتی، ترس لە ئەوانیدی یەکێکە لەو بۆمبانەی لە ویژدان و عەقڵی زۆرینەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا چێنراوە، ئەوەش وادەکات شۆڕش زۆرجار لە بری ئەوەی بە سیستمدا بە خودی شۆڕشگێڕەکاندا بتەقێتەوە.

تەنیا خوێندنەوەی سایکۆلۆژی دۆخەکە ئەوەمان پێ نائێت کە دەبێت چی بکەین، بەڵکو خوێندنەوەیەکی سیاسی و فیکریش بە هەمان دەرەنجامان دەگەیێنێت. هانا ئارێندت لە جێگایەکدا دەڵێت «خراپە دەتوانێت توندڕەو و سەرپەڕبێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت ڕادیکال بێت... ئەوەی هەمیشە ڕادیکالە، چاکەیە». واتە تەنیا مرۆڤدۆستیی دەتوانێت ڕادیکال بێت، لە دەرەوەی ژیاندۆستی و مرۆڤدۆستی هیچ جۆرە ڕادیکالبوونێکی دی بوونی نییە. وەزیفەی شۆڕشیش دووبارە بوونیادنانەوەی مرۆڤدۆستانەی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە لە کولتووریکدا خاڵی بێت لە باڵادەستیی مەرگدۆستی، خاڵی بێت لەوەی غەریزەی مەرگ و هێزە سێبەرەکانی کە لە فۆرمی ئایدۆلۆژی جیاواز جیاوازدا دەردەکەون، سیاسەت ببەن بەڕێوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مێژووی سەدەی بیست، مێژووی چاندنی گومانێکی قووڵ و بەردەوام و سیستماتیکە لە نێوان نەتەوەکان و دینەکان و ڕەگەزەکان و مرۆڤەکاندا، ئەم مێژووە درێژەی گومان وادەکات هێزێکی کۆمەڵایەتی مێژوویی دروست نەبێت، یان تەنیا بۆ ماوەی زۆر کورت کۆدەنگییەکی کەم خایەن لەسەر ئامانجێک بخولقێت و دواتر نەمێنێت. ئەم دۆخە ڕێگا خۆشدەکات، زۆر لە شێوەکانی ستەمی کۆمەڵایەتی خۆیان بە بەشێک لە ستەمی دەسەڵات نەزانن. بۆ نمونە: پیاوسالاری کە بەشێکی جەوهەری سیستمی دەسەڵاتدارییە، هەتا خودی دیکتاتۆرییەت فۆرمێکی بڵندکراوەی پیاوسالارییە، کەچی هیچ بزاڤێکی کۆمەڵایەتی لە خۆرهەڵاتدا هەڵوەشاندنەوەی ئەم ستەمەی نەکردۆتە ئامانجی گەورەی خۆی. لە ساتەوەختی شۆڕشدا پیاوسالاران خۆیان بە شۆڕشگێڕ و دوژمنی دەسەڵات دەزانن بێئەوەی ئەو دژایەتییە بە دژایەتی پیاوسالارییەوە گرێبدەن. ئەمە بۆ زۆر لە سەرمایەدارەکان، میدیاکاران، پیاوانی دین، قانونییەکانیش ڕاستە کە خۆیان وەک دوژمنی دەسەڵات نیشاندەدەن، بێئەوەی ئەو ڕاستییە ببینن کە دەسەڵاتی سەرمایە و دەوڵەت، دەسەڵاتی میدیا و دەوڵەت، دەسەڵاتی پیاوانی دین و دەوڵەت، دەسەڵاتی دادگاکان و دەوڵەت، یەک زنجیرەی پێکەوە بەستراو دروستدەکەن. مرۆڤ ناتوانێت میدیاکارێک بێت لەسەر شکاندن و ئابڕووبردن و لێدان لە شکۆی مرۆڤەکان ئیشبکات و خۆشی بە شۆڕشگێڕ بزانێت. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سۆسیال میدیا لە بیست ساڵی ڕابوردوودا ڕۆڵێکی ترسناکیان بینیوە لە بەهێزکردنی پایەکانی گەمژەیی و خولقاندنی مێگەلسالاری، شوێنی گەورەی بڵاوبوونەوەی کولتووری کینە بوون، بەڵام ئەوانەی ئەم کەناڵانە ئیدارە دەکەن ڕێگا بە خۆیان دەدەن جلی شۆڕشگێڕ لەبەربکەن، بێئەوەی ئەوە ببینن کە ئەو جەهل و نەفامییەی بڵاویدەکەنەوە، ئەو کینەیەی لە گەرووی ئەوانەوە دێتە دەرێ، قایمترین کۆڵەکەیە کە ستەمی دەوڵەتی لەسەر ڕاوەستاوە. هەندێ لە پیاوانی دین لە بری دژایەتی ستەم، تەنیا خەریکن دین بکەن بە گژ عەقڵ و زانست و ئازادیدا، بەووش نەوەک ڕۆڵی دێرین و کۆمەڵایەتی دینیان تێکشکاندووە، بەڵکو هەندێکیان بوون بە بەشێکی دانەبڕاوی دەسەڵات و لە شوێنێکی وەک ئێراندا بوونەتە تاکە نوێنەری هەموو جۆرەکانی ستەم.

لە ناوەڕاستی ئەم کارەساتانەدا، ڕۆشنبیرانێک هەن، بانگەواز بۆ ئاوەژووکردنەوەی ئەم ڕەوتە بە ڕۆمانسییەت و یۆتۆپیا ناودەبەن، واتە ژیاندۆستی و مرۆڤبوون یۆتۆپیایە، بەڵام تێکەڵبوون بە ململانێ وەحشییەکان وەک پراگماتییەت و واقعبینی دەبینن.

شۆڕش تەنیا کاتێک دەتوانێت بەردەوامیی بە خۆیەوە ببینێت کە هەموو مرۆڤێک شوێنی خۆی لە تۆڕی دەسەڵاتدا ببینێت، سیستم تۆڕێکی چنراوە کە لە چەندەها فۆرمی جیاوازی دەسەڵاتی گەورە و بچوک دروستبووە، هەر یەکێک لە ئێمە لە ناو چەندین لەو تۆڕانەداین، لەویادا وەزیفەمان هەیە، پەیوەندیمان هەیە، پراکتیکی دەسەڵات یان بەرگری دەکەین. هیچ کەس هەمیشە قوربانی نییە، هەموو قوربانییەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە جومگەیەک لە جومگە گرنگەکاندا، بە شێوەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئاغا یان کۆیلە، بە شێوەی دەسەڵاتدار یان ژێردەست لە کاردان. مرۆڤ گەر شوێنی خۆی لەو تۆڕانەدا نەگۆڕێت، ئیش بۆ گۆڕینی ئەو پەیوەندییانە نەکات کە لەو تۆڕانەدایە، شۆڕشی دژ بە جۆری ئەو پەیوەندیانە نەکات کە خۆی بەشێکە لێیان... تورەییەکەی لە جێگایەکدا بەر سنووری خۆی دەکەوێتەوە، بەر ئەو ڕاستییە تاڵە دەکەوێتەوە کە شۆڕش پێویستی بەوەیە قوربانیی بە دۆگماکانی بدات، قوربانیی بە وێنە دێرینەکان و عاتیفە ناسیونالیستی و ئەخلاقە جێندەرگەراکەی بدات. بۆ نمونە کەسێکی بەغدادی کە پەلاماری پەرلەمان دەدات، تەنیا لەو تۆڕەدا نییە کە وەک تاک دەیبەستێتەوە بە حکومەتەوە، بەڵکو لە تۆڕی نەتەوەدایە، لە تۆڕی مەزهەبدایە، لە تۆڕی ئەخلاقدایە. بۆیە دەشێت لە پەیوەندیدا بەرامبەر فەرمانداارانی بەغداد تورە و شۆڕشگێڕ بێت، بەڵام هەستەکانی دیکەی، ڕۆڵەکانی تری لە کایە جیاوازەکانی تردا، بیرکردنەوەی وەک نەتەوەپەرستێکی عەرەب یان مەزهەبگەرایەکی شیعە، ڕەفتاری وەک پیاوسالارێک یان باوکسالارێک، ئەوانە دەیکەنەوە بە کەسێک، هەمان ئەم سیستمی ستەمە بەرهەم دەهێنێتەوە کە باڵادەستە. تا ئێستا زۆر لە مرۆڤەکان لەو ڕاستییە تێنەگەیشتوون کە دەسەڵات تا ئەندازەیەکی زۆر لە عەقڵ و لە خەیاڵ و لە فەنتازیاکانیاندا دەژی. هۆی نوشوستی شۆڕشەکانی خۆرهەڵات، بە درێژایی سەدەی بیست و بیستویەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەربەستە قووڵانەی خودی مرۆڤی شۆڕشگێڕ لە بەردەوامی ڕادەگرن.

بە کورتی کێشەکە کێشەی کینە و تورەیی نییە و نەبووە، خۆرهەڵات سەد ساڵ زیاترە تورەیی کۆدەکاتەوە. ئەم تورەیی و کینەیە زۆربەی کات بە نەیاراندا، بە نەتەوەکانی تردا، بە خودی مرۆڤەکان خۆیاندا تەقیوەتەوە، بەڵام ئەو کەمە جارەی بە دەسەڵاتدا دەتەقێتەوە، ئەگەر دروست ئاڕاستەنەکرێت، بەخێرایی دەگەڕێتەوە بۆ کەناڵە دێرینەکان. شۆڕش ڕاستکردنەوەی ئاڕاستەی کینەکانمانە بە شێوەیەکی ئەبەدی، نەوەک بۆ چەند هەفتە و چەند مانگێک.

وەک پێشتر گووتم، ئێران فۆرمی کۆبوونەوەی هەموو شێوە کلاسیکییەکانی چەوساندنەوویە، چەوساندنەوەی دینی و نەتەوەیی و جنسی. تەقینەوە بە ڕووی ئەم جۆرە سیستمانەدا چاوەڕوانکراوە، بەڵام ڕوخاندنی «واتە پراکتیزەکردنی ئەلتەرناتیڤەکانی» پێویستی بە هوشیارییەکی مێژوویی جیاواز هەیە. خەونەکەی خۆتم پیشاندە، واتە پیشانمبدە چ یارییەک بە کینەکەی خۆت دەکەیت، تا کوێ ئامادەیت ئازادیی ئەویتر قەبووڵ بکەیت. شۆڕش لە دوو بەشی لێک دانەبڕاو دروستدەبێت: یەکەم چ خەونێکم بۆ ئازادی خۆم هەیە، دووەم چ ئازادییەک بۆ ئەویدی بە ڕەوا دەبینم، هەمیشە بەشی دووەمیش لە بەشی یەکەم گرنگتر و سەرەکیترە. هەر کات نەمانتوانی وەڵامی بەشی دووەم بە ڕوونی بدەینەوە، وەڵامی بەشی یەکەم بەهایەکی ئەوتۆ گرنگی نییە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پێویستە لە نێو ئێرانیەکان دا سەنگی خەباتی خۆمان بپارێزین



**مستەفا شڵماشی**

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا زۆر لە مێژە قووربانی دەدا و لە پێناو مافی نەتەوەیی دا لە ماوەی سەدساڵی ڕابردوو دا بە هەزاران لاوی دڵ پڕ لە ئەوینی نیشتمان و ڕێبەر وکەسایەتی هەڵکەوتووی لەو پێناوە دا لەدەست داوە. کاروانی شەهیدان هێندە دوور ودرێژە ناکرێ ئیشارە بە ناوەکان بکەین. تەنیا دەتوانم بڵێم هیچ گەلێکی دیکە لە دنیادا ئەوەندە دوور و درێژ بۆ سەرەتایی ترین مافی نەتەوەیی خۆی خەباتی نەکردووە. ئێستاش کە لە ئێران دا شۆڕشێکی خوێناوی درێژەی هەیە، لە کوردستان سەری هەڵداوە، دروشمە سەرەکیەکەی لە کوردستانەوە هاتووە و بوەتە ویردی سەرزاری دێموکڕاسیخوازانای سەرانسەری دنیا#. ژن - ژیان - ئازادی، بە هەموو زمانە زیندووەکانی دنیا دەگوترێتەوە. کەواتە گومان لەوە دا نییە کە خەباتی گەلی کورد بۆ مافی نەتەوەیی و دێموکڕاسی هەم نرخی زۆری بۆ دراوە و هەم بەرزترین ئاستی هەیە لە نێو هەمو نەتەوەکانی ئێران دا. هەربۆیە لە بواری دیپلۆماسی ولە مەیدانی هاوکاری لە گەڵ ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی و لە بەرامبەر هەر هێزێکیش دا کە لە ناوەند فەرمانڕەوایی بکا، پێویستە ئەو جێگا بەرز وئاستی توانایە بپارێزرێ و لە هیچ هێزێک قەبووڵ نەکرێ کە بیهەوێ لەو ئاستە کەم بکاتەوە.

ئێستا کە جووڵانەوەی سەراسەری لە نێوخۆی وڵات دا سەنگ وگەورەیی جووڵانەوەی کوردی قەبوڵ کردوەو لە شەقامەکانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تاران وتەورێز دا درووشمی #کوردستان - کوردستان - چشم وچراغ - ایران، دەگوترێتەوە، دەبێ ووریا بین کە ئەو بەدەنەیەی وڵاتی ئێمە وەک چاو و چرا دەبینێ و دەیهەوێ ڕێگای بۆ ڕووناک کەینەوە، لە کۆتایی ڕێگاکە دا خۆی لە ئێمە بێ نیاز نەبینێ و فرێمان نەدا. پێویستە هەر لە سەرەتاوە، پێش ئەوەی هیزێک هەوڵ بدا وەک نەردە بەکارمان بێنێ و بەسەرمان دا سەرکەوێ، بوونمان وەک نەتەوەیەک قەبووڵ بکا ومافەکانمان بسەلمێنێ. ناکرێ ئەو هەموو قوربانیدانەی لە شەقامی کوردی دابۆ مافی نەتەوەیی دەدرێ، بە فیڕۆ بڕوا.

بەداخێکی گرانەوە نیشانەی دزینی شۆڕشەکەمان و بەکارهێنانی کورد تەنیا بۆ دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە ناوەندی ئێران دا لە میدیا فارسی زمانەکان دا بە ئاشکرایی دەبینرێ. ئەو بەرپرسانەی حیزبە کوردیەکان و کەسایەتیە کوردانەش کە ڕێگایان پێ دەدرێ تا لەو تەلەفزیۆن وناوەندانەی ڕاگەیاندنی فارسی زمانەکان دا دەرکەون ئاووڕی تەواو و پڕ بە پێستی خۆی لە وەزن وئاستی جوڵانەوەی کورد نادەنەوە. بەداخەوە ئەوەی گوێمان لێ دەبێ زۆرتر دڵسۆزی کردنە بۆ نەجاتی ئێران لە دەستی ڕژیمی ئاخوندان، تا هێنانە بەرباسی دەردی کورد و مافەکانی نەتەوەی کورد. تەنانەت لەو جێگایانەدا کە ڕۆژنامە نوسە فارسەکانیش ئیشارەی پێ دەکەن، ئەویش تەنیا بۆ ئەوەی جارێکی تر بەرپرس وکەسایەتیە کوردەکان پێداگری لە سەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران بکەنەوە، هیچ بەرگریەکی ئەوتۆ لە مافی نەتەوەیی کورد ناکرێ وزۆرتری وەڵامەکان دڵنیاکردنەوەی بەرامبەرە لەوەی کە کورد نایهەوێ ئێران دابەش بێ. بۆ پاراستنی ئێرانیش هیچ مەرجێک دانانرێ. "بۆ وێنە بگوترێ: کورد بەو مەرجە خۆی فیدا دەکا بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران، کە مافە نەتەوەییەکانی لە چوارچێوەی ئێران دا بە ڕەسمی بناسرێن."

چەند ڕۆژێکە ڕەزا پەهلەوی و چەند کەسایەتیەکی دیکەی فارس، تویتێکی هاوبەشیان لەسەر شۆڕشی ئێران و شێوەی هاکاریکردن و بۆ سەرخستنی شۆڕش بڵاو کردووەتەوە. ئەو تویتە نەک تەنیا هیچی بۆ نەتەوەی کورد ونەتەوەکانی دیکەی ئێران تێدا نییە، بەڵکو بە جۆرێک ئەو نەتەوانە هەر نەفی کراون و بە ڕەسمی ناناسرێن. تویتەکە بەمجۆرەیە:

"سال ٢٠٢٢ سال شکوه همبستگی ایرانیان با هر باور وزبان و گرایش بود. باسازماندهی و همبستگی، سال ٢٠٢٣ سال پیروزی (ملت) ایران خواهد بود! سال تحقق آزادی و عدالت در ایران # .مهسا امینی، #IranRevolution"

ئەو تویتە بێ ئیوەرۆکە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وە جۆش هێناوە و تەلەفزیۆنە فارسی زمانەکانیش مۆری ئیئتیلافیان لێداوە وخەریکن کار لەسەر ئەوە دەکەن کە بیکەنە ئاڵتەرناتیڤ بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بۆ ئەوە کەسایەتی و بەرپرسانی حیزبەکان، بە حیزبە کوردیەکانیشەوە بانگ دەکەن ودەیانهەوێ دان بەو بەناو یەکگرتنە دا بنێن وپەسندی بکەن. کارم بە



https://serchawe.com

فارسەکان نیە و هەر لە پێشەوە دەزانین کە دەغدەغەی ئەوان تەنیا و تەنیا ئاڵ وگۆڕی دەسەڵات لە ناوەندە و دەست بە هەر پچکە دەوەنێکەوە دەگرن تا خۆیان لە لافاوی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرباز بکەن و زووربەیان لە خوایان دەوێ لە ژێر سەرکردایەتی کەسێکی وەک ڕەزا پەهلەوی دا ئاڵتەر ناتیڤ داتاشن. بەڵام ڕووی من لە کەسایەتی وبەرپرسانی کوردە کە بۆچی دەبێ بە فرکە بە پیر ئەو جۆرە بانگەوازانەوە بچن و بە شەرمەوە هەوڵ بدەن خۆیان لەو جۆرە یەکگرتنانە نیزیک بکەنەوە. مەگەر نازانن کە ڕەزا پەهلەوی هەر لە بناغەدا نەتەوەکانی ئێرانی قەبووڵ نییە؟ مەگەر نازانن کە تەنانەت خوێندن بە زمانی زگماکیش لە لای ئەو هێڵی سوورە و نابێ هەر باسیشی بکرێ؟ بۆچی یەکێک دەچێ ئەو هەنگاوە بە ئەرێنی!! هەڵدەسەنگێنێ کە ئینکاری بوونی فرەنەتەوەیی لە ئێران دا دەکا. بۆچی ئەویتر ڕادەگەیەنێ کە بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەو جۆرە یەکگرتنانە هیچ هێڵێکی سووریان نییە؟

بەتایبەت ئەوانەی کە بەرپرسی حیزبگەلێکن کە لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی ڕەوای نەتەوەکەیان دا، دەیان ساڵە خەبات دەکەن و هەزاران قوربانیان داوە. لە حیزبێک دا بەرپرسن کە لە ڕاستی دا بۆ هەر هاوکاریەک لانی کەم دەبێ یەک هێڵی سووریان هەبێ. ئەویش دانپێدانان بە بوونی نەتەوەی کورد ومافە ڕەواکانیەتی. ئایا بەڕاستی لە غەیری ئەوە دا سەنگی خەباتی کورد لە ئێران دا پارێزراوە؟

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٣ی جانێوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مەندیل فریدان! (حمامە پرانی)



**هاشم ڕۆستەمی**

ماوەیەک لەوە پێش لە پۆستێکی بچووکی فەیسبووکیدا نوویسم کە شۆڕشی ژینا، شۆڕشێکە دژی کۆماری ئیسلامی نەک دژی دینی ئیسلام. لێرەدا دەمهەوێت ئەم باسە کەمێک زیاتر بکەمەوە.

با لەوەڕا دەست پێ بکەم من بڕوای تەواوم بەوە هەیە شۆڕشی ژینا کە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەستی پێ کردووە، لە تێکەوە پێچانی تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامی تێدەپەڕێ و زۆر ئاڵ و گۆڕی قووڵی دیکەی بنچینەیی لە ساختاری ژێرخان و سەرخانی وڵاتی ئێراندا پێک دێنێ. نەک هەر ئەوەش بەڵکو بڕوام وایە کە هەر وەک چۆن شۆڕشی فەڕانسە (١٧٧٩-١٧٩٩) توانی نەک هەر ساختاری سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتی فەڕانسە، بەڵکوو هی هەموو ئورووپای گۆڕی، شۆڕشی ژیناش شوێندانەرێکی کاریگەری لەم بوارانەدا لە سەر هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت. بەڵام نە شۆڕشی فەڕانسە و نە هیچ شۆڕش و پێشکەوتنێکی دیکە یەکدا بە دوو بە ئاکام نەگەیشتوون، بەڵکوو سەرجەم ئەو پێشکەوتنانەی کە دەیان بینین بە پرۆسەیەکی زەمانیدا تێپەڕیون و بەڕیوەبەرانی ئەو ئاڵوگۆڕانە لێزانانە پێشەنگایەتی حەرەکەتەکانیان کردوە. دیارە ئەو کاتیش هەر وەک ئێستا هەم کەند و کۆسپ هەبوون و هەم بەرهەڵستاکاری و کاری توندڕەوانە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

با لە باسکەی خۆم دوور نەکەومەوە. ئێستا کۆمەڵگای ئێرانی بە هەموو نەتەوەکانی جێگیر لەم چوارچێوەیەدا لە سەردەمێکی هەستیار و چارەنووسسازدان. ئێستا گەلانی ئێران بە شێوەی گشتی لە دژی نیزامێک ڕاپەڕیون و دەیان هەوێت بیروخێنن کە ٤٣ ساڵ بەر لە ئێستا بە پشتیوانییەکی کەم وێنەوە هێنایانە سەر کار و دەیان ساڵێش ڕێبەری ئەم نیزامەیان وەک وەلی فەقیهی خۆیان قبوڵ کردبوو، نەک هەر ئەوە تەنانەت بروا بەو نیزامە لە نێو بەشێک لە خەڵکدا تا ڕادەیەک بوو کە پێیان وابوو وێنەی دامەزرێنی ئەم نیزامە (خومەینی) لە نێو کورەی مانگ دایە. لێرەدا نامهەوێ باسی ئەو جینایەتانە بکەم کە ڕژیم لە ماوەی دەستەڵاتی خۆیدا کردوونی بوونەتە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە شێلگیرە. بەڵکو ئەوەی مەبەستی منە ئەوەیە کە دەبێ بەڕێوەبەرانی سیاسی و مەیدانی ئەم شۆڕشە، لە هەنگاوەکانی شۆڕشدا باقتی کۆمەڵایەتی گەلانی ئێرانیان لە بەر چاو بێت و بە بەرچاو ڕوونی تەواوە هەنگاو بنێن، ئەگینا ڕێگەی گەیشتن بە سەر کەوتن دوور دەبێتەوە.

یەکێک لە مەرجە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی هەر شۆڕشێک بەشداری هەرچی زیاتری کۆمەڵانی خەڵکە. کۆمەڵانی خەڵکیش هەمە جۆرن. بەڵام بە شێوەی گشتی توێژی بە ساڵداچووی ئێران تا ئێستاش توێژێکی سوننەتیە و هەر وەک هەموو لایەکیشمان دەزانین کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەستەڵاتی خۆیدا زۆر زیاتر لە پێشو پەرەی بە خوڕافات داوە و هەوڵی ئەوە بوو کە ئەم کۆمەڵگایە هەر وا لە دواکەوتوویدا ڕا بگرێت.

بە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەوە، کۆمەڵگای ئێران پێش کۆماری ئیسلامی موسوڵمان بووە و دوای کۆاری ئیسلامیش خەڵکی دیندار هەر دەتوانن دینداری خۆیان بکەن. کەوابوو با جیاوازی دابنێین لە بەینی دینی ئیسلام کە دینی زۆربەی دانیشتوانی ئەم چوارچێوەیە کە ناوەی ئێرانە، لەگەڵ نیزامێکی فاسد کە نێوی کۆماری ئیسلامیە.

مەندیلی پیاوانی ئایینی پێش کۆماری ئیسلامی بوونی هەبووە و دوای ئەو نیزامەش وێدەچی هەر هەبێت. کەوابوو بە هیچ جۆر ئەو مەندیلە ڕەمز یا سیمبولی کۆماری ئیسلامی نیە. هەر بۆیەش فڕێدانی لە کوچە کۆڵاناندا و بێ حورمەتی کردن بە مەندیل و مەلا، لە ڕوانگەی منەوە نەک خزمەت بە شۆڕشی ژینا ناکات، بەڵکوو بە زەرەدیشیەتی. ئەگەر ئاوڕێکی وردبینانە لەم باتە بدەینەوە و سەیرێکی بلوچستان و کوردستان بکەین، دەبینین کە لەم سێ مانگەی شۆرشدا مامۆستایانی مەندیل بەسەر چ ڕۆڵ و نەقشێکی کاریگەریان هەبووە. جگەلەوە دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین ئەو مەلایەی کە تاک و تەنیا بە کۆڵانێکدا دەڕوات لە مەلا بێ دەستەڵاتەکانی نیزامە. هەر چەند هەموومان دەزانین کە بەشی هەرەزۆری ئەو ئاخوند و مەلایانە لە ساڵانی ڕابردوودا مانگانە پارەیان لە ڕیژیم وەر گرتووە، بەڵام هونەری شۆرش دەبێ لەوەدا بێت کە بتوانێت لە ئاڵقە لاوازەکانەوە درز لە نێو سەفی دوژمندا دروست بکات و ئەو جۆرە کەسانە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت نەک بە هەنگاوی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەڵنەسەنگێندراو، بیانخاتەوە نێو کۆشی دوژمن و ریزەکانی ڕژیمی پێ بە هێز بکات.

ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە لە ئێراندا سەرجەم زیاتر لە ٨٠ هەزار مزگەوت هەن، کە بێ گومان ڕادەی مامۆستایانی ئایینی لەوەش زیاترە. جا ئەگەر دیقەت نەکەین و ئەم ڕەوتە ئیدامەی هەبێت، نەک هەر ئەو ژمارە زۆرە لە شۆڕش ناهومێد دەبێت، بەڵکو ئەو توێژە لە کۆمەڵگاش کە پێی دەگوترێ خۆڵەمێشی، ئەوانیش کە بە ملیۆن کەسن، لە ترسی بێ حورمەتی کردن بە بیر و باوەڕەکانیان، لە شۆڕش دوورە پەرێز دەبن. دوورە پەرێز مانەوەی ئەوانیش بێ ئەملاو ئەولا بە قازانجی رژێمە.

ئەگەر چی رەنگە برێک لەم باسە دوور بکەومەوە، بەڵام دەمهەوێت ئاماژە بە خاڵێکی دیکەش بکەم. لە کوردستان مامۆستایانی ئایینی زۆر لێبڕاوانە هاتوونەتە مەیدان و بوونەتە پشتیوانی شۆرشی ژینا. بەڵام لە وتار و ڕاگەیاندنی ئەوانیش دا جار جار هێندێک خاڵی مەترسیدار هەست پێ دەکرێت کە لازمە هەوڵی ڕاست کردنەوەیان بدرێت. لە وتار و راگەیاندنەکاندا، مامۆستایانی کوردستان، زۆرتر وەک مامۆستای ئەهلی سوننە دەردەکەون، کەو ئەوەش مەترسی بە مەزهەبی کردنی کێشەی نەتەواتیمانی لێ دەکرێت. جگە لەوەش مامۆستایانی ئایینی کوردستان دەبێ ئەوەیان لە بەر چاو بێت کە لە دوو پارێزگای گەورەی کوردستان واتە ئیلام و کرماشان، هاونیشتیمانیانمان پەیرەوی لە مەزهەبی شیعە دەکەن. هەروەها بەشێکی بەرچاو لە هاووڵاتیانمان بە تایبەت لە پارێزگای کرماشان، پەیڕەوی ئاینی یارسانن و نە شیعەن و نە سوننی.

شۆڕشی ژینا بۆ سەرکەوتنی خۆی بە سەر رژێمی جەهل و نەزانی و دژە مرۆڤدا، پێویستی بە هەموو هێز و تواناکان هەیە. دەبێ هەوڵ بدرێت بەشدارانی ئەم شۆڕشە رۆژ بە رۆژ زیاتر ببن و خۆپێشاندانەکان بەرفراوانتر بکرێن. ئەوەش کاتێک وەدی دێت کە هەموان هەم خۆی تێدا وەبینن و هەم بۆ داهاتووش بەرچاو ڕوونییان هەبێت.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٣ی جانێویری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و قۆناخی نوێ



**بێبەش پیرۆتی**

دوای نیزیک چل و چوار ساڵ دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و خەباتی خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتە دژی ئەو ڕێژیمە سەرەنجام شەهید کرانی ژینا ئەمینی ئاگری خەباتەکەی خۆشتر کرد و ڕاپەڕین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کە لە ماوەی ئەو چل و چوار ساڵەدا چ وەک ئاگری بە گڕ و چ وەک ژیلەمۆ هەر هیوادەر بووە، دەستی پێکرد و زۆربەی پارێزکا و شارەکانی ئێرانی گرتەوە و فیداکارانە درێژەی کێشاوە.

جێی ئاماژەیە کوردستان کە نەک هەر لە خەبات دژی ئەم ژێرژیمە بەڵکوو لە خەبات لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی پەهلەویشدا نەوەستاوە و لە پێناو ویستە ڕەواکانیدا قوربانی داوە و هۆی گرینگیشی لە ئارادا بوونی حیزب بووە کە لە کاری ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک و تەنانەت بەربەرەکانیی چەکدارانەش تەنەخی نەکردووە و ڕاپەڕینە نوێیەکەشی زیاتر لە ژێر شوێنەواری ئەو پاشخانە دیار و حاشەهەڵنەگرە بوو و، لە ڕاستیدا خەڵکانی دیکەی ئێران چەقۆ گەیشتە ئێسقانیان و ئازایانە ڕاپەڕین، هەر خۆیان ڕێکخستن و ڕێبەری کردنی ڕاپەڕینەکەیان وەئەستۆ گرت و شارەزایانەش تائێستا و بە شێوەی جوراوجۆر بەڕێوەیان بردوە.

ڕاپەڕینەکە زیاتر لە سەد ڕۆژە درێژەی هەیە و ئەو هیوایەی لە هەمووکاتان زیاتر بەخشیوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەرەو کۆتایی دەسەڵاتەکەیەتی.

راپەرینەکە گەیشتۆتە قۆناخێک کە پێویستە بەدیلی ئەو رژێمە وەدیار کەوێ و بزانرێ دوای رووخانی رێژیم و تا کاتی رێفراندۆم چ دەسەڵاتێک دێتە سەرکار.جارێ خەڵکی نێوخۆی ئێران لەو بارەوە هەنگاوی هەڵنەگرتوە و ئەگەریش هەڵیگرتبێ ئاشکرا نەبووە، لە دەرەوە و هەندەرانیش وێڕای وەیکە چاوەروانی زۆر لە نارازییانی رژێمی کۆماری ئیسلامی و، هێز و کەسایەتیەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەکرێ هەتا لە دەوری بەرنامەیەکی هاوبەش کۆ ببنەوە و بەرچاو روونییەک بدەنە خەڵکی ئێران، تا ئێستا چیان لێ دیار نیە و زیاتر لێکدانەوە و دەمارگرژی و خۆ بەسەر یەکدا فەرز کردنیان لێ بەدی دەکرێ و ئەوەش یەکێک لەهۆ سەرەکیەکانی تا ئێستا مانەوەی ئەو رژێمەیە.

بە حەق باشترە لە جێی بیرۆکەکانی وەک "حیزب زودایی" خۆ بەتەنیا بە رزگاریدەری ئێران زانین و حاشا کردن لە پێنج نەتەوەی نیشتەجێی ئەو وڵاتە ... هەوڵەکان بۆ دانانی بەرنامەیەکی هاوبەش بە مەبەستی رووخاندنی رژێمی ئاخوندان و پێک هێنانی دەسەڵاتێکی کاتی و ماقووڵانە تا رێفراندۆم وەگەڕ بخرێن و لە دەوری کۆببنەوە ئەگینا دەبێ چاوەروانی ئەوەبن وەک چۆن خەڵکی ئێران رێبەری و رێکخستنی راپەرینەکەیان وەئەستۆ گرت هەر ئاواش بەدیل و جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بەدی بێنن.ئەوە قۆناخی نوێی راپەرینە و کاتی پێکهێنان و راگەیاندنی دەسەڵاتی کاتییە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – رێکەوتی: ٤ی جانێوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامێکی دۆستانە بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات!



**هادی سۆفی زادە**

کاک برایمی عەلیزادە، کاک عەبدوڵلای موهتەدی بەڕێز، کاک سیامەندی موعەینی ڕێزدار و کاک مستەفای هیجری هێژاوو تێکڕای کاکە خەباتکارەکان.

لە گەڵ دەوڵەت \ نەتەوەیەک بەرەوڕووین کە نازانین دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بە کوێ دەگەین. چونکە هەر بەو ڕاددە کە ڕۆحی نەتەوەیی لە ناو گەلی کوردوو نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران بەرز بوەتەوە، ناسیونالیزمی ئێرانیش لە لوتکەی خۆیدایە. فارسەکان ئەوە باش دەزانن ئەگەر بەشێکی بچووکی ئێران لە دەست بچێ ئەوان لە برسا ئەمرن بۆیە ئەگەر لە سەردەمی شۆڕشی ٥٧ بە پاشماوی چەکی ئەرتەشی شا لێیان دەدایین ئەمجارە بە مودێڕنترین چەک و کەرەستەی ئەم ڕژیمە ئەمانکوژن. بەگشتی لە ناو کەشتییێک دان کە ئەگەر نوقم ببین هەموومان ئەخنکێین و سەرکەوتنیش تەنیا بە گەلی کورد دەستەبەر نابێ. بۆیە پێویستە مەیدانی خەبات بەربڵاو بکرێتەوەوو قووڵتر بۆ داهاتووی ئێران بڕوانین. بۆنموونە لە ئەدەبیاتی حیزبەکانی ئێمەدا مافی نەتەوەی عەرەب باسی لێناکرێ.

**یەکەم**، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کە لە لایەن چەند حیزب و ڕێکخراوێکەوە پێک هاتوە پێویستە بەهێز بکرێ، پێویستە ڕێزی ناوەرۆکی بڕیاڕاتی ئەو ناوەندە بگیردرێ و وەک مەرجەع سەیری بکرێ و بەم جۆرە قورسایی خەبات و سەرتحی تەوەقوعات ببرێتە سەرەوە. ڕاستە کە قورسایی سەرەکی لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران فیدڕاڵ دیسان کوردە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەلام بە هاوئاهەنگ کردنی نەتەوەکانی دیکە دەکرێ مەیدانی خەبات بەربلاوتر بکرێ چونکە ناکرێ بەرنامەی حیزبەکەت فیدراڵی بێ و باس لە مافی نەتەوەکانی دیکەی ئێران نەکەی. ناکرێ فیدراڵی خواز بی بەڵام پێداگری لە سەر ویستی حیزبەکەت نەکەی.

**دووهەم**: بۆ بە دەست هێنانی مایک و تەلەفزوێن پەلە مەکەن. بۆ نموونە کاتێک رووناکبیرێکی ئێرانی دەعوەتی تەلەفزوێنێک ئەکرێ هەوڵ بدەن روشنبیرێکی کورد پێشنیار بکەن و سەرۆکی حیزبێک داوای تەلەفزوێنەکە قبوول نەکا.

هەر کات سەرۆکی حیزبێکی ئێرانی دەعوەتی میدیایەک کرا ئەوکات با بەرپرسی حیزبێکی کوردیش بە پێی ئاستی هاوسەنگ بەشدار بێ. پاشان مافی هەر کەسێکە کە لە ناوەرۆکی پرسیارەوو وڵام و کەسانی دیکەی بەشدار بکۆڵدرێتەوەوو داوای خشتەی بەرنامە بکاوو بە پێی ناوەرۆکی بەرنامە قسە تەنزیم بکرێ و هەروا فی البداهە قسە نەکرێ چونکە لە سەرتان دەکەوێ.

**سێهەم**: رژیمی ئێران هەموو کێشەکانی بە داری دابەش کاری (تەجزیە تەڵەبی) راو ئەنە و خاڵی هاوبەشی رژیم و ئوپوزسیون مۆتەکەی دابەش کاریە، بۆیە پێویستە بە ئامادە کردنی گەڵاڵەیەکی پشت بەستوو بە ئەزموونە جیهانییەکان ئەم سیاسەتەی رژیم پوچەل بکرێتەوەوو دەکرێ کەسانی شارەزا لەو بوارەدا گەڵاڵەیەک ئامادە بکەن بیدەنە دەست نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران تا یەک دەنگ بن ئەگینا کورد بە تەنیا ناتوانێ بە مافەکانی بگا.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – رێکەوتی: ٤ی جانێویری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## دوا لێدوانی نێد پرایس، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە تێپەڕاندنی سنوورە "قەومییەکان"

## و بێڕێبەریی شۆڕشی ژینا، لانیکەم لەو دوو بارەوە لێدان لە جێگە و پێگەی کورد لەو شۆڕشەدا بوو؛




١- ئەگەر لە ئاستی ئێراندا ئەم سەرهەڵدانە بێ ڕێبەر بووبێ، بە دڵنیاییەوە لە کوردستان ئەوە حیزبەکان بوون کە هەر لە سەرەتاوە لە شکڵ گرتن، بەرین کردنەوە و دواتر لە ڕێبەری کردندا دەوری سەرەکییان گێڕا و هەتا ئێستاش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕێبەریی سەرهەڵدانەکە دەکەن. ئەوە لە بەشێک لە دروشمەکانی خۆپێشاندانەکانیشدا ڕەنگیان دایەوە کە وا دیارە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لێیان حاڵی نەبووە.

٢- ئەوە هیچ ڕاست نییە کە ئەم سەرهەڵدانە سنووری "قەومی" و جوغرافیایی تێپەڕاندبێ. چونکە ڕاستە خۆپێشاندانەکان هەموو جوغرافیای ئێرانی تەنیوەتەوە بەڵام لانیکەم لە کوردستان شێواز، ئامانج و دروشمی تایبەت بە خۆی هەیە و کتومت گرێدراوی سەرهەڵدانە سەراسەرییەکە نییە.

ئەوە کە ئاخۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاستەوخۆ بەو ئاکامانە گەیشتووە یان هەمان تەیفی سەر ئێران ئەنترناشناڵ کە پێی وایە حیزبەکان نابێ لە ئیئتلاف سازیدا بەشدار بن، توانیویانە وایان تێبگەیەنن، ئەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات بە تایبەت حیزبەکانمان، لەو نیزیک بە چوار مانگەی سەرهەڵدانەدا نەمانتوانی جێگە و پێگەی کورد،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەنگاوە پتەوەکانی شەقامی کوردی و دروشم و خواستە لێبڕاوەکانی خۆپێشاندەران لەو سەرهەڵدانەدا پێشانی دنیا و ناوەندە سیاسییەکان بدەین.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی تاهیر قاسمی – ڕێکەوتی: ٤ی جانێوێری ٢٠٢٢

---

## سەرکوت و زەلم وزۆری کۆماری ئیسلامیمان بەچاوی خۆ دیوە



**گۆران ئەمیری**

داگیرکەرانی کوردستان بەدرێژایی مێژوو جگە لە ماڵوێرانی و کاولکاری، ژێنۆساید، تاڵان و کوشتوبڕ و بە کۆیلە کردن هیچی خێرو بێرێکی دیکەیان بۆ خەڵکی ماف خوراوی کوردستان نەبووە. ئەگەر ئاورێک لە مێژووی داگیرکەرانی کوردستان بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆ ڕەوادانی ستەمکاری لە سەر گەلی کورد هەموو کاتێک گریو و کێبەرکێیان داناوە.

سەرکوت و زۆلم وزۆری کۆماری ئیسلامیمان بەچاوی خۆ دیوە دەستەڵاتەکانی پێشتریش بە باب و باپیرەوە لەو نەریتە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڤیزەونە بێ بەشیان نەکردووین و ئێستاش شوێنەواری پەنجەی بە خوێنیان لە مێژووی کوردستاندا هەرماوە و دیارە.

گرێدانی چارەنووسی کوردان بە چارە نووسی داگیرکەرانەوە هەڵەیەکی گەورەیە. کەم و کاستی ئێمە لە نەبوونی یەکگرتویی و نەبوونی نەخشەڕێگایەکی روون و ویست خواستی ئاشکرادا خۆ دەنوێنێ. دوژمنانی گەلی کورد لە ڕێگای ئەم ئاڵقە بێ هێزەوە لە دانیشتن و گفتوگۆدا دەمانخیچێنن و دەمانبەزێنن. هەستی باوەربەخۆبوونمان تێدا دەکوژن. لە ژێر باندۆری باوەڕبەخۆ نەبوون، وامان لێدێ کە بۆ پێکهاتن لە گەڵ نەیاران هیچ هێڵێکی سوورمان نەبێ !هەر نەتەوەیەک باوەری بە هێزی گەلی خۆی نەبێ وبە بەردەوامی چاو لە دەست و چاوەڕوانی پشتگیری نەیارانی دەوروبەر بکات سەرکەوتنی ئاستەمە. ڕاستە لە هەلومەرجی ئێستادا ئەرکی هەموو نەتەوەکانی چوارچێوەی جوغرافیای ئێران ڕامالێنی دەستەلاتی ئاخوندە خوێنخۆرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و رەها بوون لە بیری دواکەوتووانەی ولایەتی فەقیهە!! . بەڵام بەدڵنیاییەوە دیاریکردنی ڕێبەر لە دەرەوەی ویستی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران ، کارێکی هەڵەیە.

بێگومان لە دوای تەرت و تونا بوونی کۆماری ئیسلامی، کوڕان و کچانی نەڤشی نوێ، قەبووڵی هیچ سیستەمێکی دیکتاتۆری دیکە ناکەن. دیاریکردنی شێوازی بەڕێوەبەری ئێرانی داهاتوو، ئەگەر لە ڕێگای ڕاپرسی وسەندوقی دەنگدانەوە نەبێ ،وەک دانانی گرایەکی دیکە بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆرێکی نوێ دەڤەبڵێندرێ.

## هەڵسوکەوتی خەڵکی بوێری

کوردستان ئامازەیەکی ڕوون بە داوای مافی خوراوی ڕابردوویان دەکات. هیوادارم ئەحزابی کوردی بۆ دەستەبەر کردنی ئەم ویست و خواستە لەئاستی بەرزیی و بوێری خەڵکی کورددا بن و بە گەڕانەوە و مشاوەرە لەگەڵ خەڵکی کورد بە پرۆژە و بەرنامەی دیار و ستراتیژی ڕوون یاریدەری خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان بن. جێگای سەرسووڕمانە بۆ پێکهاتن لە گەڵ ئۆپۆزسیۆنی بێ دەستەڵاتی ئێرانی، دەستی تەسلیم وەها بەرز کەینەوە کە بەرانبەرکەمان بەزەییمان پێبکا و هەڵەکەمان بۆ ڕاست بکاتەوە و بڵێ: ئایا بەڕاستی بۆ پێکهاتن هیچ هێڵێکی سوورتان نییە؟!!

دڵنیام بەبێ پلاتفۆرمێکی پەسندکراو و شوڕایەکی نوێنەرایەتی کوردان، مافی نەتەوەیی کوردان لە سیستەمی داهاتووی ئێراندا وەک بلقی سەر ئاوی لێدێت.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٤ی جانێویری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# جموجۆڵ هەیە "گۆڕانکاری لە نیزام" لە ئێران ڕوو بدات




**ڕاپۆرت - شارپرێس**

محەمەد باقر قالیباف، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران ڕۆژی دووشەممە ڕایگەیاند کە هەوڵی گەیشتن بە کۆدەنگی لەنێوان بەرپرسانی باڵا دەدات بۆ ئەوەی "گۆڕانکاری لە سیستەمی حکومدا" لە وڵاتەکەدا بکات، کەسایەتییە ئۆپۆزسیۆنەکانیش پێشبینیان وایە ساڵی ٢٠٢٣ "ساڵی سەرکەوتن" بێت " بەسەر ڕژێمدا".

بەپێی ڕاپۆرتێکی تۆڕی "ئێران ئینتەرناشناڵ"، قالیباف، ڕۆژی یەکشەممە، بیرۆکەیەکی سەبارەت بە "شێوەیەکی نوێی حوکم" پێشکەش بە ڕۆژنامەنووسان لە ئێران کردووە، بەهۆی پێداگریی زۆربەی بەرپرسانی ئێرانی، پیاوانی ئایینی توندڕەو و سەرکردە سەربازییەکان بۆ سەرکوتکردنی ئەو ناڕەزایەتیانەی کە لە مانگی ئەیلولی ساڵی ڕابردووەوە بەردەوامن. قالیباف، وێڕای ستایشی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری ئێران بۆ گۆڕینی پارێزگاری بانکی ناوەندی، وتی: "پێموایە نوێکردنەوەی سیستەمی حوکمڕانی پێویستە لەسەر بنەمای بیرۆکەکانی خومەینی و خامنەیی ڕووبدات" و وتی: "هیوادارە کە پارێزگارە نوێیەکە چارەسەرێک بۆ دابەزینی بەهای تمەن بڕەخسێنێت کە بۆ ئاستێکی نزم دابەزیوە" لە مانگی ئەیلولی ساڵی پارەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تۆڕەکە وێنەی قالیبافیان لە میانی دیداری هەفتانەی لەگەڵ ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆککۆماری ئێران، سەرۆکی دادوەری غولام حوسێن موحسینی ئیجە و جێگری سەرۆک کۆماری ئێران، محەمەد موخبەر، جێگری سەرۆک کۆماری ئێران نیشانداوە.
لە یەکێک لە وێنەکاندا موخبەر دەرکەوتووە کە بە یەکێک لە هاوکارە نزیکەکانی عەلی خامنەیی ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران دادەنرێت، لە قسەکانیدا بۆ ئەو سێ بەرپرسە باڵایە دەرکەوتووە، کە ڕەنگە تا ڕادەیەکی زۆر یەکێک لەو کۆبوونەوانە بێت کە قالیباف وتوویەتی "بە دوای کۆدەنگیدا دەگەڕێت". لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ناڕەزایەتییەکان."

قالیباف هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ بەشێک لە پیاوانی ئایینی باڵای ئێران کۆبووەتەوە و هەندێکیان ڕەخنەیان لە سیاسەتە ئابوورییەکانی ڕەئیسی و ناکارامەیی حکومەتەکەی گرتووە.

قسەکانی قالیباف لە کاتێکدا هات کە نارە زایەتییەکانی ئێستای دژ بە ڕژێم لە دەوری ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە کان و دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی دیموکراتی سیکۆلاردا دە خولێتەوە ، زیاتر لە هەر داخوازییەکی ئابووری.

## حکومەت داوای چاکسازی دەکات

لە لایەکی دیکەوە تۆڕی ئیران ئینتەرناشناڵ لە زاری عەلی ڕەبیع، وتەبێژی فەرمیی پێشووی حکومەتەوە داوای چاکسازی لە ئێران دەکات و دەڵێت "ئەمە باشترین کاتی دەستپێکردنی چاکسازییە، ڕەنگە سبەی زۆر درەنگ بێت".

ڕەبیعی ئیدیعای کرد کە ناڕەزایەتییەکانی سەر شەقام "کشاوەتەوە" و جەختی لەوە کردەوە کە ئێستا "کاتێکی گونجاوە بۆ چاکسازییەکان و هێنانەکایەی سیاسەتی کۆمەڵایەتی نوێ".

ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەوەی وایکردووە بیرۆکەی چاکسازی خێرا پێشنیاز بکرێت، "ناڕەزایەتیی سەر شەقامەکان" بووە کە لە ئەنجامی سەختیی دۆخی ئابووری و لەدەستدانی هیوا لە داهاتوودا دروستبووە، وەک خۆی دەڵێت.

هەروەها ئاماژەی بە ئەو گورزە کرد کە "شی جین پینگ" سەرۆککۆماری چین لە میانەی گەشتەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێرانی داوە و بە وتەی ناوبراو قەیرانی ناوخۆی ئێران هۆکار بووە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕەبیعی ئاماژەی بەوەشکرد، پێویستە حکومەت "وانە لەم ئەزموونانە وەربگرێت و سیاسەتی هەڵەی ناوخۆ و دەرەوە دووبارە نەکاتەوە."

ناوبراو وتی: گریمانە هەڵەکان سەبارەت بە پێشهاتە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا چەندین دەرفەتی لە ئێران لەدەستداوە، ڕوونیشیکردەوە کە پەنابردن بۆ چاکسازی مەرج نییە بە مانای پاشەکشەکردن بێت لە سیاسەتەکانی پێشتر.

"ساڵی سەرکەوتن"

لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵێک کەسایەتیی ئێرانی نیشتەجێی تاراوگە و پشتیوان لە ئۆپۆزسیۆن پەیامێکی هاوئاهەنگیان بڵاوکردەوە و پێشبینیان کرد ساڵی ٢٠٢٣ "ساڵی سەرکەوتن" بێت بەسەر ئەو ڕژێمەدا کە چەند مانگێکە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی بووەتەوە.

لە نێو ئەو کەسانەی نامەکەیان ناردووە کەسایەتی دیاری بوارەکانی فەرهەنگ، مافی مرۆڤ و وەرزش بوون، وەک لە نامەکەدا هاتووە کە "ساڵی ٢٠٢٢ ساڵێکی نایاب بوو لە ڕووی هاودەنگی بۆ ئێرانییەکان بە هەموو ئایین و زمان و ئاراستەیەکەوە."

چەند کەسایەتییەک لە یەک کاتدا ئەو پەیامەیان لە سۆشیال میدیا بڵاوکردەوە، لە ئۆپۆزسیۆنی دیار مەسیح عەلینژادەوە تا کوڕی شا ڕەزا پەهلەوی، کە هەردووکیان لە ئەمریکا نیشتەجێن.

هەروەها دوو خانمە ئەکتەری بەناوبانگ بە ناوەکانی گۆڵشیفتە فەرەحانی و نازەنین بێنیادی پەیامەکەیان بڵاوکردەوە، جگە لە زەهرا ئەمیر ئیبراهیمی کە ساڵی ڕابردوو خەڵاتی باشترین ئەکتەری لە فێستیڤاڵی کان لە فەرەنسا بەدەستهێنا.

فەرحانی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام نووسیویەتی: ئێمە پێکەوە وەستاوین بۆ گەیشتن بە ئازادی پێکەوە دەوەستین و بێدەنگ نابین.

چالاکوانە دیارەکانی مافی مرۆڤ کە نامەکەیان بڵاوکردەوە بریتین لە شیرین عیبادی براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و حەمید



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئیسماعیلۆن کە سەرکردایەتی هەڵمەتێکی کەنەدایان کرد و داوای دادپەروەرییان دەکرد بۆ قوربانیانی گەشتی هێڵی ئاسمانی ئۆکرانیا کە لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٠ لەلایەن ئێرانەوە خرایە خوارەوە.

لە بواری وەرزشیشدا ئەو پەیامە لەلایەن عەلی دائی ئەستێرەی پێشووی تۆپی پێی نێودەوڵەتی، یەکێک لە دیارترین لایەنگرانی بزووتنەوەی نارەزایەتی بڵاوکرایەوە.

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە غوربەت لە مێژە لە بیروباوەڕی سیاسی و ستراتیجی خۆیدا لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا بە دابەشبوو دادەنرێت، بەڵام لە ژێر ڕۆشنایی بەردەوامی نارەزایەتییەکانی ١٠٠ ڕۆژ، پەیامەکە وا دیارە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی یەکگرتوویی بۆ ماوەیەکی زۆر.

## حیجاب واجبە

لە کاتێکدا دەسەڵاتداران ئاماژەیەکی زۆر نیشان نادەن کە بەرانبەر بە خۆپیشاندەران ئاسانکاریی بکەن، ئاژانسی هەواڵی فارسی ئێرانی بڵاویکردەوە کە پۆلیس هەڵمەتێکی نوێ بۆ سەپاندنی لەچکی ناچاری دەستپێدەکات.

پۆلیس دەستیکردووەتەوە بە ئاگادارکردنەوەی خاوەن ئۆتۆمبێلەکان کە ژنانی ناو ئۆتۆمبێلەکان پابەند بن بە یاسای جل و بەرگی ئیجباری بەتایبەت لەبەرکردنی حیجاب، دوای ئەوەی ئەمەیان لە ناوەڕاستی نارەزایەتییەکانی دوای مردنی ئەمینی هەڵپەسارد.

پەیامەکانی ئەم دواییە کە لەلایەن ئێرانییەکانەوە گەیشتوون و لە سۆشیال میدیا بڵاوکراونەتەوە.

لە پەیامە نوێیەکەدا تەنها ئەوە خراوەتەڕوو، "دەرکەوتووە کە تۆ لە ئۆتۆمبێلەکەتدا حیجاب لەبەر ناکەیت، پێویستە ڕێز لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان بگیرێت و دڵنیا بیت لەوەی کە ئەمە دووبارە نەبێتەوە."

"پۆلیسی ئەخلاق" بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی یاساکان لە ئێراندا جێگیرکراوە، بەو پێیەی ئەندامەکانی لە شەقامەکاندا ئامادەن و دەسەڵاتی چوونە ناو شوێنە گشتییەکانیان هەیە بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی یاساکان.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بزوتنەوەی نارەزایەتی کە بەهۆی مەرگی مەهسا ئەمینیەوە سەریهەڵدا، نوێنەرایەتی گەورەترین تەحەددای رژێمی ئایینی دەکات کە لە ساڵی ١٩٧٩ەوە دەسەڵاتی لایە، بە پێی راپۆرتی رێکخراوی مافی مرۆڤ کە بنکەکەی لە نەرویجە، لە ئەنجامی سەرکوتی ئەمنیی دەسەڵاتدارانی ئێران ٤٧٦ کەس کوژراون، لە کاتێکدا رێکخراوەکە دەشڵێت کە لانیکەم ١٠٠ دەستبەسەرکراو مەترسی لەسێدارەدانیان لەسەرە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس – ڕێکەوتی: ٤ی جانیوێری ٢٠٢٣

---

## دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، گوتاری ناوەندیی ئەم شۆڕشەیە



**سۆران شەمسی**

کاتێک مرۆڤەکان بەتایبەتی بیر لە داهاتووی ئەم شۆڕشە دەکەنەوە، رەوتی رووداوەکان لە مێشکیاندا هەمیشە هیواخوازانە و بەرەو پێشەوە نییە. ١٠٠ رۆژ بە سەر سەرەتای شۆڕشدا تێپەڕیوە، سەدان شەهید، هەزاران بریندار و دەیان هەزار دەسبەسەرکراو، بەشێکن لە مێژووی ئەم ١٠٠ رۆژە. بەڵام کاتێک بە وردی سەیری رەهەندەکانی پێشکەوتنەکان دەکەین بۆمان دەردەکەوێت کە رێژیمی ئیسلامی لە دواهەنگاوی رووخانیدایە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشی ئێران سەرلێشێواوی و کوتلەی لە ڕیزەکانی حکوومەتی ئیسلامیدا دروست کردووە. ئەم خۆدزینەوە لە حکوومەت بە مانای بۆنکردنی ئەو "زانایانە"یش کە تێگەیشتوون کە کاری ئەم دەسەڵاتە تاوانکارییە کۆتایی هاتووە.

یەکێک لە داتا و بناغە سیاسی و فەرهەنگییەکانی شۆڕشی ئێستا، کە کۆمەڵگە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بە دەوریدا هەڵکشاوە، بە سروشتی خۆی دروشمی یەکگرتووی "ژن، ژیان، ئازادی"یە. بەڵام کێشە و ئازاری ئەم حکوومەتە بەرانبەر بە خەڵک تەنیا سیاسی و کولتووری نییە.

پایەیەکی بنچینەیی دارمانی کۆماری ئیسلامی کە خەڵکی بەرەو شۆڕش بردووە، قەیرانی ئابووری و بنبەستی تەواوەتییە. ئابوورییەک کە لەسەر بنەمای دزی و گەندەڵیی بەرفراوانی ئامێری دەوڵەت ڕێک بخرێت و هیچ دەریچەیەکی بۆ تێکەڵبوون بە بازاڕی سەرمایەداریی جیهانی نییە. حکوومەتێک کە سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەسەر بنەمای تیرۆری نێودەوڵەتی پێناسە کردبێت و توندترین سزای نێودەوڵەتیی بەسەردا سەپێنراوە.

لە شیکردنەوەی ئەو هەلومەرجەی کە دەبێتە هۆی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، تەنیا دیکتاتۆرییەت و بوونی حکوومەتێکی سەرکوتکەری مرۆڤکوژ ناچێتە ناو هاوکێشە سیاسییەکانەوە. لە دنیادا زۆرێک لە حکوومەتەکان بە دیکتاتۆری ڕووت دەسەڵاتن. تەنانەت تەنیا کاردانەوەی کولتووری و بوونی حکوومەتێکی دژەژن کە کۆمەڵگەی گرتووە، نابێتە هۆی هەڵگیرسانی تووڕەیی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی میلیۆنان جەماوەر بۆ ڕووخاندنی حکوومەتێک.

سەد ڕۆژ لەمەوبەر کە بڵێسەی تووڕەیی گەلی ئێران لە نارەزایەتی بە کوشتنی شەهید ژینا ئەمینیی خۆشەویستمان هەڵگیرسا و ئاگری لە حکوومەتی ئیسلامی بەردا، ئەم شۆڕشە لە ئۆردوگای حکوومەتەکانی ڕۆژاوادا وەک شلەیەک تەماشا کرا. هەنگاو بە هەنگاو تێگەیشتن کە ئەمە چیرۆکێکی ترە. لە ماوەی ئەم سەد ڕۆژەدا تەنانەت بۆ ساتێکیش ڕێگە بە حکوومەت نەدرا هەناسە بدات.

شۆڕشی ئێران گەورەترین چین و توێژەکانی ئێرانی دانیشتووی دەرەوەی وڵاتی یەکگرتوو کردووە و جگە لە شۆڕش و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی هەر دەنگێکی بێکاریگەری کردووە. بەپێی ئەم هاوسۆزییەی شۆڕش، ئیتر هیچ هێزێکی سیاسی نادۆزرێتەوە تەنانەت بە درەوشاندنەوەی چرایەک لەسەر هەڵوێستەکانیان، کە کەمتر لەمە ڕەگی کۆماری ئیسلامی هاوار دەکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە حەوتووی ڕابردوودا پرسی بارمتەی سیاسی وەک ڕێگەچارەیەک بۆ گوشار خستنەسەر کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی لەسێدارەدان و زیندانیکردنی شۆڕشگێڕان بە زنجیر لەلایەن نوێنەری زیاتری پەرلەمان لە وڵاتانی جیاجیا وروژێنرا و خرایە کارنامەی ئەوانەوە. ئێستا زۆرێک لە نوێنەرانی "بە ڕەچەڵەک ئێرانی" داوای یەکریزی دەکەن بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم. بێ گوێدانە مەبەستی لایەنگرانی ئەم یەکێتییە و ئەو ڕێگایانەی کە یەکێتییەکە بە بۆچوونی ئەوان بەدی دێت، خاڵێکی جێی سەرنجە.

ڕووداوەکانی چەند حەوتووی ڕابردوو دەریخست کە نیشاندانی هێڵ لەلایەن ڕێژیمەوە نەک هەر ماشێنی سەرکوتکەری ڕێژیمی یەک خست، بەڵکوو زیاتر و زیاتر درز و درزەکانی لە پێکهاتە سیاسی و سەربازییەکەیدا دەرخست. گاڵتەجاڕەکانی سپای پاسداران و سپا و هێزە سەربازییەکان هەموو کۆتایی هەفتەیەک بەڵێنیان دەدا کە هەفتەی دواتر "قال قازیە" بکەن. بەڵام ئەوان دەرکیان بەوە کردووە کە مەسەلەکە ڕەگێکی خراپی دۆزیوەتەوە و ئەوەی لە ڕەگەوە هەڵدەوەشێتەوە ڕەگ و ڕیشەی خۆیانە.

لە ٣ مانگی ڕابردوودا شۆڕش هەنگاوی گەورەی ناوە و بە دڵنیاییەوە خەریکە لە ئامانجە خوازراوەکەی نزیک دەبێتەوە کە بریتییە لە لاوازکردنی ئامێری سەرکوتی ڕێژیم. گوشارە نێودەوڵەتییەکان، بێ هیچ گومانێک، ڕۆڵێکی کاریگەر لە بێلایەنکردنی ماشێنی سەرکوتکردنی ڕێژیمدا دەگێڕن. هەر لە ڕێپێوانەکان تا دەگاتە پلان و جێبەجێکردنی گەمارۆکانی سەر ڕێبەرانی ڕێژیم، هەر یەکەیان بەشێکن لەو بزووتنەوە فراوانە کە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم دەستی پێ کردووە. بە فراوانکردنی بایکۆتەکان، بە گوشار خستنەسەر کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان بۆ دەرکردنی ڕێژیم لە هەر جۆرە کۆنوانسیۆن و پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی کە بوونی ڕێژیم ئامانجی پێشێلکردنی هەیە، خەباتێکی یەکگرتوو بۆ دەرکردنی ڕێژیم لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کرێکاری، کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵان، نەتەوە یەکگرتووەکان، و داخستنی باڵیۆزخانەکان.

ڕێژیم یەکێکە لە ڕێوشوێنە کاریگەرەکان، لە دەرەوە و ئەنجامێکی لەبار بەدی دێت. سەرهەڵدان و دابەزین دەربڕینێکی وردی سات و قۆناغەکانی نییە، بەڵکوو وا دیارە لە دەستەواژەیەکەوە بۆ دەستەواژەیەکی تر درێژتر دەڕوات. بە دوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێت و چارەسەرێک نیشان دەدات. ئەم تایبەتمەندییە میکانیزم و ڕێگاشکێنە تەنیا لە شۆڕشە گەورەکاندا دەبینرێت؛ شۆڕشەکان کە تەحەدای هەموو چینە ئابووری و سیاسی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگا دەکەن، سەرسام دەکەن و هانی گۆڕانکاری دەدەن.

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، گوتاری ناوەندیی ئەم شۆڕشەیە. ئازادی و ئازادیخوازی جەوهەری سیاسیی خۆیان پێک دەهێنن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکسـانیی جێنـدەر و دادپەروەری و هـاووڵاتیبوون بنـاغەیەکی تـری بنچینەیـی شۆڕشـە. بە قـووڵی دژی هەر جـۆرە هەڵاواردنێکە. دژایەتیکردنی ئاپارتایدی سێکسی و هەر جۆرە هەڵاواردنێکی ئایینی بەرانبەر بە ژنان سیمایەکی تـایبەتی بەم شۆڕشە بەخشیوە کە ئەمە چ لەسەر ئاستی سیاسی و چ لە بـواری ئایدیۆلۆژیـدا، دەبێـتە دەستپێشخەری ڕێنێسانسێکی دیکە لە جیهاندا.

داواکارییەکانی شۆڕشی ئێران ڕۆژانە بە وردتر و ڕوونتر لە دروشمی شەقامەکاندا ڕادەگەیەنرێن و بەرەو پێشەوە دەچن. شـەقام شـوێنی داواکارییەکـانە. هەم ئەمڕۆ و هەم سبەی. بە پێـی ئـازایەتیی گەل لە سێ مـانگی ڕابـردوودا، ئـازایەتی فەزیلەتی نوێی ئەم شۆڕشەیە.

پرسی لەسێدارەدانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و حوکمی تـاوانکاریی ڕژێم، جارێکی دیکە نـاڕەزایەتیی بەرفراوانی لە ئێران و دەرەوەی وڵات بەدوای خۆیدا هێنا و شەپۆلێکی بەرفراوانی دژایەتیی هێنایە ئاراوە.

شۆڕش خۆی کەلتوور و گوتـاری سیاسیی نـوێ بەسەر کـۆمەڵگەدا بەگشتی و ئۆرگـانی دەسەڵاتدار بەتـایبەتی دەسەپێنێت. شیکردنەوەی ڕەفتـاری سیاسی و دەروونناسی، دیـاریکردنی ڕەوایەتـی هەڵوێست و لێکدانەوەکانی کەسانی جیـاواز و ڕەوتی سیاسـی، دووری و نزیکـی لە دەسـتە و دەسـەڵاتی دەسـەڵاتدار، سـوود و زیـانی مانۆڕەکـان. تاکتیـک و زۆرێـک لە ڕووداوە سیاسییەکان تەنیا لە ڕوانگە و گۆشەنیگای پێشکەوتنی شۆڕشـەوە دەتـوانرێ لەبەرچـاو بگیـرێن و دەتـوانێ بەرەو سەرکەوتن ڕێگاکان بکرێتەوە.

ڕووخـانی حکـوومەت تەنیـا لەبەر ئەوە نییە کە ئـابوورییەکەی کـار ناکـات، یـان هەژاری و نەهـامەتی بەسـەر خەڵکـدا سەپاندووە، یان تەنانەت لەبەر ئەوەی دز و تاڵانچییە. شۆڕش لە هەلومەرجی کۆمەڵگەیەکی ئاگادار و مافخواز پێکهـاتووە. کۆمەڵگـایەک کە هۆکـاری هەژاری و نەهـامەتی بناسێت و نەهـامەتیی ئـابووری بخـاتە ئەسـتۆی خـۆی، بە حەق ئامـانجی هێرشەکەیە. کەسانێک کە دەزانن چییان ناوێت و چییان دەوێت، دێنە گۆڕەپانەکە و هێز کۆ دەکەنەوە و شـەقامی ژێرپێیـان دەکەنە دیمەنێکی شەڕی تەواو لەگەڵ حکوومەت.

ئەوەی ئەمڕۆ لـە ئێرانـدا دەبینرێت و هەموو جیهـان چـاوی لـێ دەکـات، شۆڕشێکە بـۆ ژیـان و کەرامەتـی مرۆڤ. کـاتی ئەوە هاتووە هەموو  کاری ئەم حکوومەتە بە یەکەوە لەگەڵ گەنجانی سەرتـاسەری ئێران تەواو بکەن کە چەند مانگێکە لە شەڕی شەقامدان دژی ڕژێم. هاوپەیمانییەکی فراوانتر و هێزێکی مەیدانی ژمارەیەکی زۆرتر وا دەکات ئەم دەسەڵاتە کار بکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشی ئێران هەموو هەلومەرجە شۆڕشگێڕییەکانی بۆ ڕووخاندنی حکوومەتێکی دژەگەل کۆ کردۆتەوە. هەژاری و نەهامەتیی ئابووری، لەگەڵ مافیای ئابووری، هاوکات لەگەڵ گۆشەگیریی جیهانی لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە دوژمنایەتی و ململانێی بنەڕەتی لەگەڵ هەموو بەها مرۆییەکانی کۆمەڵگە، یەکێک لە دواکەوتووترین بیروباوەڕی ئایینی - ئیسلامی لە جیهاندا، هاوچەرخ لەگەڵ ژیانی ئەو خەڵکەی کە دەیانەوێت بەشێک بن لە شارستانییەتی مرۆیی و مۆدێرن لە جیهانی ئەمڕۆدا، زەمینەی سیاسی-فەرهەنگی و ئابووریی بۆ ئەم شۆڕشە دابین کردووە. کۆماری ئیسلامی لە گێژەڵووکەی ئەو هەلومەرجانەدا گیری خواردووە و هیچ ڕێگایەکی دیکەی نییە جگە لە ڕووخاندنی لە بەرامبەر شۆڕشی گەلدا.

کاتێک فرەچەشنیی خاڵە لاوازەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆ بکرێنەوە، ئەوکات دەگەینە دیاردەیەکی تاک و تێکەڵاو کە پێی دەوترێت بێتوانایی کۆماری ئیسلامی لە مانەوە. دارمانی ئابووری، بەشێکی زۆری کەسانی ناوخۆیی و موڵکەکان دوورکەوتنەوە لەم دەسەڵاتە، ناڕەزایەتیی بەردەوام و بێ پچڕانی شەقامەکان. ڕووت بوون وەک دیاردەیەکی ڕۆتینی کۆمەڵایەتی. بەرفراوانبوونی مانگرتنەکان و هەروەها مانگرتنی بەردەوامی سیاسی و دیپلۆماسی لە دەرەوەی ئێران زنجیرەیەک ڕووداون کە دەتوانن مەلەفی هەر حکوومەتێک دابخەن.

کۆکردنەوەی داتای سیاسی لە ئێران، سەرکەوتنی لە هەموو کاتێک نزیکتر کردووەتەوە. بێ گومان دەسەڵاتی شەقام لە پاڵ مانگرتنی سیاسیدا، ڕوخانی خێراتر دەکات. پێشەوە بۆ تێکەڵکردنی ناڕەزایەتی شەقام و مانگرتنی سیاسی بۆ ڕزگاربوون لە حکومەتی گەندەڵ و تاوانکاری کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ٥ی جانیۆری ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# میوە چینەکان و شۆڕشی: ژن،ژیان،ئازادی




**سایتی پەیام**

شۆڕشی ئێران لە چوارەمین مانگی بەردەوامی خۆیدا خەڵکی زیاتر ئاگاداری هێزی یەکێتی و خەباتی خۆی لەدژی کۆماری ئیسلامی کردوە. تێکشکاندنی دیواری وەحشەتی حکومەت و هاتنە مەیدانی ژنان و لاوان لەگۆشە و کەناری وڵات، ڕوخانی کۆماری ئیسلامی لە بابەتێکی سیاسی و ئارەزویەکی ئینسانیەوە کردۆتە حەرەکەتێکی هەنوکەیی و مومکینی کۆمەڵایەتی.

خەڵکلەهاوپشتیوخەباتیخۆیانهێزوڕۆحیەیانوەرگرتووەوڕێزیحاکمیەتیانتوشیراڕایی،هەڵوەرینوناکاراییکرد. کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هێنانەمەیدانی سەرجەم هێزە سەرکوتگەرەکانی توانایی خامۆشکردنی ناڕەزایەتی و مانگرتنەکانی لەدەست داوە. گۆڕانی هاوسەنگی هێزی نێوان خەڵک و حکومەت و بەتایبەت ئەگەری ڕوخانی کۆماری ئیسلامی، بەشە جۆراجۆرەکانی کۆمەڵگای کێشایە مەیدانی دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. وەرزشوانان، ڕۆژنامەنووسان، هونەرمەندان و کەسایەتی و سیما ناسراوەکانی بە پەیوەستکردن بە ڕیزی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکەوە، شۆڕشەکەی بەهێزتر کرد.

لەم نێوانەدا بەشێک لە ئوپوزسیۆن بە سەرمایەگوزاریەکی بەرین کە لە بواری ڕاگەیێنەرە فارسی زمانەکانی دەرەوەی وڵاتدا کردویەتی، هەوڵەکانی بۆ موهەندیسی کردنی ڕای گشتی لە نێوخۆی وڵاتدا دەست پێکردوە. سەڵتەنەت تەڵەبەکان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەتایبەت بە خستنەبەرەوەی چەند هونەرمەند، رۆژنامەوان، وەرزشوان و بەکارهێنانی تایبەتی ژمارەیەک ڕەسانەی فارسی زمان هەڵەیەکی بێ ناوەرۆکیان وەڕیخستوە، شورای گوزاری خۆیان دروست دەکەن، سەرۆک کۆماری خودخاندە و وەزیری و وەکیل دیاری دەکەن و بە خەیاڵی خاوەی خۆیان زیندوکردنەوەی سەڵتەنەتێک کە بە شۆڕشی جەماوەری ڕوخاوە لە مێشکیاندا دەبوژێننەوە. ئەگەر لەماوەی سەدەی ڕابردودا ئیستبدادی دو ڕژیمی پەهلەوی و ئیسلامی گەورە ترین کۆسپیان خستە سەر ڕێی دروست کردن و چالاکیی ئەحزاب و تەشکیلاتە سیاسیەکان لەئێران و سیاسەتی کوشتوبڕی ئەم حێزبانەیان پەیڕەو کرد. ئێستا ئەمانە تەنانەت بەر لە بە دەسەڵات گەیشتنیان بە پەیڕەوی کردن لە پێشینیانیان، لە هەوڵی سڕینەوەی حیزبایەتیدان. ئەوان بە یارمەتی ئەو ڕاگەیاندنانەی کە لەبەر دەستیاندایە و بە بومبارانی تەبلیغاتی لە دەرەوەی وڵات، هەوڵ ئەدەن تا بەر لەوەی کە ئەم شۆڕشە قوڵتر بێتەوە، بە خەیاڵی خۆیان ئاڕاستەکەی بگۆڕن.

لەم رۆژانەدا دەبینین کە، بەشێک لەباڵی ڕاست کەخۆیان خاوەنی هیچ حیزبێکی ناسراو و کاریگەر نین لە کۆمەڵدا، بە بۆمبارانی خەبەری و بە بەکارهێنانی ئاڵۆزترین شێوەکانی پێوەندی، هەوڵ ئەدەن تا خەڵک لەلایەک و دەسەڵاتە رۆژئاواییەکان لە لایەکی دیکەوە قانع بکەن کە ڕوخانی ڕژیم موهەندیسی کراو و بە بەرنامەوە بەرەو پێش دەچێت. کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی دەڕوخێت و ئەم بەرێزانە گۆیا بە سڵاو و سڵاوات دەبنە جێگرەوەی. بەڵام کاری ئەوان تا بڵێی ساویلکانە، ناجیدی و بێ ئاکام دەبێت.

بە چەند تویت لەکاتژمێر ١٢ی شەو لەکتوپڕدا ئیئتیلافێک ڕادەگەیەندرێت کە خۆشیان لەبیریان دەچێت هێندێک لە هاوپەیمانانی دڵسۆزی خۆشیان خەبەردار بکەن تا تێبینیەکانیان واردی تویتی ئیئتیلافەکەیان بکەن. وەهاپێکهاتەیەک بەم چەشن و شیوازە کەلەدەرەوەی وڵات پێکدێت، قەرارە ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئێستا لەئێران بگرێتە ئەستۆ، ئایا سیناریۆیەک لەمە خەیاڵبافانەتر بەزەین دادێت؟

خەڵکی ئێران لەشۆڕشی مەشروتەوە تا بەمڕۆ بۆ ئازادیە سیاسیەکان، بۆ دەستەبەرکردنی مافی تەشەکول و ئەحزاب و ناوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەبات دەکەن و ئێستا ئیئتیلافێکی درۆینە لە دوای زیاتر لە سەد ساڵ و ئەویش لە ئوروپا، دەور و نەخشی ئەحزابی سیاسی لە دیاریکردنی چارەنووسی داهاتوی خەڵکی ئێراندا ڕەد دەکەنەوە.

بێگومان ئەم جۆرە گاڵتەجاڕیە سیاسیانە هیچ شتێک بێجگە لە شکست و ناکامی بە شوێنیەوە نابێت. ژنان و پیاوانی خەباتکار لەکوردستان و بەلوچستان، لە ناوەندە کرێکاریەکان و لە زانکۆ، لە کۆڵان و شەقامەکان کە شکۆدارترین خەباتی یەکسەدەی ڕابردوی خۆیان لە ژێر دروشمی "ژن. ژیان. ئازادی" دا تێدا پێکهێناوە و ڕێبەریان کردوە، ئیجازە بە دەڵاڵە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سیاسیەکانی ڕاستی ئوپوزسیۆن نادەن، بە سواری شەپۆلی شۆڕشەوە ئاڕاستەی ئازادی خوازانە و ڕزگاریبەخشی بگۆڕن. خەڵک ئیجازە نادەن دوای ڕوخانی کۆماری ئیسلامی سیاسەت و کارەساتی هەردوو نیزامی سەڵتەنەتی و ئیسلامیتێکرار ببنەوە.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٥ی جانیۆیری ٢٠٢٣

---

## دایەنە دڵسۆزترەکان لەدایک

(لە پەراوێزی بەشداریی سەرکردەکان لە ساڵیادی قاسم سولەیمانیدا)



**هەردی مەهدی**

پیاهەڵدانی سەرکردە سیاسییەکان بۆ ئێران و بەشدارییان لە بۆنەکانیدا، لەسەر خاکی هەرێم، بووەتە موجامەلەیەکی سیاسیی دوولایەنە هیچ لایەکیان باوەڕی بەوی دیکە نییە، بەڵام هەر ئەنجامی دەدەن، چونکە هونەرێکی ناوێت و هەمانکات هونەری پەیداکردنی کورسی و پۆست و وەزیری و پێگەسازییە !

حساباتی «حیزبە کوردستانییەکان» لە دوورەوە لە موجامەلەکردنی ئێراندا هەڵەیە و بۆ بەرژەوەندیی کورتمەودا و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کورسیی دابینکردن و تەزویری هەڵبژاردن ڕێگەی هەڵدێر و خواربوونەوە هەڵدەبژێرن، خۆیان دەخەنە نێو هاوکێشە پرۆئێرانییەکەوە:

**یەکەم**: هەژموونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان زۆر لا گەورەکراوە و لە ڕیتۆریکێکدا هێندەیان دووبارە کردۆتەوە خۆشیان باوەڕیان پێهێناوە، لە کەمترین هەنگاودا ستراتیژێکی یەکگرتوو و هاوپەیمانێتییەک لەسەر بنەمای تەنانەت بەرژەوەندیی خۆشیان نەک کوردستان پێکبهێنن، دەتوانن زۆر زیاتر بە ئێران بکەن لە کاتێکدا ساڵانێکە تەنها ئێران بە ئەمان دەکات.

**دووەم**: لەم دۆخەدا بەداخەوە هێزە کوردستانییەکان لە بری بیرکردنەوە لە ئایندەی نێوچەکە و دیموکراتیزەکردنی ئێران و مافی نەتەوەیی و بگرە دینی خەڵکی کوردستان و پاشتیوانی لانیکەمی ڕۆژهەڵات، لە نێوان شەقامی ئێرانی ناڕازیی و مافیحور و دەسەڵاتی ئیستیبدادی دابڕاو لە کۆمەڵگەکەی خۆی، ئەوەی دووەم هەڵدەبژێرن، لەکاتێکدا کۆتاییەکەی دیارە و ئەم هێزانە لە کورتترین پێناسەدا لەگەڵ ئامانج و دروشمیاندا درۆ لەگەڵ جەماوەرەکەیاندا دەکەن!

پشتکردنە خەڵک و پشتیوانی دەسەڵاتی ئێران بۆ ئیسلامییەکانیش ڕێک وەک ئەوەیە لە نێوان ئیخوان و خەڵکی میسری چەوساوەدا تۆ بچی لایەنگری ناسر بکەیت و لە پرسەی حوسنی موبارەک و سیسیدا دوو ڕۆژ بەپێوە بووەستیت!

لە ئێراندا و بگرە لە شارەکانی ئێراقیشدا بە ڕێژەیی پەیکەر و بیلبۆردی # قاسم - سولەیمانی نەما نەسووتێنرێت، بەڵام لێرە تازە پرسەکەی گەرم دەکەن!

بە گشتیش هێزە پرۆ ئێرانییە کوردییەکان یان ئەوانەی دەیانەوێ ببنە پرۆئێرانی! کورتبینیشین لە بینینی ئاسۆی پەیوەندییە کوردستانییەکاندا، چونکە لە داهاتوودا کاتێ کۆمەڵە و دیموکرات بۆ نموونە گەڕانەوە ڕۆژهەڵات هەژموونی هێزێکی وەک دیموکرات (ئەگەر تەنها سەدا سیی هەوادارێشی هەبێت)دوو هێندەی پارتی دیموکرات و یەکێتیی نیشتمانی و پێنج هێندەی یەکگرتوو دەبێت، ئاخر #ڕۆژهەڵاتی - کوردستان دە ملیۆنە خۆ ئەمە دەزانن!

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی بیژەن قارەمانی – ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کاتێک شۆڕەیی دەمانئووسێتەوە



**جەعفەر عەلی**

وەزیفەی ڕەخنە ئەوە نییە تا بەرانبەرەکەت بکەی بە باشترین، چونکە زۆرجار خودی ئەم چاوەڕوانییە نە تەنیا بۆ باشترین، بەڵکو بۆ باشبوونیش لەسەر وەهم بونیادنراوە. هەندێجار ڕەخنە بۆ ئەوەیە، تۆ دەزانیت کارێک، جوڵەیەک بە بەرچاوتەوە دەکرێت و هەڵەیە، بێڕێزییە بە کەرامەتی ئینسان، بوونی مرۆیی و نەتەوەییت، لێرەدا ڕەخنە بۆ زەقکردنەوەی ئەو هەڵەیە و ڕاڤەکردنی بزوێنەرەکانییەتی.

ڕەنگە دوو مرۆڤی ئاقڵ نەدۆزیتەوە گومان لە ستەمکاری دەسەڵاتی سیاسی ئێران بکەن. هەر وەک چۆن لەوانەیە هیچ دوو مرۆڤێکی کەمێک مرۆڤبوونیان تێدابێت لەم جیهانەدا نەدۆزیتەوە، گومان لەوە بکەن ئەوەی لە تاران بڕیار دەدات، دیکتاتۆریەتێکی سیاسی- دینییە.

ئێران دەسەڵاتێکی سیاسی - دینی دڕندە و زیانبەخشە، زیادتر لە چل ساڵە ناوەوە و دەوروبەری خۆی بەرەو گێژاوێکی تاریک و پڕ کێشە بردووە. چل ساڵە ئاخوندەکانی سیاسەت لە تاران مەرگ دەچێنن، جوانی دەکوژن، ئازادی ئینسان و شکۆی مرۆڤ وردوخاش دەکەن. چل ساڵە ئەوەی لە سەری پڕ لە ئاشوبی خومەینی و خامنەئیدایە، دەبێ بە یاسای پیرۆز و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆی سیستەم، ژیان، جوڵە و ئازادی شەخسی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی پێڕەنگ دەکرێت. چل ساڵە لەم جوگرافیای ستەمەدا شەڕ لەگەڵ ڕوناکی و ژیان و کرانەوەدا دەکرێت، زمان، هونەر، وەرزش، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کولتور دەخرێنە ناو بازنەی پیرۆزییەکانی عەمامە بەسەرەکانی تاران و لە خولگەی چاکە و خراپەی عەبا ڕەشەکانی مەزهەبدا هێڵی سووری ئەمر و نەهی ئایەتوڵڵاکانی ستەمی بە ژێردا دەهێنرێت.

هەموو مرۆڤێکی ئاسایی و تەندروست دەبێ ئەوکاتەی سەیری ئێران و دیمەنەکانی دەسەڵات لەم وڵاتە دەکات، تەواوی جەستەی بلەرزێت. هەر کاتێکیش مرۆڤ ئەگەر کەمێکیش هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبێت، کاتێک دیمەنی یادکردنەوەی فەرماندەی فەیلەقی قودسی ئێران، قاسم سلێمانی لە شارە جیاوازەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان، یان بە بەرچاوی مێژووی پڕ لە شکۆی قەڵاوە نمایشی پۆلێک گەنج بە هێمای ستەمی مێژوویی ئەتاتورک و گورگەبۆرەکانەوە دەبینێت، دەبێت بە پارێز و گومانێکی قوڵەوە بۆ داهاتووی عیراق و هەرێمی کوردستانیش بڕوانێت.

من لە ماناکانی پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسی و فاکتەرە کاریگەرەکان بۆ سەر ئەو پەیوەندییانەش تێدەگەم، بەڵام ئەم شەرم و شورەییە مێژووییەی بەم قەبارە سیاسی و میدیاییەی بۆ پیرۆزکردن و نەمری ئەو فەرماندەیەی سوپای پاسداران ئەنجامدرا، هیچ مانا و پاساوێک هەڵناگرێت. ئاغای سلێمانی هەرچی بووبێت، ناتوانرێ لەو ستەم و بێڕێزی و پەلاماردانە مێژووییەی ناوەندی دەسەڵات لە تاران بۆ سەر ئازادی و کەرامەتی کۆمەڵگەی ئێرانی بەگشتی و کورد بەتایبەتی خاڵی بکرێتەوە. هیچ یادێک، هیچ قەبارەیەکی ئامادەیی سیاسی لە هۆڵەکانی ماتەمی، ستایشی هیچ حیزب و سەرکردەیەکی سیاسی ناتوانێت ڕووبەرەکانی ستەمی فەرماندەیەکی ناو دەسەڵاتێکی ستەمکار و شمولی، دەرهەق بە گەلانی ئازادیخوازی ئێران و گەلی کورد، بچووک و کاڵ بکاتەوە.

هەموو ئەوانەی گەندەڵی و لادانی کەسێک، حیزبێکی سیاسی دیاریکراو دەبینن، بەڵام لە ئاست ناو ماڵەکەی خۆیاندا چاو دادەخەن، مرۆڤی ترسناکن، مرۆڤگەلێکن جگە لە ژیان لە ناو پارادۆکسێکی مێژوویی، هەڵگری خەونێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی نین. ئەوانەش کە خۆیان وەک مرۆڤی ئازادیخواز نمایش دەکەن و کۆڕی یاد و ماتەمی دژ بە ئازادی و شکاندنی کەرامەتی ئینسان گەرم دەکەن، دەیان فرسەخ لە ئازادی و بەهای مرۆڤی ئازاد و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بە ئیرادە و ئازادەوە دوورن. ناسنامەی گەورەیی هیچ دیکتاتۆر و دەسەڵاتێک لە مێژوودا بە تەنیا لە ناوەوەی خۆیەوە نەهاتووە، بەڵکو لە بچووکی و گرگنی ئەوانیدیکەی دەرەوەی دەسەڵاتەوە وەرگیراوە. نەمری و پیرۆزی هەر دیکتاتۆر و دەسەڵاتێک پابەندی گەمژەیی و بچووکی ئەوانیدی دەرەوەی خۆیەتی. گەمژەیی دووروبەر ڕاستەوخۆ دەبێتە هەوڵدان بۆ دروستکردنی شوناسی نەمری و پیرۆزی بۆ فیگەرێک، واتە تاقانەکردنەوەی کارەکتەرێک لە پیرۆزی و نەمری مێژوویدا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێمە دەزانین، ئێران و تەواوی دەسەڵاتەکانی هاوشێوەی ئێران، لەگەڵ بوونی مرۆڤی ئازاد و بیرکەرەوە، لەگەڵ ئەخلاق و مێژووی ئازادیدا ناکۆکن. ئەوان حەزیان بە سەری نزم و ملی کەچ و چەمانەوەیە، دڵخۆشن بە بچووکبوونەوە و زەلیلکردن. لە دەرەوەی فیگەری باڵادا، کە خودی بڕیار بەدەستی دەوڵەت و کۆمەڵگەیە، نموونەیەکی دیکەی باڵا بوونی نییە، هەموان لەبەردەمی باڵایی ئەودا دەبێ بچووک و نزم و زەلیل بن. ڕەنگە نێگەتیڤترین وێنەی ناو کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بریتی بێت لەوەی مرۆڤەکانی دەرەوەی دەسەڵات و بڕیاری سیاسی، دەرفەت و زەمینە بۆ ئەم پەلاماردانە بۆ سەر بوون و کەرامەتیان بڕەخسێنن، ئاسانکاری بۆ ڕووشاندنی شکۆ و تێکشکاندنی کەسایەتییان بکەن. لە ئێستادا ڕووبەرەکانی ئەم چەمانەوەیە بە ڕوونی لە ناو حیزب و سیاسییەکانی دەوڵەتانی دەوروبەری ئێراندا دەبینرێت. ئێستا سیاسی و حیزبەکانی کورد لە باشور لە ستایش و پیرۆزکردنی قاسم سلێمانیدا پێشبڕکێی شیعەکانی سەر بە ئێران لە عیراق، حوسییەکانی یەمەن و حیزبوڵڵای لوبنانی دەکەن. هەموو ئەوانەش لە کاتێکدا دەکرێت، کە ڕۆژانە بە بەرچاوی هەموویانەوە خوێنی گەنج و ژن و منداڵی کورد بە دەستی ئاخوندەکانی تاران و ستەمی ئیمام و ئایەتوڵڵاکانی سیاسەت لە ئێران دەڕژێنرێت.

**عەبدوڵڵا قەسیمی دەڵێت**: "دیکتاتۆر عاشق بە شەرمی مێژووە، نەخۆشی دیکتاتۆرەکان، چەندیش بچووک بن، ئەوەیە دەیانەوێت ببنە پزیشکی جیهانی بۆ مێژوو". شەرم لە مێژوودا هەر ئەوە نییە تۆ لە جەنگ، یان لە بەرانبەر دوژمن و نەیارەکەتدا شکست بخۆیت، بەڵکو شەرم ئەوەیە کاتێک ستەمکارێکی مێژوویی گەورە، دەسەڵاتێکی تۆتالیتار و چنگ بە خوێن، کۆی بەها ئینسانییەکانت پێشێل دەکات، ئازادیت لە بازنەی موقەدەسێکدا لە مەنگەنەی دینی دەدات، زمان و کولتور و بوونی نەتەوەییت سانسۆر و قەدەغە دەکات، ژیانی کۆڵبەریش بە گەنجانی نیشتیمانەکەت ڕەوا نابینێت و بە فیشەکی ستەمکاری جەستەی ماندوویان خەڵتانی خوێن دەکات، نزیک بە چوار مانگە لە سەرانسەری جوگرافیای دەسەڵاتیدا، دەنگی ئازادی و مرۆڤبوون سەرکوت و ئازادیخوازانیش ڕاپێچی زیندان و ڕووبەڕووی مەرگ دەکاتەوە. لەم سیاقە سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا، لەم دۆخی خوێن و ستەمەدا، تۆ دێیت نە تەنیا کۆڕی یاد و ماتەمی بۆ ستەمکارێکی ناو ئەو مێژووەی کۆماری پەت و سێدارە گەرم دەکەیت، بەڵکو لەبەردەم وێنەی ستەمکاردا، پڕ بە زاری شورەییت زمانی ستایشت بەرز و نزم دەکەیت، ئەگەر ئەوە شورەیی مێژوو نەبێت، ئەی دەبێت شورەیی چی بێت؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٦ی جانیوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧٢٢ی کوردی = جانیوێری ٢٠٢٣ی زایینی**






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com